# WARVIN.ORG



مادده هۆشبەرەکان مەترسی داهاتووی کوردستان


سەرۆکی هاکپار بۆ وارڤین: ئەگەر کورد 10 جار چەوسابێتەوە ژنی کورد 20 جار 14

قەرەجەکان لەسواڵکردن پاشگەزبوونەتەوە 23

شاراپۆڤا سەرنجڕاکێشترینی جیهانە 30

کلامیدیا ئەو نەخۆشییەی بۆ ژن مەترسیدارە 40

ئەمەل مەسلوسی بۆ وارڤین: دەنگم بۆ دەربڕینی کێشەکانی جیهان بەکار دێنم 50



**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**راوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**هونەری:** رۆشنە عومەر roshnawarvin@yahoo.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

**بەڕێوەبەری کارگێری**

رێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**Designed by** - Wshyar Muhammad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com

دەلاقەیەک بـ



## سۆران:
# چەکداران ژنێکیان دایە بەردەستدرێژی گوللەو کوشتیان

وارڤین — سۆران: ژنێک لەلایەن چەند کەسێکەوە کە چەکیان پێبوو درایەبەر دەستدرێژی گوللەو دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

ئەم رووداوە لەشارەدێی دیانای سەر بەقەزای سۆران روویداو تائێستاش هۆکاری کوشتنی ئەو ژنە دیار نییە. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەنەخۆشخانەی گشتی سۆران بەوارڤینی راگەیاند:»کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی دوێنێ ژنێک بەناوی شالاو محەمەد ٣٧ ساڵان لە شارەدێی دیانا کە دەکەوێتە سەنتەری قەزای سۆران بەهۆکارێکی نادیار درایەبەر دەستدرێژی گوللەو دەستبەجێ گیانی لەدەست دا».

بەپێی زانیارییەکان تائێستا هۆکاری کوشتنی شالاو دیار نییەو بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر تەرمەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی دادپزیشکی هەولێر کراوە. هەروەها پۆلیس لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەبارەی کوشتنی شالاوەوە دەست پێ کردووە.



# بەهۆی کێشەی خێزانی ژنێک خۆی دەسووتێنێت

وارڤین — تایبەت: ژنێکی بەتەمەن دەبەیەک بەنزینی بەخۆیدا رشت و ئاگری لە جەستەی بەرداو پاش ماوەیەکی کورت گیانی لەدەستدا. سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٠١٠-٦-١١ لە ناحیەی تازە ژنێکی تەمەن ٤٠ ساڵان بەناوی (ە.م) خۆی سووتاند. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەبنەماڵەی (ە.م) لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند کە (ە.م) بەردەوام لەگەڵ ماڵی خەزووریدا کێشەی هەبووەو زۆربەی کێشەکانیش لەلایەن بنەماڵەی خەزوورییەوە بۆی دروستکراون. ئەو سەرچاوەیە گوتی:»ئەمڕۆ (ە.م) لەکاتێکدا بەنزینی بەخۆیدا رشت و ئاگری لەخۆی بەردا کە ماڵی خەزووریشی لەماڵیان بوون و دەمەقاڵێیەکی زۆر لەنێوانیاندا روویدا، بۆیە ئەو پەنای بۆ خۆسووتاندن برد. کەس لەبنەماڵەی ئامادەنەبوو دەستی بگرێت و نەهێڵێت ئاگربەرداتەخۆی». بەهۆی ئەو ئاگرەوە ١٠٠٪ جەستەی (ە.م) سووتاوە.



www.netewe.com




## موسڵ: چەکدارانی نەناسراو دوو ژنیان کوشت

وارڤین – موسڵ: لەدوو ناوچەی جیاوازی شاری موسڵ چەند چەکدارێک دوو ژنیان دایەبەر دەستڕێژی گوللەو کۆتاییان بە ژیانیان هێنا. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی موسڵ بە وارڤینی ڕاگەیاند کە سەرلەبەیانی شەممەی ڕابـردوو لە گەڕەکی ئینتیساری شاری موسڵ چەند چەکدارێکی نەناسراو دەستڕێیان کردەسەر ماڵێک و لەئەنجامدا ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵانیان کوشت. ئەو سەرچاوەیەی پۆلیس هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دوێنیش لەخۆرئاوای شاری موسڵ چەندچەکدارێکی نەناسراو هێرشیان کردووەتە سەر ژنێکی ١٨ ساڵان و کوشتوویانە. پۆلیس موسڵ دەڵێت پێدەچێت قاعیدەو گرووپە ئیسلامییەکان لە پشت ئەو هێرشانەوە بن.




## لە فیلمدا ئامادەیە کوڕان ماچ بکات

وارڤین – هەولێر: ئەکتەری کۆمیدی دڵسۆز ماوەتی ئامادەیە لەنێو فیلم و دراماکاندا کوڕ ماچ بکات، ئەگەر دەرهێنەرێک ئەو ڕۆڵەی پێبدات. ئەکتەری کۆمیدی دلسۆز ماوەتی بەوارڤینی ڕاگەیاند هەندێک لەدەرهێنەران بەقەڵەو ناوی دەبەن و کاری نواندنی پێنادەن، بۆیە پەنای بردووەتە بەرکاری کۆمیدی و دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بەئارەزووەکانی بگات. ئەو ئەکتەرەی کۆمیدی ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئامادەیە لە نێو فیلمەکاندا ئەگەر بەشداری پێبکەن، کوڕ ماچ بکات و ئەو نەریتە بشکێنێت کە لەنێو درامای کوردیدا بووەتە بەربەست لەبەردەم خۆشەویستی کوڕو کچدا.



www.netewe.com



پەخشان زەنگەنە  کوردستان- هەولێر- ٢٠١٠

# بە وشەی خانم پەست دەبم

# پەخشان زەنگەنە: لەبارەی ئەنجوومەنی خانمانەوە لێم مەپرسن

هەولێر

کەسایەتی سیاسی و چالاکوانی بواری ژنان پەخشان زەنگەنە، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دەڵێ کە ئەو لەسەر داوای هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێم بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای خانمان دەستنیشانکراوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٦ مانگ لەبڕیاری دروستبوونی ئەو ئەنجوومەنە، تائێستا هیچ دیار نییە.

چالاکوانی بواری ژنان و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان پەخشان زەنگەنە، لەتەمەنی ١٥ساڵییەوە، پەیوەندی بەرێکخستنەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە، لەنێو شار و خەباتی پێشمەرگایەتی شاخدا بەشداربووە. بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە، نەیتوانیووە ماوەی ٧ساڵ، کچەکەی خۆی ببینێت. پەخشان، یەکێک لەو ژنانەیە کەلە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی و دارِشتنی پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا رۆڵی سەرەکی هەبووە. پەخشان، کەسایەتییەکی سیاسییەو لەزۆر کاردا جێی متمانەی حزبەکانی تریشەو راوێژی پێدەکرێت. دوای ئەوەی لەپێکهێنانی کابینەی ٦ـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تەنیا یەک وەزیری



www.netewe.com

ژن دانرا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.بەرهەم ساڵح، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای خانمانی دا، تا لەو ڕێگەیەوە کەمی ڕێژەی ژن لەنێو کابینەی ٦.ی حکوومەتدا قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٦مانگ لەو بڕیارە تائێستا پێکهاتنی ئەو ئەنجوومەنە نەچووەتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەگەرچی زەنگەنە، بۆ پۆستی ئەمینداری ئەو ئەنجوومەنە دەستنیشانکراوە، بەڵام بەپێی زانیاری وارڤین، بەهۆی ململانێی بەهێزی نێوان، هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی ژنان و ئافرەتان، پێکهاتنی ئەو ئەنجوومەنە دواکەوتووە. هەروەها بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار بەرپرسانی یەکێتی ژنانی کوردستان، لەپێشنیارکردنی پەخشان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە ناڕازین. پەخشان زەنگەنە، لەوبارەیەوە دەڵـێ ((ئـەوەنـدەی من ئاگادار بم هیچ لایەنێک لاری نـەبـووە. بەفەرمی لەلایەن د.بەرهەم ساڵح، بۆ ئەو پۆستە قسەم لەگەڵ کراوە. ئەگەر پێمبڵێن، بۆ بەڕێوەبردنی ئەوکارە گومانمان لەتوانای تۆ هەیە، ئەگەر بڕوام بەو هەڵسەنگاندنەش نەبێت، ئـەوا لەئێستەوە ئەو پۆستە وەرناگرم. بەڵام ئەگەر هۆکارەکە ئەوەبێت کە سەر بەحزبێکی دەسەڵاتدار نەبیت، ئەوە بۆ هەموو کۆمەڵگا کارەساتە)). ئەگەرچی پەخشان، لەبارەی دواکەوتنی ئەنجوومەنی خانمانەوە دەنگۆی زۆری بیستووە، بەڵام ئەو هیواداره ئەو دەنگۆیانە وادەرنـەچـن، چونکە وەک ئاماژەیدا ئەو پشت بەقسەی فەرمی دەبەستێت و پێیوایە، بەهۆی هەڵبژاردن و بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە کاری ئەنجوومەنەکە دواکەوتووە ((هەمیشە پرسی ژن دەبێتە قوربانی ململانی سیاسییەکان. پرسی ژن لە ئەولەویەت نییە، پرسی ژن، هەمیشە سانەوییە)). هەندێ بۆچوون ئاماژە بەوەدەکەن کە ناکرێت پرسی ژن تێکەڵی سیاسەت بکرێت، چونکە دوو هاوکێشەی جیاوازن، بەڵام پەخشان، ئەو بۆچوونە بەدروست نازانێت و باس لەوەدەکات کە ئەو کەسەی پرسی ژن، لەسیاسەت جیادەکاتەوە، کورتبینە. ئەوەش دەخاتەڕوو، ئەگەر نیوەی دانیشتووانی وڵات واتە ژن، لەمافەکانی هاووڵاتیبووندا جیاکارییان لەدژ بکرێت، چۆن باس لەدیموکراسیەت و مەدەنیەت دەکـرێـت؟. پەخشان زەنـگـەنـە، کێشەی ژن لەهەرێمدا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەلە ئاستی باڵادا باوەڕی قووڵ، بەپرسی ژن نییە. هاوکات بەدامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای خانمانیش زۆر گەشبین نییە، ئەگەر بێت و لەلایەن حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پشتگیری تەواوی لێنەکرێت. وەک گوتی، کارکردن بۆ پرسی ژن بەبەشێکی سەرەکی کارەکانی خۆی دەزانێت، هەرچەندە ئەو ئەنجوومەنە وەک، خواستی ئەو نەبوو، بەڵام لەسەر وەرگرتنی ئەو ئەرکە ڕەزامەند بووە ((من مەبدەئییەن رازی بووم)) بەڵام دوای ئەو داواکارییەی کە لەلایەن سەرۆکی حکوومەتەوە لێیکراوە، تائێستا قسەی لەگەڵ نەکراوەتەوە، تـا ئـەویـش پێشنیارەکانی خـۆی بخاتەڕوو. پەخشان، دەڵـێ، کە لەساڵی ٢٠٠٣ لەبەغدا، لەگەڵ کۆمەڵێک چالاکڤانی بواری مافی مرۆڤ و کاتێکیش کە ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی ڕەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێم بووە، داوای دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی باڵای سەربەخۆی بۆ کاری ژنان کـردووە کە سەر بە پەرلەمان بێت. پەخشان، دووپاتیدەکاتەوە ((ئەگەر ئەو داوایە وەک ئەرک بێت، کێو بێت دەیخەمە سەرشانم، بـەڵام وەک ئیمتیاز نامەوێت)). بەبڕوای ئەو، جـاران پۆست وەرگرتن بۆ خەبات و کارکردن بـوو، بـەڵام بـەداخـەوە ئێستا بووەتە ئیمتیاز، بۆیە بەرهەمی کارەکان زۆر دیار نین و ئەزموون کەڵەکە نابێت. پەخشان، ڕوونیدەکاتەوە کە ڕۆڵی ژن، بەگشتی لاوازکـراوە، ئەمەش بەشێکی بۆ دەسەڵاتی سیاسی و نەبوونی ستراتیژییەکی هەمەلایەن و گشتگیر دەگەڕێنێتەوە ((زۆرجار ژن لەپێگەی بڕیاردایە، بەڵام بڕیاردەر نییە. بۆ نموونە بەبەراوورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر لە کوردستان کەم نین ئەو ژنانەی کە لەناوەندی بڕیاردان، بەڵام نایەڵن کاریگەر بن)). لەگەڵ ڕاگەیاندنی ناوی ئەو ئەنجوومەنەی کە بڕیارە وەک ((قەرەبووکردنەوە))ی ڕێـژەی کەمی ژن، لەریزبەندی دەسەڵاتی سیاسیدا دابنرێت کە ئەنجوومەنی باڵای خانمانە، وشـەی خـانـم، بـووەتـە جێی ڕەخـنـەو تێبینی زۆری ڕۆشنبیران و بەزاراوەیەکی ئەرستۆکراتی وەسفی دەکـەن، لەوبارەیەوە پەخشان زەنگە، ئاشکرایدەکات کە ئەو زوو ڕایگەیاندووە کە لەگەڵ دانانی وشەی خانم، نییە.((بەو پێوەرەی کە لەکوردستان زۆربەی حزبەکان بەدەسەڵاتیشەوە، هەڵگری دروشمی دیموکراسی و مەدەنین، بۆیە بەوناوە پەست دەبم، ئێمە کەسمان خانم، نین)). لەناو زۆربـەی چین و توێژەکاندا وشەی خانم، وەک ڕێزلێنان لەژن بەکاردێت. بۆچوونیشی وایە ئەگەر بەژنە ئەنفالێک بڵێی خانم، پێیناخۆشە، چونکە لەژیانیدا وەک، خانم، نەژیاوە،هەروەها ئەو ژنانەش کە لە ناوچە سنورییەکان لە ژێر هەرەشەو تۆپبارانی ئێراندا ژیان بەسەردەبەن ئەوانیش لە ژیانیاندا خانم نەبوون . ئەوەش ڕووندەکاتەوە، ئەگەر ئەو ناوە بۆ زمانێکیتر وەربگێڕدرێت، ئامانجی دامەزراندنەکەی لەدەستدەدات، بۆ نموونە بەعەرەبی دەبێتە ((مجلس شؤون السيدات)). بڕواشی وایە لەدواکەوتنی پێکهاتنی ئەو ئەنجوومەنە، هەمووان بەرپرسیارن بەتایبەت بۆ ((ئەو کەسانەی خۆیان بەخاوەنی پرسی ژن، دەزانن و دەنگیان لەهەموو کەس بەرزترە، لەو بابەتەدا قسەناکەن؟)). بڕواشی وایە کە ئەو توندوتیژییەی ئەمڕۆ لەکوردستان، ڕووبـەڕووی ژن دەبێتەوە، پێویستی بەکارکردنی جیدی هەیە. زەنگەنە، لەکۆتاییدا تکای ئەوەیکرد کە چیتر لەبارەی ئەو ئەنجوومەنەوە پرسیاری لێ نەکرێت.((بەڕاستی بێزاربووم لە پرسیارێک کە وەڵامەکەی لای من نییە)).

پـەخـشـان، پـێـیـوایـە پـرۆسـەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەبێ بەشداری کـارای ژن بەرەوپێش ناچێت ((پێویستە هەموو تاکێک لەداڕشتنی بڕیارو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەو بڕیارە، بەشدار بێت. پرۆسەیەکی گەشەسەندن و درێژخایەن و بەربڵاوی گشتگیر، بۆ بووژانەوەو بەرەو پێشچوونی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا پێویستە. ئەو پرۆسەیە بەبێ بـەشـداری ژن، ناتەواودەبێت. پێویستە ئەوە بەبەرنامەیەکی دامەزراوەیی ڕێکبخرێـت)). ئەگەرچی پەخشان، لەسەروبەندی قسەکردن لەدامەزراندنی ئەنجوومەنی خانمان، پاڵێوراوی ئەنجوومی نوێنەرانی عێراق بوو، هەندێک کەس ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرت کە ((سیاسەتی ئەم نا، ئەو)) دەکات. بەڵام پەخشان زەنگەنە، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە ((هەرگیز ئەو پرسیارەم لەخۆم نەکردووە کە ئەمە یان ئەوە. ژیانی سیاسی و شەخسیم وەک دەفتەرێکی کراوەیە. ئەوەی وا دەڵێت، با موزایەدە نەکات با بێین بە ڕوون و ئاشکرا کارەکان هەڵسەنگێنین)).

## پڕۆفایل:

پەخشان عەبدوڵڵا زەنگەنە.

١٩٤٧ لەسلێمانی لەدایکبووە.

لەزانکۆی بەغدا کۆلێژی فیزیای تەواوکردووە.

پـەرلـەمـانـتـەری خولی دووهـەمـی پەرلەمانی کوردستان بوو.

www.metewe.com



## هەرێمی کوردستان....

# نزیکەی 5000 هەزار ئالوودەبووی مادده هۆشبەرەکان هەیە

ناوەڕۆکی دۆسیە


ناساندنی مادە هۆشبەرەکان.......................
ناساندنی یاسایی...........................
پێوەری ریزبەندی مادەهۆشبەرەکان..........
پێوەری کۆمەڵەی ئالوودەبوون.............
جۆرەکانی مادە هۆشبەرەکان..............
ئەحکامەکانی مادە هۆشبەرەکان..............
دەروازەی هاتن بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان..
لە ئێرانەوە بۆ نێو خاکی هەرێم..............
لە پارێزگا شیعەنشینەکانی عێراق بۆ هەرێم......
نزیکەی ٥٠٠٠ ئالوودەبوو لەهەرێم هەیە......
دەستبەسەرداگرتن ..........
سووتاندنی مادەهۆشبەرەکان...............
بەکارهێنەری مادەهۆشبەرەکان...............
سوریا.. سەلسیۆن لەبریتی مادەهۆشبەرەکان.....
سزای لەسێدارەدان.......................
ئەنجام.............................
راسپاردە.......................



ئامادەکردنی: وارڤین

فۆتۆ: وارڤین


www.netewe.com

مێژووی سەرهەڵدانی مادە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان، بۆ دوای ساڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە کە بەهۆی کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، بەرووی وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، بەرێگەی قاچاغ لەناوچە سنوورییەکانەوە هێنان و گواستنەوەی ئەو مادانە دزەی کردە نێو خاکی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردستان هێزە ئەمنییەکان لەهەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو باندانەن کە بازرگانی بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەکەن، بەڵام بەهۆی هەناردەکردنی ئەو ماددانە لە ئێران و شارەکانی دیکەی عێراقەوە، هەرێمی کوردستان وەک ناوەندێکی تێپەڕبوونی ئەو ماددانەی لێهاتووە. هەرچەندە بەرپرسە ئەمنییەکانی هەرێم ئەو راستییە دەشارنەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتییانی هەرێم تووشی ئالوودەبوون بەمادەهۆشبەرەکان بووبن، بەڵام چاودێرانی مادە هۆشبەرەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٥٠٠٠ ئالوودەبووی هەیە. لەو دۆسیەیەدا دەستنیشانی دەروازەکانی هاتنی مادە هۆشبەرەکان بۆ هەرێم و هۆکاری هاتن و چۆنیەتی تێپەڕبوون و ژمارەی ئالوودەبووان، لەگەڵ ناساندنی جۆری مادە هۆشبەرەکان و سزاکان و ئەو یاسایانەی کە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی، خراوەتەڕوو. هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی مادەهۆشبەرەکانیش،چەند راسپاردەیەک خراوەتەڕوو.

## ناساندنی مادە هۆشبەرەکان

١_لەڕووی زمانەوانییەوە:

●هۆشبەر(مخدر) بەمانای خاوبوونەوە یان سڕبوونە. واتە کەسی تووشبوو دەستی یان قاچی سڕبووە، یان جوولەی لاوازە.

●هۆشبەر، واتا تاریکی شەو، زیادبوونی سەرما. داپۆشین.

٢- لەڕووی زانستییەوە :

هۆشبەر(مخدر) لەلایەنی زانستی و تەندروستی، مادەیەکی کیمیاییە کە دەبێتە هۆی خەولێکەوتن، لەهۆشچوون و کەمبوونەوەی ئازار، چونکە ئەم مادەیە کار لەمێشکی مرۆڤ دەکات و دواتر کار لەئەندامەکانی تری لەش دەکات. بەکارهێنانی بڕێکی زۆر لەو مادەیە واله کەسەکە دەکات کە بخەوێت (HYPNOSIS) و ئەم بڕەی وەریدەگرێت لەلەشیدا جێگیردەبێت و بەوهۆیەوە بێهۆش دەبێت. دواتر بەقۆناغی هێوربوونەوە (sedation)تێپەڕدەبێت.لەکۆتاییدا کەسەکە ئاسایی دەبێتەوە (onalge). هەرچەند بڕەکە زیادبکرێت کاریگەرییەکەی جیاواز دەبێت، چونکە بەپێی بڕی مادەکە پلە بەپلە کاریگەری لەسەر لەش جێدەهێڵێت. بەردەوامبوون لەبەکارهێنانی ئەم مادەیە ئەمەی خوارەوەی لێ درووست دەبێت.

١- راهاتن (tolerance): ئەو بڕەی لەسەری راهاتووە وەرگرەکانی هەڵچوون لەمێشکدا تێردەکات، بۆیە کاریگەری ئەوبڕەی پێشووی نابێت کە بەکاری هێناوە کەسی توشبوو ناچار دەبێت بڕی مادەکە زیاد بکات، تا کاریگەری لێبکات.

٢- ئالوودەبوون (Addiction): واتە مێشک راهاتووە لەکاریگەری ئەم مادانەو کاتێک ئەم مادەیەی پێنەگات، نیشانەکانی راکێشان (السحب)، (symphoms wit drowa) لەکەسی توشبوو بەدیاردەکەوێت.

٣- لەڕووی زاراوەییەوە:

ناساندنی شەرعی: فقهییەکان لەشەریعەی ئیسلامدا مادە هۆشبەرەکانیان بۆ دووبەش پۆلێن کردووە (سەرخۆشکەر و هۆشبەر)، ئەوانیش بوونەتە دوو رای جیاواز:

أ- بۆچوونی یەکەم: هەموومادەیەکی هۆشبەر سەرخۆشکەرە وەک مەشروبات و حوکمی مەشروبخۆری لەسەر دەچەسپێت بەو بەڵگەیەی کە مادەی هۆشبەرو مەشروب کەسی بەکارهێنەر سەرخۆش دەکەن.

ب- بۆچوونی دووهەم: مادە هۆشبەرەکان، بریتییە لە پێکهاتەی سڕکەر نەوەک سەرخۆشکەر، بۆیە ئەو کەسەی بیخوات حوکمی مەشروبی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.

## ناساندنی یاسایی :

زۆربەی یاساکانی مادە هۆشبەرەکان لەوڵاتاندا پێناسەی مادەکەیان روونکردووەتەوە. لەیاساکاندا بەدوو رێگا ریزبەند ودابەشکردنی مادەکە کراوە:

١.دەستنیشانکردنی مادە هۆشبەرەکان ودیاریکردنی لەخشتەیەک کە دیاریکراوەو لکێنراوە بەیاساکانەوە.

٢.سیفەتی مادە هۆشبەرەکە لە مادە یاساییەکەوە هاتووەو دادوەر ئازاد کراوە لە خەمڵاندنی سروشتی مادە هۆشبەرەکە، ئەمەش جۆرێک لە ناڕوونی پێوەدیارە، تاوانبارەکان ئەم هەلەیان قۆستووەتەوەو ئەوەیان خستەڕوو کە جۆری کارەکانیان لەگەڵ ئەم ماددانە گونجاوە. بۆیە زوو یاساکان گۆڕان و کار بەڕێگای یەکەم کرا. بەڵام یاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراقی ژمارە ٦٨ی ساڵی١٩٦٥ لەمادەی یەکەم بڕگەی ٨ هاتووە: (مادەی هۆشبەر هەموو ئەو مادە سروشتیانە، یان پێکهاتەی ئەو مادانەیە کە دەبێتە هۆی ئالوودەبوونی کەسی توشبوو. لێژنەی مادە هۆشبەرەکانی ئەنجوومەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی لەنەتەوەیەکگرتووەکان، پێناسەی مادە هۆشبەرەکانی کردووە: (هەموو مادەیەکی خام (سروشتی) یان ئامادەکراو کە پێکهاتەی هۆشکەرەوەو هێورکەری تێدا بێت، لەدەرەوەی بواری پزیشکی و پیشەسازیدا بەکاربهێنرێت و ببێتە هۆی ئالوودەبوون لەڕاهاتنی ئەوبەکارهێنەرەو زیانگەیاندن بەلەشی کەسەکە یان لایەنی دەروونی و کۆمەڵگا. لەسەر ئەم مانایە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩١ وشەی هۆشبەر(مخدرات) بۆ مادەبێهۆشبەرەکان دەستنیشان کرد.

## پێوەرەکانی ڕیزبەندی هۆشبەر

یەکەم: پێوەری بنەڕەتی

پێیدەڵێن لەبنەڕەت، یان ریزبەندی کیمیایی کە پشت بەپێکهاتەی کیمیایی ئەو مادەیە دەبەستێت، بەپێی ئەو پێوەرە هۆشبەرەکان دابەشدەبن بۆ:

١- هۆشبەری سروشتی: لەبنەڕەتدا رووەکە، واتا ئەو رووەکانەی کە مادەی هۆشبەریان تێدایە، بێئەوەی بەکردارێکی پیشەسازیدا تێپەڕێت، وەک (حەشیش) کەلە رووەکی (القنب) دەردەهێنرێت.

٢-هۆشبەری نیو کیمیایی: بەهۆی پیشەسازییەوە لەرووەکی سروشتی وەرگیراوە وەک (مۆرفین) کەلە رووەکی ئەفیون دروستدەکرێت و کاریگەرییەکەی دە هێندەی ئەفیونە.

٣-هۆشبەرە کیمیاییەکان: لەکارگەکان و کارگە کیمیاییەکان دروستدەکرێت وەک (میتافینات) زۆرجۆریتر کە بەناوی کیمیایی جیاجیا بەشێوەی بەردەوام دروستدەکرێت.

دووهەم: پێوەری نێودەوڵەتی

بەپێی ئەم پێوەرە مادەی هۆشبەر دابەش



www.netewe.com



دەکرێت بۆ:

١-مادە هۆشبەرەکان: حەشیش، ئەفیون- مۆرفین- هیرۆین و کۆکائین و القات.

٢-ئـەو مادانەی کار دەکەنەسەر مێشک: ئەو دەرمانانەن کە سیفاتی هۆشبەرە سروشتییەکانی هەیەو لەپێکهاتەی کیمیایی دروستدەکرێت. لـەبـنـەڕەتدا بۆ چارەسـەرکـردنـی نەخۆشی دروستکراوە، بەڵام دزە دەکات و دەکەوێتە بازاڕی رەش، دواتـر بەخراپی بەکاردێت و کاریگەری خراپی بەسەر مرۆڤەوە دەبێت.

٣- (سلائف)و مادە کیمیاییەکان: ئەو پێکهاتەیە بەنایاسایی دەکرێتە مادەیەک و کار لەمێشک دەکات.

### سێهەم: پێوەری رەنگ

هۆشبەرەکان، بەگوێرەی رەنگ دەکرێتە هۆشبەری سپی وەک (کۆکائین- هیرۆین). هەروەها دەکرێتە هۆشبەری سپی وەک (حشیش - ئەفیون)، ئەم پـێوەرەش سەرکەوتوو نییە، چونکە رەنگی مادەکە بەگوێرەی روونی و پاکی دەگۆڕێت، ئەمەش دەبێتە رێژەیی.

چـوارەم: پـێـوەری کـۆمـەڵـەی تایبەتمەندی ئالوودەبوون:

ئەم هۆشبەرانە بەپێی تایبەتمەندی ئالوودەبوون دەکرێن بەچەند کۆمەڵەیەکەوە:

١-کـۆمـەڵـەی حـەشـیـش: لـەڕووەکـی قنبە دروستدەکرێت.

٢-کۆمەڵەی ئەفیون: بریتییەلە (ئەفیون — مۆرفین – هیرۆین).

٣-کۆمەڵەی کۆکائین: بریتیەلە گەڵای رووەکی کۆکاو پاشکۆکەی.

٤- کۆمەڵەی القات: بریتییە لەڕووەکی قات.

٥-کۆمەڵەی کارتێکردنەسەر مێشک.

### جۆرەکانی مادەهۆشبەرەکان

هۆشبەرەکان دەکرێن بەچوار بەشی سەرەکی:

١_کـۆمـەڵـەی حـەشـیـش: لـەهـەموو رووەکـە هۆشبەرەکان لەجیهاندا بـاوتـرە. کۆمەڵەی حەشیش ئەمانە دەگرێـتـەوە کەلە رووەکـی قنبە دروستدەکرێت، ئەویش حەشیش و رۆنی حەشیشە. کاریگەرترین مادە لەحەشیش مادەی (التراهیدکنا بـیـنـۆل (T.H.C)ــە. چاندنی رووەکی قنب بەپێی مادەی (١) لەبڕگەی (٢)ی یاسایی مادەهۆشبەرەکانی عێراقی، قەدەغەیە.

١.کـۆمـەڵـەی ئـەفـیـون: رووەکـــی خشخاش سەرچاوەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەفیون، چەند مادەیەکی لێدروست دەبێت، هەیانە سروشتییە، یان نیوەی دروستکراوە، یان دروستدەکرێت. لەگرنگترین مـادە کەلە ئەفیونی سروشتی دەبێتەوە ئەویش مۆرفینە کەلە هەموویان بەهێزترەو بۆهێورکردنەوەی ئازار کاریگەری زۆرەو توانای بەهێزیشی بۆ ئالوودەیی هەیە. مادەی تری سروشتی (کۆدایین و تیبائین، بەڵام نیوەدروستکراو لەمۆرفیینەو گرینگترینیان (هیرۆیین)ـە، بـەڵام ئەو ماددانەی لەئەفیون دروستدەکرێت گرینگترینیان (میتادین و بتیدین) کـە بۆ چارەسەرکردنی ئـازاری زۆر بەهێز بەکاردێت. لەیاسای مادەهۆشبەرەکانی عێراق، پێناسەی ئەفیون کـراوەو تێیدا لەمادەی (١) بڕگەی ٣ هاتووە (دۆشراوێکی شیرییە لەخشخاشی ئەفیون). پووشی خشخاش (هەموو پارچەکانی خشخاشی ئەفیونە، لـەدوای دروێنەوە، جگەلە تووەکەی مـادەی (١) بڕگەی١٥، بەڵام ئەفیونی پزیشکی بەپێی مـادەی (١) لەبڕگەی١٢ (ئەو ئەفیونەیە بۆ ئامادەکردن بەچەند کردارێکی پێویستدا تێپەڕیووەو لەبواری پزیشکیدا بەکاردێت.

٣- کۆمەڵەی کۆکائین

کۆکایین، پێکهاتەیەکی کیمیاییەو لەگەڵای رووەکـی کۆکاو هەویری کۆکا دەردەهێنرێت. لەیاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراقیدا رووەکی کۆکای خستووەتەنێو ئەحکامەکان و لەمادەی ١دا هاتووە: (پەنیری کۆکا هەموو ئەو پەنیرانەی توخمی ئەریپووکسیلۆن دەگرێتەوە کە گەڵای کۆکاو کۆکائیینە).

٤-کۆمەڵەی (القات)

رووەکـی قـات لـەو رووەکـانـەیـە کـە چاندنی قەدەغەیەو بەپێی هەر یەک لەمادەکانی (٢) بڕگەی ١و (٢)بـڕگـەی ٢لەیاسای هۆشبەری عێراقی، کە رووەکـی قات زۆر پێکهاتە لەخۆ دەگرێت ولەهەموویان کاریگەرتر کاپینونە. بەپێی رێککەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٧١ لەژمارە (٢)، رووەکی قات ناچێتەژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە، چونکە ئەم رووەکە بەتەڕی و سەوزی دەمژرێت و بەکاردێت. لەهەموو وڵاتێک ناڕوێت، بەرگەی هەناردەکردن ناگرێت و ءشک دەبێت وکاریگەریەکەی نامێنێت.

٦-کۆمەڵەی کاریگەرییە مێشکییەکان.

ئـەو کـۆمـەڵـەیـە پـێـکـهـاتـەی دەروونـیـشـی پێدەگوترێت، یان ئەو ماددانەی کارلەمێشک دەکات. لەکارگەکان وتاقیگەکاندا درووستدەکرێت و لەپێکهاتەی درووسـتـکـراو یـان لەمادە کیمیاییەکان درووستدەکرێت. بەپێی پرۆتۆکۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو ماددانەی کە بۆمێشک دیاریـکـراون (دەرمـانـی چالاکـکـەرو دەرمانی الاکستازی والیس (المیتافیتامین) والفنتالین ودەرمانی دابەزێنەرو ورێنەن). مادەکانیتر بریتین لەو مادانەی کار لەمێشک دەکەن و زۆر ترسناکن وەک (مسکالین). لەیاسای مادەهۆشبەرەکانی عێراقدا ئەوماددانە بەترسناک دانراون.

### دەروازەی هاتنی مادەهۆشبەرەکان

١_لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان

دەروازەی یەکەمی هاتنی مادەهۆشبەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان،لەرێگەی ئێرانەوەیە، بەو هۆیەی ئەو وڵاتە لەبەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لەجیهاندا لـەریـزی پـێـشـەوەی وڵاتاندایەو زیاتر لە ٢ ملیۆن کەسی ئالوودەبووی هەیە. سەرۆکی رێکخراوی رۆشنبیری هۆشیاری دژی مادەهۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان، ئیبراهیم رەمەزان دەڵێ، تایبەتمەندی جیۆگرافی سنووری ئێران بەهەرێمی کوردستان و زۆری ئاڵوگۆڕی

www.netewe.com

بازرگانی و پێکبەستەی فەرهەنگی نێوان هەرێم و ئێران، وایکردووە لەرێگەی قاچاغەوە هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندی گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکان. هۆکاری هاتنی مادە هۆشبەرەکان لەوڵاتی ئێرانەوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە سنووری نێوان ئێران و هەرێم شاخاوییەو کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە. جیا لەوەی ئامانجی دەسەڵاتی سیاسی ئێران لەبڵاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان مەبەستێکی سیاسییە. واتە لەرۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان زۆرەو ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە سەرەکیترینیان سەرقاڵکردنی کوردەکانە، تا بەرێگەی مادەهۆشبەرەکان بیرلە نەتەوەو رەهەندی سیاسی نەکەنەوە. هەروەها دەوڵەتی ئێران لەڕووی هەواڵگرییشەوە کەڵک لەو کوردانە وەردەگرێت کە ئالوودەبوونەو لەبەرامبەر پێدانی مادەهۆشبەرەکان کاری هەواڵگری پێکردوون. لەناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا وەک زانراوە بازرگانیکردن بەمادەهۆشبەرەکان بەشێوەیەکی ئاشکرایەو تەنیا بە ٢٠ خولەک دەتوانرێت مادەهۆشبەرەکان دەستبکەوێت. ئیبراهیم رەمەزان، دەڵێ باندەگەورەکانی ئێران، ئەوانەی کاری بازرگانی بەو ماددانەوە دەکەن ٩٥٪ـی سەر بەدەسەڵاتی سیاسین. دزەکردنی ئەوماددانە بۆ نێو هەرێمی کوردستان لەرێگەی نایاساییەوەیە، چۆن لەهەرێمی کوردستان مەشروب وجگەرە لەرێگەی نایاسایی دەچێتە ئێران، پێچەوانەی ئەو مادەهۆشبەرەکان بۆ هەرێم دەنێردرێت. ئەو سنوورانەی کە مادەهۆشبەرەکانی لێدزە دەکاتەنێو خاکی هەرێمی کوردستان هەریەک لەهێڵی باشماخ و حاجی ئۆمەرانە. چۆنیەتی هاتنی ئەو ماددانە بەرێگەی شاردنەوەی لەنێو ئۆتۆمبیلی بارهەڵگەر یان بەرێگەی شاردنەوەی لەنێو پاکەتی جگەرەو چەندین رێگەیتر. سنووری باشماخ، دەروازەی یەکەمی تێپەڕبوونی مادەهۆشبەرەکانە. چاودێرانی مادەهۆشبەرەکان مەترسی لەوەدەکەن کە سنوورە زەوینی و ئاسمانییەکانی هەرێمیش بۆ تێپەڕاندنی ئەو مادانە بۆ کەنداو بەکاربهێنرێت. هەرچەندە چەندین حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی مادەهۆشبەرەکان لەفرۆکەخانەکانی هەرێم راگەیەندراوە، بەڵام وەک چاودێرانی ئەو مادەیە باسیدەکەن فرۆکەخانەکان یەکێک لەدەروازەکانی تێپەڕبوونی نایاسایی ئەو ماددانەیە. یەکێک لەو سەرچاوانەی کە زانیاری بەوارڤین دا دەڵێ: ((ئەگەر ٤ کیلۆ لە فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان دەستبەسەربکرێت، ئەوە گومان دەکرێت٤ئەوەندەیتر بەقاچاغ تێپەڕبووبێت)).

ئیبراهیم رەمەزان، نایشارێتەوە ((گواستنەوەی مادەهۆشبەرەکان بۆ نێو هەرێمی کوردستان و بەرێگەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری نێودەوڵەتی (تورکیا و ئێران)، دەکرێت و هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئۆتۆمبێلانە بەباشی پشکنینیان بۆ ناکرێت، چونکە مۆڵەتیان وەرگرتووە کەلە هەرێم نەپشکێندرێن. بەرێگەی هەرێمی کوردستانیشەوە مادەهۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی عەرەبی و تورکیا دەچێت. بەپێی ئامارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٦ ئێران یەکەم وڵاتی جیهان بووە کە زۆرترین مادەی بێهۆشبەری تێدا بەکارهێنراوەو بەوپێیەی سنووری ئێران لەگەڵ وڵاتی ئەفغانستان (مەڵبەندی وەبەرهێنانی مادە هۆشبەرەکان) هاوتەریبە. ئەگەر یەک کیلۆ هیرۆین لەئێران بە ٢ هەزار دۆلاربێت، ئەوا لەناوچە سنووریەکانی ئێران و ئەفغانستان نیوەی ئەو نرخەیە، بەڵام نرخەکەی لەنێوان سنووری ئێران و هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٠٠ ئەوەندەی سنووری نێوان ئێران و ئەفغانستان، زیاترە. هەروەها لەسنووری تورکیا بۆ ئەورووپاش نرخەکەی ١٠ ئەوەندەی سنووری نێوان هەرێم و ئێران، زیاترە. لەوبارەیەوە چاودێرێکی مادە هۆشبەرەکان بەوارڤینی راگەیاند کە بەشێکی ئەو مادەهۆشبەرانەی لەئێران دزە دەکاتەنێو هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی عەربی (سعودیە، قەتەر، ئیمارات و کوێت) دەنێردرێت، چونکە سەرۆک عەشیرەتەکانیان ئالوودەبوونەو بۆ چالاکی سێکسکردن و کاریتر بەکاریدەهێنن، لەکاتێکدا مادەی هۆشبەر کۆئەندامی زاوزێ ناچالاک دەکات. هاوکات بەپێی ئامارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٩، لەوڵاتانی عەرەبی ١٤ ملیۆن ئالوودەبوو هەبووەو لەوڵاتی میسردا ٤ ملیۆن.

### ٢_لەپارێزگاکانی شیعەنشینی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان

لەساڵی١٩٩٠ بەپێی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان، عێراق خاوێنترین وڵاتی جیهان بووە کە مادەی بێهۆشکەری کەم تێدا بەکارهاتووە، بەڵام بۆساڵی ٢٠٠٣ بەپێی هەمان سەرچاوە لەعێراقدا ٤٠ هێندەی ساڵی ١٩٩٠ مادەی بێهۆشبەر زیادی کردووەو ئێستاش رێژەکە زۆر زیادی کردووە. ئیبراهیم رەمەزان، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەگەڵ هاتنی شیعەکانی ئێران بۆ سەردانی مەزارگەکان لەکەربەلاو بەغدا، هەندێکیان بازرگانییان بەمادەهۆشبەرەکان کردووە ((لەبەغدا چەندین باندی مادەهۆشبەرەکان هەیەو بەشەویش گرووپە تیرۆرستییەکان بازرگانی پێوەدەکەن و نموونەی پارتی توندڕەوی تاڵیبان لەئەفغانستان، لەعێراقدا دەبینرێت کە ئەو پارتە چۆن بەشەو حوکمی ئەفغانستان دەکات و بازرگانی بەمادەهۆشبەرەکان دەکات، تا سەرچاوەی داهاتی گرووپەکانی پێ دابین بکات. گرووپە تیرۆریستییەکانی عێراقیش بەهەمانشێوە وادەکەن)). بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتوون لەپارێزگای دیوانیە کێڵگەی چاندنی مادەهۆشبەرەکان هەیەو کێڵگەکانیش کەوتوونەتە نزیک رووباری فورات و لەناوچەی شنافیە، شامیەو غەماس رووەکی قنبە کە حەشیشی لێدروستدەکرێت چێندراوە. لەبەغدایش لەلایەن هەندێ بازرگان و گرووپی تیرۆرستییەوە لەناوچەی بەتاوین (البتاوین) ساحە التحریر لەنزیک ئەو گۆڕەپانە بازرگانی بەمادەهۆشبەرەکان دەکرێت. لەعێراقیش لەرێگەی کەرکووک و مووسڵەوە ئەو مادەیە بەقاچاغ دزە دەکاتە نێو هەرێمی کوردستان.

### هەرێم نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار ئالوودەبووی هەیە

بەپێی ئاماری فەرمی وەزارەتی تەندروستی عێراق، لەساڵی ٢٠٠٨ لەهەموو عێراق و هەرێمی



www.netewe.com

کوردستان ٢٨ هەزار کەسی ئالوودەبووی مادەی هۆشبەرهەبووە. هەروەها بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک لەوەزارەتی تەندروستی عێراق، لەدوو مانگی یەکەمی ٢٠١٠ زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس لەعێراق بەهەرێمی کوردستانەوە ئالوودەی مادەی هۆشبەر هەیە. بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک کە لەبواری نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان کاردەکات لەهەرێمی کوردستان نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کەسی ئالوودەی مادەهۆشبەرەکان هەیەو بەپێی ڕیزبەندی ئەو سەرچاوەیە لەو ژمارەیەدا لەهەولێر نزیکەی ١٠٠٠ بۆ ١٨٠٠ کەسی بەکارهێنەری ئەو مادەیە هەیە کە زیاتر دانیشتووی سنووری شارۆچکەی سۆران. لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی ١٨٠٠ بۆ ٢٥٠٠ کەس و لەپارێزگای دهۆکیش نزیکەی ٦٠٠ بۆ ٨٠٠ کەس. هاتنی ئەو مادادنە لەپارێزگا شیعەنشینەکانی عێراق بۆ پارێزگای دهۆک، بەرێگەی پارێزگای موسڵەوەیەو لەدهۆکیش دابەشی دوو هێڵی سەرەکی دەبێت. لەرێگەی وشکانی و قاچاخ و لەرێگەی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانەوە بۆ تورکیا دەچێت. بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێرمان لە دهۆک، مادەهۆشبەرەکان لەوشوێنە بینراون کە باندی لەشفرۆشی بیانی بەتایبەت عەرەبی لێ بووە. لەو باندانەی کە دەستگیرکراون لە ٤ کەس یەکێکیان ژن بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ٤یەکی باندەکانی مادەبێهۆشبەرەکان ژنن. حاڵەتی دووهەم لەدهۆکەوە بۆ هەولێرو سلێمانی دەچێت.

### دەستبەسەرداگرتنی مادە هۆشبەرەکان

لەساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی ٢٨ کیلۆگرام ترپاک و حەشیش لەسلێمانی لەلایەن ئاسایشەوە دەستبەسەرکراوەو تەنیا لەمانگی ٦ی ٢٠٠٩، لەسلێمانی ١٤ کیلۆگرام دەستبەرسەرکراوە. لەو ١٤ کیلۆگرامە٩ کیلۆ لەبەغداوە نێردرابوو. بەپێی لێدوانی بەرپرسانی دەزگای ئەمنی سلێمانی، لەساڵی ٢٠٠٨، ٢٢ کەس بەتۆمەتی بازرگانیکردن لەسلێمانی دەستگیرکراون. بەپێی لێدوانی یەکێک لەبەرپرسانی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکانیش لەسنووری پارێزگای سلێمانی، بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر لەپارێزگای سلێمانی لەشارەکانیتری هەرێمی کوردستان زیاترە.

### بەکارهێنەری مادەهۆشبەرەکان

١_هەندێ لەو کوردانەی لەوڵاتی ئێران گەڕوانەتەوە هەرێمی کوردستان.

٢ _هەندێ لەبێگانەکانی نیشتەجێی هەرێم، بەتایبەت عەرەب.

٣_ئەو کوردانەی کە پەنابەری وڵاتانی ئەورووپا بوون و ئێستا هاتوونەتەوە هەرێمی کوردستان.

کرانەوەی کەلتووری کوردستان بەرووی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و لاساییکردنەوەی ئەو درامایانەی کە ئەکتەرەکان تێیدا مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن بەتایبەت لەدرامای میسری و تورکی و دواتر فیلمە بیانەکانیتر، بووەتە هۆکارێک کە هەندێ لەژن و پیاوی کورد مادەهۆشبەرەکان بەکاربهێنن. بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک ژمارەی ئالوودەبووی ژن لەهەرێمی کوردستان نزیکەی ١ لە٤ی ژمارەی پیاوە. هەروەها نێرگەلەش هۆکارێکیترە کە وایکردووە لەو رێگەیەوە بیرلە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بکرێتەوە. لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک بەکاربەری مادەهۆشبەرەکان گیراون و ئێستا ئەوانە بەپێی یاسا حوکمدراون.(ش.م) کوڕێکە لەو بەکاربەرانەی کە ئالوودەی مادەهۆشبەرەکانەو دانیشتووی شاری هەولێرە. تەمەنی ٣٣ ساڵە. لەرێگەی هاوڕێیەکی کوڕی بەناوی (س.ل) دەستی بەبەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان کردووە. ساڵێک بەرلەئێستا لەگەڵ هاوڕێیەکی سەردانی سوریای کردووە ((لەسوریا لەگەڵ دوو لەشفرۆش رامانبواردو ماوەی هەفتەیەک لەگەڵیان ماینەوە، بەرێگەی ئەوانە فێری بەکارهێنانی هیرۆین بووین. لەسوریا فێری ئەوەبووم کە بازرگانیکردن بەمادەهۆشبەرەکان قازانجی ماددی زۆری هەیە. دواتر کە گەڕامەوە هەرێمی کوردستان بەدوای کۆکردنەوەی مادەکانی حەشیش، هیرۆین گەڕام و لەناوچە سنوورییەکانی هەرێم نزیکەی کیلۆیەک لە هیرۆینمان دەستکەوت، چونکە لەئێرانەوە دەهات و ئێمەش هەوڵماندەدا بۆ تورکیای بەرێبکەین. دوای ئەوەی زانیاریم لەسەردرا لەلایەن هێزەکانی ئەمنی هەرێمەوە دەستگیرکراوم و ئێستا لەیەکێک لەبەندیخانەکانی هەرێم بە ٢٠ ساڵ زیندانیکردن حوکمدراوم)). ژنێک کەناوی (س.م)ـەو خەڵکی شاری کەرکووکەو دانیشتووی شاری سلێمانییە. تەمەنی ٣٥ ساڵەو لە وڵاتی بەریتانیا گەڕاوەتەوە. ((لەبەریتانیا فێری بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکان بووم. لەرێگەی هاورێیەکم بەناوی (ک.ر) فێربووم و پارەی باشم دەستکەوت و ماوەی شەش مانگە گەڕاومەتەوە هەرێمی کوردستان)). ئەو دەڵێت لەبەریتانیا بازرگانیم بە هیرۆین دەکرد کە دەستخستنی چەند گرامێک لەو مادەیەو فرۆشتنەوەی بەسە بۆئەوەی بتوانیت چەندین ساڵ بژێوی ژیانت دابین بێت. ئێستا ئەو بەنیازە بگەرێتەوە وڵاتێکی ئەورووپی، چونکە لەهەرێمی کوردستان وەک بەریتانیا ناتوانێت بازرگانی بەمادەهۆشبەرەکان بکات. ژنێکی تر بەناوی (د.ب) لەیەکێک لەگرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان دەستگیرکراوەو خەڵکی شاری کەرکووکە. ئەو بۆ کاری لەشفرۆشی هاتووەتە هەرێمی کوردستان و تەمەنی ئەو ژنە ٣٥ ساڵە ((لەرێگای گرووپێکی لەشفرۆشی فێری بازرگانیکردن بەمادەهۆشبەرەکان بووم، پیاوێک سەرپەرشتی دەکردین و هەموو پێداویستییەکانی بۆدابینکرم، دواتر بازرگانی مادەهۆشبەرەکانی پێکردم)). ئەو ژنە کە نزیکەی ساڵێکە دەستگیرکراوە دەڵێ((بڕێک مادەی هیرۆینم پێبوو لەهەولێربووم و دەمویست برۆمە سلێمانی و لەوێ رادەستی هاوڕێکەمی بکەم، بەرلەوەی بەرێیکەوم دەستگیرکرام. هیرۆینم بەکاردەهێناو ئێستا بە ١٥ ساڵ لەیەکێک لەبەندینخانەکانی هەرێم بەندکراوم و پەشیمانم لەو کارە)).

### دەستگیرکردن و سووتانی مادەهۆشبەرەکان

لەپارێزگای سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٥ تاساڵی ٢٠١٠ زیاتر لە٣٠٠ کەس بەتاوانی بەکارهێنان و بازرگانیکرن بەو مادانەوە دەستگیرکراون. لەماوەی پێنج ساڵدا زیاتر لە٤٠ کیلۆ لەمادەهۆشبەرەکان دەستی



www.netewe.com



بەسەردا گیراوەو لەجۆری (تریاک وحەشیش وهیرۆین وشیشە). دوای دەستبەسەرداگرتنی ئـەومـادانـە بەفەرمانی دادوەرو بەبەرچاوی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە سوتێندراون. لەپارێزگای هەولێر و دهۆکیش لەساڵی ٢٠٠٩ سووتانی چەند کیلۆ لە مادەهۆشبەرەکان راگەیەندرا.

## سەلسیۆن لەبریتی مادەی هۆشبەر

پەیامنێری گۆڤاری وارڤین لەقامشلۆ لاڤەخالید دیدارێ لەگەڵ ئەو کەسانە سازکردووە کە ئالوودەی بەکارهێنانی مـادەی سەلسیۆنن: (مادەیەکە لەچاککردنەوەی تایەی پاسکیل و ماتۆرسکیل و ئۆتۆمیبل بەکاردێت). لەڕێگەی بۆنکردنەوە ئالوودەی بووم و هاوڕێکەم ئەوکاتە پێیگوتم، شتێکت پێدەدەم بۆنی بکەیت و هێزو پیاوەتیت پێببەخشێت، تا ببیتە پیاوێکی خاوەن دەسەڵات. وشەکانی ئەو هاوڕێیە کاریگەری لێکردم، فریویدام و کەوتمە داوی ئالوودەبوونی سەلسیۆن. ئەو هاوڕێیەم٢٠ ساڵ بوو و لە قاملشلۆ دادەنیشت، بڕێکی زۆر لەسەلسیۆنی لەدوکانی باوکی کە تایبەت بەتایەی ئۆتۆمبیل بوو، دەهێنا. ئەمە قسەی ((جوان م ((ی تەمەن ١٩ ساڵی بوو دانیشتووی قامیشلۆیە ((ئەو هاوڕێیەم هۆگری سەلسیۆن بوو و ئەوانەشی ئەوکارە دەکەن زۆرن بەتایبەت گەنجە هەرزەکارەکان و ئەوانەی وازیان لەقوتابخانە هێناوە، لەگەڵ هەندێ لەقوتابیانی قوتابخانەکان یان ئەوانەی بێکارن. جوان.م، دەڵێ یەکەمجار کە بۆنی سەلسیۆنم کرد هەستم بەخۆشییەکی زۆری کـردو بەبۆنی سەلسیۆن ئاسوودەبووم، بەڵام ئێستا هەست بەژانەسەرێکی توند دەکـەم و جەستەم ئـارام نابێت، تابۆنی سەلسیۆن نەکەم. جـوان.م، یەکێکە لەدەیان کەسانیتر کە بەرێکەوت ناسینم و ئالوودەی سەلسیۆن ببوون، بێئەوەی کەسوکاری بزانێت. ئەوانەی دیدارم لەگەڵکردن زیانەکانی بەکارهێنانی سەلسیۆن نازانن، هەرچی ئەوان دەیزانن لەرێگەی بۆنکردنی سەلسیۆن پیاوەتی خۆیان بەرجەستە دەکەن. بەپێی تێڕوانینی خۆیان لەکەسانیتر جیا دەبنەوەو جـیـاوازن. ((ح)) تەمەن ١٩ ساڵانەو لەیەکێک لەشوێنەکانی چاککردنی ئۆتۆمبیل لەشاری قامیشلۆ کار دەکـات و گوتی: ((زوو قوتابخانەم بەجێهێشت، بەپێی ئەوەی لەوشوێنە کاردەکەم کە سەلسیۆن زۆر لەکارەکانمان بەکار دەهێنرێت، لەوکاتانەی بۆنم دەکـرد هەستم بەخۆشییەکی لەرادەبەدەر کرد، رۆژێک بەبێئەوەی وەستاکەم ئاگای لێبێت بڕێک سەلسیۆنم بۆماڵەوە بـردەوە. باوکم هەستی کردو پرسیاری لێکردم ئەوە چییە؟ منیش گوتم: تایەی پاسکیلەکەم چاکدەکەمەوە، لای هاوڕێیەکم باسم کردو پێکەوە بۆنمان کرد، ئێستا بەردەوام هەست بەژانی سەرم دەکەم، دایکم دەڵێ ئەوە بەهۆی ئەوکارەتەوە تووشی ئـەو ژانـە سـەرە بـووی، ئـەوان نازانن دەرئەنجامەکەی سەلسیۆنە، ئەگەر ئەو راستییە بزانن باوکم لەماڵەوە دەرم دەکـات. ((د.ی)) بەڵێنی پێدام کە هاوکاریم بکات و هەندێ زانیاریم پێبدات بەمەرجێ ناوی لەسەر گۆڤار نەهێنم: ((من قوتابی قۆناغی بنەڕەتیم و سەلسیۆن بۆن ناکەم، بەڵام ژمارەیەک لەهاوڕێکانم دەناسم کە خەریکی ئەوەن، دەترسم بەکەسووکارییان بڵێم، یەکێک لەهاوڕێکانم گرووپێکی دروستکردووە کە تایبەت بەکارهێنانی سەلسیۆنە. ((د)) گوتی، یەکێک لە ئەندامی گروپەکە خێزانێکی دەڵەمەندە، بۆیە زۆر لەدەوری کۆبوونەتەوەو ئالوودەی سەلسیۆن بوون، کاتێک سەیری ئەو گەنجە دەوڵەمەندە دەکەیت هەستدەکەیت کە نەخۆشەو دەوری چاوەکانی رەشبوون و روخساری لە تلیاکخۆر دەکـات. هەرگیز کـەسـوکـاری نەهاتوونەتە قوتابخانەو پرسیار لەرەفتار و هەڵسووکەوتی بکەن)). توێژەری دەروونناسی ئەمجەد خەلیل لە قامیشلۆ دەڵێ ((هەرزانی نرخی سەلسیۆن و ئاسان دەستکەوتنی دەبێتە پاڵنەر بۆ گەنجان و ئالودەبوون. ئەوانەی ئالوودەبوون واهەست دەکەن کە پیاون و سەرکەوتوون، سەرباری ئەو خۆشییەی کە دەستیاندەکەوێت دەبنە خاوەن بڕیار. ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن خەڵکانی نەزان و دواکەوتوون، بێئەوەی هەست بکەن سەلسیۆن لەچاکردنی تایەی ئۆتۆمبیل و پاسکیل بەکاردێت و بەتێپەڕبوونی کات سییەکان کون دەکات. هەروەها پێویستە بەخێرایی کەسووکاری ئەوانەی هۆگری سەلسیۆن بوون کوڕەکان و کچەکانیان چارەسەر بکەن، تا لەو کارە ترسناکە دووربخرێنەوە. چەند حاڵەتێکی ئالوودەبوو ئێستا بەتەواوی چاک بوونەتەوە وازیان لەو کارانە هێناوە. پێویستە بەهەموو شێوەیەک هاوکارییان بکرێت بەمەبەستی وازهێنانیان و گەڕانەوەیان بۆ سروشتی ئاسایی خۆیان، چونکە فەرامۆشکردنیان بەرەو رەفتاری تاوانکارییان دەبـات. هەندێ لەمنداڵان توانای بەرگەگرتنی هەڵمژینی ئەومادەیەیان نییە، بۆیە دەبێتە هۆی لەدەستدانی گیانیان و مردنیان. بۆ بەرەنگاری ئەو حاڵەتە پێویستە چاودێری توند

www.netewe.com

بخرێتەسەر فرۆشیارانی سەلسیۆن بۆ تووشبوان بکرێت و شوێنێکی تایبەت بەچارەسەری بەکارهێنانی سەلسیۆن تەرخانبکرێت.

## ئەحکامەکانی تاوانکردنی لەژێر دەست یان دەستبەسەرداگرتنی مادەی هۆشبەر

لەیاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراق ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٦٨دا هاتووە لەژێردەست یان دەستبەسەراگرتنی هۆشبەرەکان، بەبێ مۆڵەتی دەسەڵاتی تایبەتمەند تاوانە. مادەی (١٤- یەکەم – ب)و حیازەو احرازی هۆشبەرەکانی بەمەبەستی بەکارهێنان بەتاوان داناوە. مادەی (١٤- دووهەم) و لەمادەی (٣-٣) ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی بازرگانی نایاسایی هاتووە (هەڵگرتن و دەستبەسەرداگرتن یان کڕینی هەرجۆرە هۆشبەرێک بەتاوان دادەنرێت لەیاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراقدا لەمادەی ١٤ شێوەکان (حیازە و احراز) دیاریکراوە:

١_ لەژێردەست (الحیازە)

یاسای مادەهۆشبەرەکانی عێراق هیچ پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ لەژێردەست (الحیازە)ی نەکردووە، بەڵام سێ شێوەی بۆ دیارکردووە (ڕاستەقینە، کاتی، لەناکاو) کە بەیەکێک لەم شێوانە تاوانبار سزادەدرێت.

٢_بەدەستهێنان (الاحراز)

واتە گرتنەدەستی مادەهۆشبەرەکان بەدەستهێنان. کاتێک مادە هۆشبەرەکە لەناودەستی کەسەکە بێ، یان ناولەپ، یان نێوان پەنجەکانی پێ، یان لەهەر بەشێکی لەش. بەدەستهێنان نایەتەدی ئەگەر یەکێک حەز بەسەیرکردنی ئەو مادەهۆشبەرە بکات ودەستی لێبدات و هەرئەءکاتە دایبنێتەوە.

## مەبەستی گشتی و تایبەتی

مەبەستی گشتی دوو بنەمای هەیە (زانین ویست). ئەگەر ویستی تاوانکار بەو ئاراستەیە بێ کە کارێک ئەنجامبدات و روکنی ماددی تاوانەکە پێکبهێنێت و لەگەڵ زانینی بەبنەماکانی تاوان کە ئەمکارەی دەیکات مانای تاوانکارییە ئەوە دەچێتە خانەی مەبەستی گشتییەوە. ئەو زانینەی کە یاسا دەیەوێت بۆ سەلماندنی مەبەستی تاوانکاری لەتاوانی حیازەو احرازدا زانینی تاوانکارە بەسروشتی مادە هۆشبەرەکە، واتا جۆر و پێکهاتەکەی.(زانین و ویست) بەیەکەوە مەبەستی تاوانکاری دروستدەکەن. مەبەستی تایبەتی لەیاسای هۆشبەری عێراقیدا ئەمانەن (بازرگانی بەئەنقەست، خواردنی بەئەنقەست، بەکارهێنانی بەئەنقەست).

## بڕیارەکانی سزادان لەسەر(حیازە واحراز)ی هۆشبەرەکان

لەیاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراق سزای بنەڕەتی و تەواوکاری (الا×لیە والتکمیلیە) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنانی نایاسایی مادەهۆشبەرەکان هەیەو لەدادگای پێداچوونەوەی فیدراڵیشدا هاتووە (تاوانی هۆشبەرەکان لەتاوانە ترسناکەکانەو شێوەی تاوانکارییەکەی زۆر ترسناکە کە نابێ شێوەی بەزەیی تێدا بەکار بێت). لەیاسای سزادانی عێراقی لەمادەی ١٣٢هاتووە (هۆشبەرەکان یەکێکە لەنەخۆشییە ترسناکەکان کە میللەت تووشی دەبێت).

## سزا بنەڕەتییەکان

یەکەم: سزا بنەڕەتییەکان بەگۆڕانی مەبەستی تاوانکاری تایبەتی دەگۆڕێت ئەگەر داواکراو هەبێت و مەبەستەکە (بازرگانی – وەرگرتن و پێدان (التعاگی) – بەکارهێنانی تایبەتی) بێت. دەقی مادەی (١٤/یەکەم/ب) لەیاسای هۆشبەری عێراقی کە (سزادەدرێت بە لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتایی. یان پارەدان کەلە ( ١٠) هەزار دیناری سویسری زیاتر نەبێت و لەسێ هەزار دینار کەمتر نەبێت.

دووهەم: یاسای عێراقی جیاوازی لەدانانی سزا لەنێوان هەموو تاوانەکانی هۆشبەرەکان کە بەمەبەستی بازرگانی دەکرێت نەکردووە. لەبڕیارەکانی دادگای عێراقدا هاتووە لەسەر تاوانی حیازەو احراز کاتێک کە دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی عێراق ڕەزامەندی لەسەر ئەو بڕیارەی کەلە دادگای تاوانەکانی بەسرا دەرچووە، داوە، بەپێی مادەی (١٤/یەکەم /ب/٢) لە یاسای هۆشبەرەکان بەبەندکردنی هەتا هەتایی و بژاردنی دەهەزار دینار لەبەر هەڵگرتنی مادەی هۆشبەر کەلەناو ئۆتۆمبیلەکەی دەستی بەسەردا گیراوەو لەبڕیارێکیتردا دادگای تەمییزی فیدراڵی بە ژمارە١٢١لە٢٠٠٢/٣/١٦ ڕەزامەندی دا لەسەرلەسێدارەدانی تاوانبارێک تا مردن، کە ئەو تاوانبارە سێ کیلۆ و چارەگێک مادەی حەشیشی لێگیراو دەرکەوتبوو بۆ بازرگانیکرن لەلای بووە. بەڵام سزای تاوانی حیازەو احراز بەمەبەستی پێدان (التعاگی) بەپێی مادەی ١٤/ برگەی دووهەم لەسزای عێراقی حوکمی سزا بۆکەسی تاوانبار لەپانزە ساڵ و لەسێ ساڵ کەمترنادرێت. هەروەها بژاردنی دووهەزار دینار زیاتر نەبێت و لە پێنج سەد دینار کەمتر نەبێت. یاسا دەسەڵاتی بەدادگا داوە کە فەرمانی هەناردنی ئەو کەسانە بکات کە ئالوودەن لەسەر مادەی هۆشبەر بۆ شوێنی چارەسەرکردن لەجیاتی سزای دیاریکراو. بەگوێرەی مادە ١٤ برگەی حەوتەم (دادگا بۆی هەیە لەجیاتی ئەو سزایەی کە لە مادە ١٤/ دووهەمدا هاتووە فەرمان بدات، بەناردنی هەر کەسێک کە دڵنیا بوو ئالوودەیە لەسەر هۆشبەرەکان بەهۆی نەخۆشیەوە تووشبووە بۆ یەکێک لەو شوێنانەی کە بۆ چارەسەرکردن دانراوە. هەروەها وەزارەتی تەندروستی شوێنی چارەسەر دەستنیشان دەکات و بۆ ماوەی شەش مانگ و لەسەر داوای داواکاری گشتی یان سزادراو پێش تەواوبوونی ئەو ماوەیە ئازاد بکرێت، ئەگەر دەرکەوت کە تەواو چارەسەرکراوە.

## دەستبەسەرداگرتن (المصادرە)

مادەی (١٤/شەشەم) لەیاسای هۆشبەرەکانی عێراقی (لەهەموو بارودۆخێک بڕیار دەدرێت بەدەستبەسەرداگرتنی ئەو مادە هۆشبەرەی کەگیراوە هەروەها ئەو کەلوپەلانەو هۆکاری گواستنەوەی کە بەکارهاتووە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە. لەم مادەیە باسی خاوەنی مادەکەی نەکردووە، بەڵام لەمادەی (١٠١) یاسای سزادانی عێراقی قەدەغەی دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی کردووە کە موڵکدارییەکەی بگەڕێتەوە بۆ کەسێکیتر کە نیەتی باش بووە.

## داخستن

مادەی {١٤/شەشەم} لە یاسای هۆشبەرەکانی عێراقی دەڵێ، دادگا بۆی هەیە بڕیاربدات بەداخستنی ئەو شوێنەی کە بەکارهاتووە یان ئامادەکراوە بۆ خواردن و بەکارهێنان و دروستکردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ ماوەیەک کەلە یەک ساڵ زیاتر نەبێت.

## لەناوبردن(تێکدان)-(الاتلاف)

مادەی (١٤) لەیاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراقی دەڵێت بڕیار دەدرێت بەلەناوبردنی ئەو ڕووەکانەی کە چێندراون بەپێچەوانەی بڕیارەکانی یاساو هەروەها لەناوبردنی ئەو مادە هۆشبەرەی کەگیراوە لەدەست تاوانبارو تێکدانی ئەو شوێنانەی کە مادەی هۆشبەری لێ بەرهەم دێت و ئەو کارگەی کەلێی دروست دەکرێت.

www.netewe.com



## سزای لەسێدارەدان

١- گەڕانەوە بۆ تاوان{العود}

مادەی (١٤/یەکەم/ج) لەیاسای مادەهۆشبەرەکانی عێراقی (سزاکە دەبێتە لەسێدارەدان ئەگەرهاتوو تاوانبارجارێکیتر گەڕایەوە بۆ ئەنجامدانی یەکێک لەو تاوانانەی کەلەمادەی (١٤/یەکەم/ب/١) دوای ئەوەی کە سزادرابێت.

٢-سیفەتی تاوانبار

یاسای مادە هۆشبەرەکانی عێراقی بۆ دانانی سزا سیفەتی تاوانباری لەبەرچاو گرتووە کەلە مادەی {١٤/یەکەم/د/٢} هاتووەسزای لەسێدارەدان یان زیندانی هەتاهەتایی بۆ کەسێک دەدرێت کاتێک کەتاوانبار کارمەند یان لەکارگوزاری گومرگ بێت، یان کارمەندو کارگوزاری گشتی بێ، کە ئەرکی قەڵاچۆکردن یان چاودێریکردنی مادە هۆشبەرەکانیان لە ئەستۆدایە، یان کارمەند و کارگوزاری ئەو دەزگایانە بێت کە پەیوەندیان بەهەر شێوەیەک بەم ماددانەوە هەبێت.

٣- سەرکردایەتی کۆمەڵێک بکات بۆ ئەنجامدانی تاوانی هۆشبەرەکان

یاسای عێراقی سزای توندی بۆ تاوانەکانی هۆشبەرەکان داناوە بەپێی مادەی (١٤/یەکەم/د) دەڵێ ( تاوانبار سزادەدرێت بەلەسێدارەدان یان زیندانی هەتا هەتایی، یان پارەدان (غرامە) کەلە سەد هەزاردیناری چاپی سویسری زیاترنەبێت ولەسێ هەزاردینار کەمتر نەبێت بەتاوانێک کە سەرکردایەتی کۆمەڵەیەک بۆ ئەنجامدانی تاوان بەمادەهۆشبەرەکان بکات.

## ئەنجام

١- لەو دۆسیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هاتنی مادە هۆشبەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان هێندەی کە مەبەستی بازرگانی لەپشتەوەیە، هێندەیتر ئامانج لەوەیە کە تاکی کورد تووشی ئالوودەبوون بێت.

٢_مەترسیدارترین ئەو وڵاتەی کە مادەبێهۆشبەرەکانی لێ دزەدەکاتە نێو هەرێمی کوردستان، وڵاتی ئێرانەو ئەمەش بەهۆی کۆنترۆڵنەکردنی سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێرانە.

٣_مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بۆ بڵاووبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان لەناوچەکوردنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆئەوەیە کە تاکی کورد بیرلەهەستی نەتەوایەتی نەکاتەوەو هەناردەکردنیشی بۆ نێو هەرێمی کوردستان بەهەمان مەبەستە.

٤_ نەبوونی بودجەیەکی تەرخانکراو بۆ رێگرتن لە مادەی هۆشبەر، چونکە ئەگەر رێ لەو ماددانە نەگیرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی مادەهۆشبەرەکان دەبێت، چونکە لە ئەمریکا ئەگەر ١ ملیار بۆ بەرەنگاری مادەهۆشبەرەکان تەرخانبکرێت، ئەوا زیانی ١٦ ملیار دەگەڕێنێتەوە.

٥_نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی مادەهۆشبەرەکان کە تایبەت بەهەرێمی کوردستان بێت، ئەوەش بۆشاییەکی لەسیستمی یاسایی هەرێم جێهێشتووە کە بە یاسا کۆنەکەی ساڵی ١٩٦٨ مادە هۆشبەرەکانی عێراق کاربکات.

## ڕاسپاردە

١_پشکنینی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەرێگەی ئێران و تورکیا دێنە نێو هەرێمی کوردستان.

٢_تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادەهۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر رێ لەو مادەیە نەگیرێت، ئەوا مەترسی ئەوە دەکرێ کە هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێکی مەترسیداری ئاڵوگۆڕی مادەهۆشبەرەکان.

٣_دانانی یاسایەکی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی مادەهۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، وەک چۆن یاسای بەرنگاربوونەوەی جگەرەکێشان هەیە، بەڵام ئەگەر جگەرە بەهێواشی تاکێکی کورد بکوژێت، ئەوا مادەهۆشبەرەکان نەتەوە دەسڕێتەوە.

٤_ دانانی تیمی تایبەت لەهێزەکانی ئاسایش لەناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، تا بەوردی چاودێری هەرجموجۆڵێکی بازرگانی بەو ماددانە بکرێت.

٥_ دانانی چاودێری ئەمنی لە بازگەکانی ناوچەکێشەدارەکان لە موسڵ و کەرکووک و هەروەها ناوچە سنوورییەکانی دیکەی نێوان هەرێم و تورکیا و سوریا.

www.netewe.com

### ئەگەر کورد ١٠ جار چەوسابێتەوە ژنی کورد ٢٠ جار

## سەرۆکی هاکپار بۆ وارڤین:

# سەردانەکەی بارزانی بۆ کوردی باکوور ئەرێنی بوو

سەرۆکی گشتی پارتی ماف و ئازادییەکان رایگەیاند کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشتر لەلایەن تورکیاوە وەک سەرۆک عەشیرەت ناودێر دەکرا و دەستنیشانی کرد کە ئەمجارە تورکیا واقعی هەرێمی قبووڵ کردووەو وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە مەسعود بارزانی کردووە. بایرام بویزەل، دەڵێ کە سەردانی بارزانی بۆ کوردی تورکیا باش بووە. بویزەل، لەبارەی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆچوونی خۆی و پارتەکەی بە وارڤین راگەیاند.

سلێمانی

وارڤین: ئێوە وەک هاکپار سەردانی مەسعود بارزانی بۆ تورکیا چۆن دەنرخێنن؟

بویزەل: تورکیا تا چەند ساڵ لەمەوپێش لەناوخۆ دانی بە کورد دا نەدەنا. لەدرەوەی تورکیاش دانی بە کورد دا نەدەناو شتگەلی خراپی پێدەگوتن. بۆ نموونە پێیدەگوتن سەرۆک عەشیرەت. سیاسەتیان بەهێڵێ سوور بەڕێوەدەبرد. ئەوەش شێوەیەکیتر لە نەناسین و نکۆڵیکردن لە کورد بوو. بەڵام تورکیا لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ناچار بوو واقیع قبووڵ بکات. ئەو کەسەی کە پێشتر بەسەرۆک عەشیرەت ناودێری دەکرد، ئێستا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێ دەکات. سەردانەکەی کاک مەسعود بۆ تورکیا ئەگەر مرۆڤ لەو چوارچێوەیەدا لێکیبداتەوە زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشە. ئێمەش بەو سەردانە خۆشحاڵین.

وارڤین: کوردی باکوور چۆن دەیانڕوانیە سەردانەکەی بارزانی؟

بویزەل: بەڕای من سیاسەتی تورکیا سەبارەت بە کورد سیاسەتێکی گشتی و ئاڵۆزە. بەڵام دوو لایەنی هەیە، یەکێک کوردی ناوخۆیەو یەکێکیش کورد دەرەوەیە. تورکیا پاش ئەوەی کە سیاسەتی ( (کرانەوە کورد ( (ی دەست پێکرد، بەشێوەیەکی هاوتەریب ئەو سیاسەتەی لەناوخۆ و لەدەرەوە بەڕێوەبرد. لەناوخۆ تەرەتەشەش کرایەوەو ناسنامەی کورد موناقەشە کرا. هاوکاتیش پەیوەندییەکانی تورکیا و باشووری کوردستان بەرەوباشی چوون. وەزیرەکانی تورکیا سەردانی کوردستانیان کرد، مام جەلال هاتە ئێرە، سەرۆککۆماری تورکیا چووە عێراق. تورکیا گەیشتە قۆناغێکی وەها لە هەولێر کونسولخانە بکاتەوە. بەو هۆیەشەوە ئێمە لەو بڕوایەدا نین کە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و باشووری کوردستان زیانی بۆ کوردی باکوور هەبێت. چونکە تورکیا بیەوێ و نەیەوێ بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان هاوکات هەبوونی نەتەوەی کورد نیشان دەدات و شەرعیەتی زیاتر بەناسنامەی نەتەوەیی کوردیش دەدات. هەروەها شەرعیەتی زیاتر بەدۆزی نەتەوەیی کورد دەدات. چەندە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و باشووری کوردستان بەرەوپێش بچێت، ئەوەندە پرسی کورد لەناوخۆی تورکیا لە ڕۆژەڤدا دەمنێتەوەو تورکیا ناچار دەبێت کە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

وارڤین: کاتێک بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی ساز کرد، لەپشتی داودئۆغلۆ ئاڵای تورکیا هەبوو، بەڵام لەپشتی بارزانییەوە ئاڵای کوردستان نەبوو. بەڕای تۆ ئەوە چ واتایەکی هەیە؟

بویزەل: خۆزگە ئاڵای کوردستان هەبوایە. من نازانم...ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییەو پارچەیەک لەعێراقی فیدراڵە. هەروەها نازانم لە پرۆتۆکۆلی وەهادا دانانی ئاڵا پێویستە یان نا؟ بەڵام ئێمە ئەوە بەکێشەیەکی گەورە نابینین. تورکیا بەلێدوانەکانی خۆی و بەپێشوازی لە بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵویستی خۆی دەربڕی.

وارڤین: هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی سەلاحەدین دەمیرتاش لەلێدوانێکی ڕۆژنامەنیدا رایگەیاند کە ئەوان پشتگیری لە ریفراندۆم ناکەن. گەلۆ هاکپار پشتگیری لە ریفراندۆم دەکات یان نا؟

بویزەل: ئێمە ئەو ریفراندۆمە وەک بەشێک لەسیاسەتی ( (کرانەوەی دیموکراتیک ( ( دەبینین. بەڵام ئەم قۆناغە بەپێی دڵی ئێمە ناچێتە پێشەوەو دەتوانین بڵێین لەم ڕۆژانەدا گەیشتووەتە ئاستی کۆتاییپێهاتن. پاکێتی ریفراندۆم پارچەیەک لەسیاسەتی نوێی تورکیایە. پارتی دادوگەشەپێدان چەندساڵ لەمەوپێش دەیویست کە دەستوورێکی نوێ چێ بکات و پێشکەشی خەڵکی تورکیای بکات. بەڵام پاش ئەوەی دۆز لەدژی ئاکاپە کرایەوە ئەو ویستە دواکەوت. ئێستا ئاکاپەیی دەڵێن کە پەرلەمانی ئێستا بۆ دەستووری نوێ لەبار نییە. بۆیە دەیانەوێت لەچوارچێوەی تەسکدا گۆڕان بکەن. بەڕای من ئەو گۆڕانانەی کە ڕوودەدەن گەلەک باشن. بەو گۆڕانانە دەست و پێی سیستەمی دادوەری تورکیا دەبەسترێت. چونکە دەسەڵاتی دادوەری ئێستا هێزی هەرە ستاتیکۆپارێزی (موحافەزکار) ی تورکیایە. بەئۆپەراسیۆنەکانی ئەرگەنەکۆن ئیتر سوپا دواکەوت، ئێستا ئاستەنگی هەرەگەورە سیستەمی دادوەرییە. ئەگەر ئەو ریفراندۆمە سەربکەوێ، دەبێتە بنەمایەک بۆ دەستووری نوێ و پرسەکانی تر. هەرچەندەش ئەو ریفراندۆمە بە

www.netewe.com



یەکجاری ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام ئێمە پشتگیری لێ دەکەین. ئەگەر بەوشێوەیە بێت ئێمە دەنگی «ئەرێ» ( بە ریفراندۆم دەدەین.

وارڤین: سوپای ئێران و تورکیا لەمدواییانەدا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان پێشێل دەکەن. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو پێشێلکارییە؟

بویزەل: ئێستا ئەو پرسە دوولایەنەیە. لایەنێکیش پەکەکەیە. وەک دەزانن ناوەندی پەکەکە قەندیل و ئەو ناوچەیەیە. ماوەیەک لەبەر ئەوەی پەکەکە ئاگربەستی راگەیاندبوو، ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا راوەستابوون. بەڵام پاش ۱.ی حوزەیران لەسەر لێدوانێکی ئۆجەلان پەکەکە جارێکیتر دەستی بەشەڕ کردەوە. ئەوەش بۆ تورکیا بووەتە بیانوویەک. ئێمە وەک حزب شەڕی چەکداری بەرێگەیەکی باش نازانین. لەبەرئەوەی بزووتنەوەی کورد ۳۰ ساڵە ئەو میتۆدە بەکاردێنێت، بەڵام ئەنجامێکی بەدەستنەهێناوە. تورکیا بەهەموو شێوازێک هەڵیکوتایە سەر کورد و نەشیانتوانی لەناوی بەرن و کێشەکان چارەسەر بکەن. بۆیە نە بۆ کورد و نە بۆ تورکیش شەڕ چارەسەر نییە. چارەسەری لەدیالۆگ و رێبازی ئاشتیانەدایە. ئێمە چالاکییەکانی پەکەکە بەباش نازانین و لەدژی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران و تورکیاشین.

وارڤین: واتە ئێوە لەدژی چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکەن؟

بویزەل: پەکەکە بۆ خۆشی دەڵێ ئەو پرسە ( بەشەڕ چارەسەر نابێت ( . سەرۆکایەتی پەکەکە زۆرجار ئەو شتەیان گوتووە. بەڵام ئەی ئەگەر کێشەکان بەشەڕ چارەسەر نابێت، بۆچی شەڕ دەکەن؟ بۆیەش ئەوان لەناوخۆی خۆیاندا یەکگرتوو نین. لەم هەلومەرجەی تورکیادا کورد دەتوانن میتۆدی سیاسی بەکاربێنن. ئەڵبەت میتۆدی سیاسی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک ناتوانێت پرسەکە چارەسەر بکات. هاوکات ئێمەش دەزانین کە شەڕی چەکداریش کۆتایی نایەت. ئێمە لایەنگری لە وەستانی شەڕی چەکداری دەکەین.

وارڤین: بۆ بەدەستخستنی مافەکانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو، ئێوە چ رێگایەکتان گرتووەتە پێش؟

بویزەل: کورد دەتوانێت بەچالاکییە سیاسییەکانی گوشار بخاتەسەر تورکیاو لەو رێگایەوە مافە نەتەوەییەکانیان دەستەبەر بکەن. ئێمە خەباتی مەدەنی بەباشترین رێگە دەزانین.

وارڤین: ئەگەر پەکەکە چەکەکان بێدەنگ بکات، کێشەی کورد لە ئێران و سوریا چۆن چارەسەر دەبێت؟

بویزەل: هەر وڵاتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە کوردی سویا هەرگیز شەڕی چەکدارییان بەکار نەهێناوەو بیریشی لێ ناکەنەوە، دەزانن کە بەو شێوەیە ناگەنە ئامانجەکانیان. ئێران جیاوازە. شەڕی چەکداری تا چەندساڵ لەمەوپێشیش درێژەی هەبووە. هێشتا پارتگەلێک وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە ماون. بەڵام ئەوان ئێستا چەک بەکارناهێنن. هەم بۆ ئەوەی رەوشی باشووری کوردستان نەخەنە مەترسی و سەرنجی دەوڵەتانی دەوروبەر بۆ ئەوێ رانەکێشن و هەمیش دەزانن کەلە رەوشێکی وەک ئەمڕۆدا ناتوانن بەشەڕی چەکداری لەگەڵ ئێران کێشەی کورد چارەسەر بکەن.

وارڤین: سەرۆکی پێشووی هاکپار (سەرتاج بوجاک) و چەند کەسایەتی دیکە ( (لێگەڕینی کوردی دیموکراتیک ( (یان دامەزراندووە. ئێوە پشتگیری لە بزووتنەوەکەیان دەکەن؟

بویزەل: ئەگەر پارتێک بە دڵی مرۆڤ نەبێت، لێی جیا دەبێتەوە. ئەوە ئەولەوییەتێکی تاکەکسییە. هەموو کەسێک دەتوانێت بەشداری حزبێک بکات و لێیشی جیابێتەوە. ئێمە پشتگیری لە کەس ناکەین. بەڵام دوژمنایەتیشیان ناکەن. لەئێمەش جیاببنەوە ئێمە هەر دەتوانین بۆ دۆزی کورد لەگەڵیان هاوکاری بکەین.

وارڤین: هاکپار بۆ چارەسەرکردنی پرسی ژن سیاسەتێکی چۆن پێڕەو دەکات؟

بویزەل: گەلەک جاران کێشەی ژنمان لەناو خۆماندا هەڵسەنگاندووە. کێشەی ژن و کێشەکانی دیکە لە کێشەکانی کۆمەڵگا جیا ناکرێتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان کێشەی جیاوازیان نییە. ئەگەر کورد ۱۰ جار زوڵمی لێکرابێت ژنی کورد ۲۰ جاران زوڵمی لێکراوە. بۆیەش کێشەی تایبەتی خۆیان هەیە. دەبێ کێشەی ژنان و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی هاوتەریب چارەسەر بکرێن. دەبێ ژن هەم لەناو حزبەکاندا کار بکەن و هەمیش بەشێوەیەکی جیا خۆیان رێکبخەن. بتوانن وەک ژن رای خۆیان دەرببڕن و نوێنەرایەتی خۆیان بکەن و رۆڵێکی بەهێز بگێڕن. بۆیە ئێمە گرنگییەکی تایبەت بە ژنان دەدەین. کۆمەڵگا بەبێ ژن نیوەی جەستەیە. بۆیە هەر بزووتنەوە یان پارتێک بیەوێ سەربکەوێت، دەبێ لە رێزەکانیدا ژن بەشدار بکات.

وارڤین: بەرپرسی ژن لەناو رێکخستنەکانی ئێوەدا هەیە؟

بویزەڵ: بەداخەوە زۆر کەمە. بەداخەوە پارتەکەمان لەوبوارەدا زۆر لاوازە. گەلەک هەوڵمانداوە، بەڵام تائێستا نەگەیشتوینەتە ئەو ئامانجەی کە دەمانەوێت. لەشارەکاندا ئەندامامان هەیە، بەڵام لەسەرکردایەتیدا کەسمان نییە.

www.netewe.com

# حکوومەت لەبودجەدا پرسە جێندەرییەکانی لەبیر کردووە

**لەبودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی شەشەمدا هیچ بڕە پارەیەک بۆ پرسە جێندەرییەکان بەگشتی تەرخان نەکراوە، هەرچەندە پێشخستنی بوارەکانی کەلتووری، رۆشنبیری، پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی لەسەر ژنان پێویستیان بەبودجەیەکی دیاریکراو هەیە، لەپێناو دەربازکردنی ئەو بۆشاییەی کە هەیانە، بەتایبەتی کە ئێستا بەپێی ئامارە حکوومییەکانیش ئاستی توندوتیژی لەسەر ژنان لەهەڵکشاندایە.**



ستارە عارف

رۆژی ١٩-١-٢٠١٠ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای بودجەی خەمڵێندراوی دیاریکرد، کە ١١ تریلیۆن و ٤٣٣ ملیار و ١٧٦ ملیۆن دینارە، لەو بودجەیەدا زیاتر لە٢١ملیار دینار بۆ زانکۆیەکی ئەهلی تەرخانکراوەو ١٠٠ملیۆن دۆلار بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان تەرخانکراوەو بەپێی بڕگەی١٦ی پڕۆژە یاسای بودجەش ١٢٠ملیار دینار بۆ زەمالات و ناردنەدەرەوەی قوتابی تەرخانکراوە. چەندین پڕۆژەی وەهمی پارەی بۆ دانراوەو ئەندامانی پەرلەمانیش رەخنەیان لەو بودجەیەی حکوومەت هەیە، کە بە یەکسانی پارەی بەسەر سێکتەرەکاندا دابەش نەکردووە. لەو بودجەیەدا ٤٥ملیۆن دۆلاریش بۆ قوتابخانەی نموونەیی شوەیفات تەرخان کراوە کەچی هیچ بڕە پارەیەک بۆ تواناسازی ژنان و منداڵان تەرخان نەکراوە، بەڵام لەوڵاتێکی وەک سوید کە بەجیدی هەوڵی نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنان دەدات،ساڵانە ٤٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژنان تەرخان دەکرێت، تەرخانکردنی بڕێک لەبودجەدا بەمەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر ژنان، پێویست بوو هەر زوو بیری لێبکرایەتەوە، چونکە کابینەی شەشەمی حکوومەتی نوێ هەر لەسەرەتاوە وەک حکوومەتێکی تەکنۆکرات خۆی ناساند.

### پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ژمێرە بۆ کردن لەبودجەدا نییە؟

چەمکی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کە مافێکی مرۆییەو ژنانیش لەم مافە سادەیە بەدەر نین. زۆرێک لەکۆمەڵناسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پەرەپێدانی مرۆییو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیەو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بەپلەی یەکەم ئامانجی لەناوبردنی نەخوێندەواری، بایەخدان بەبواری تەندروستی، مافی فێربون و رۆشنبیرییە لەکۆمەڵگەداو ژنان رێژەیەکی زیاتری پێکدەهێنن و ئەم خاڵانە لەئەمڕۆدا کێشەی سەرەکی زۆرێک لەژنانن و تێپەڕاندنیان، ئاراستەکردنی ژنە بەرەو چارەنووسێکی پێشکەوتوو.

ژنان لەکۆمەڵگای کوردستاندا بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنن، هەمیشە کە ناچالاکی ژنان لەهەر یەکێک لەبوارەکاندا دەورووژێنرێت، یەکسەر هۆکاری کەلتووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەفاکتەرو بەربەستی بەردەمیان دەزانرێت، بەڵام ئاخۆ دەکرێت بەهۆی ئەم رێگرییانەوە دەرگا لەسەر ژنان دابخرێت و لەهیچ بوارێکدا نەیەنە پێشەوە؟ یان بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەربەستانە پێویستە لەبودجەدا ژمێرەیەک بۆ گرنگی رۆڵی ژن و پرسەکەی و هوشیاری کۆمەڵگە بکرێت و زەمینەی بۆ بسازێنرێت تا لەکایەکانیتر دوور نەکەوێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانیشە فشار بخەنە سەر حکوومەت بۆ تەرخانکردنی ئەم بڕە.

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی یونیسێف لەرۆژی٢ی شوبات کەرۆژی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینەیە، زۆرینەی ئەو کچانەی خەتەنە دەکرێن لەدوای ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەهەرێمی کوردستانن، بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، لەساڵی٢٠٠٩دا تەنیا لەپارێزگای سلێمانی ٩٨١حاڵەتی توندوتیژی هەبوون، بەپێی نوێترین ئاماری هەمان بەڕێوەبەرایەتی لەساڵی٢٠٠٩دا ٤٦حاڵەتی پەلاماردانی سێکسی لەشاری هەولێر، لە٥٩٪ی ئەو ژنانە خوێندەوارن و لە٤١٪یش نەخوێندەواربون. لەسنووری سلێمانی و گەرمیان٦٩ ژن و لەدهۆکیش١٣ ژن رووبەڕووی پەلاماری سێکسی بوونەتەوە، بەپێی گوتەی چاودێرو چالاکوانانی ژن، لێپرسراوان زۆرینەی مادەو پارەو پۆستیان بۆ ئەم کارانە تەرخان دەکەن.

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی وادی ئەڵمانیش لە٦٢٪ی ژنانی کوردستان خەتەنەکراون و ئەم دیاردەیەش بەردەوامە، بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسان، لە٥٢،٣٪ی رەگەزی مێینە لەگوندنشینەکانن لەپارێزگای سلێمانی و لە٤٠،٧٧٪ی مێینەی هەموو گوندەکانیش

www.netewe.com



نەخوێندەوارن. کەچی لەم بودجەیەدا هیچ برێک بۆ چارەسەرکردنو بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارانە لەسەر ژنان دیارینەکراوە، ئەو ئەنجوومەنەش کە حکوومەت بەنیازە بۆ ژنانی پێکبهێنێت، رەخنەو نارەزایی زۆری ژنانی لەسەرە.

**لەبودجەدا خوێندنەوە بۆ بواری کەلتوور کراوە؟**

پێکهاتەی سەرجەم کەلتوور بریتییە لەبەهاو نۆرم و شێوازی تاکەکەس پەیوەندی بەشێوازی ژیانەوە هەیە، هەر کەلتوورێک شوێنێکی دیاریکراو بەمرۆڤ دەبەخشێت، لەکەلتووری دیموکراسی و مەدەنیدا مرۆڤ دەبێتە سەنتەری رێزگرتن و بیرکردنەوەو ئیرادەی خۆی، مرۆڤ بەگوێرەی ئەتنیک و میللەت و دەوڵەت جیاناکاتەوە، لەرابردووی١٩ساڵی حکوومەتی هەرێمدا، کەلتووری بێمتمانەیی و شکاندنی ئیرادەی یەکتر ئەوەندە پێشخراوە، کە وەک تەنیا کاڵایەک و بێناوەرۆک باس لەماف و ئەرکەکانی ژنان کراوەو جەوهەرو بەهاو سەنگی ژن چەواشەو کەمنرخ کراوە. ئەم کەلتوورە ئێستا پێویستی بەریفۆرم و گۆرانێکی بنچینەیی هەیە، حکوومەت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن

**کاری حکوومەتە زەمینەییەک بئافرێنێت، بۆ بوارەکانی رۆشنبیری تایبەت بەژنان و پرسەکەیان و لەبودجەدا جێگەیان بۆ بکاتەوە**

تارادەیەکی زۆر لێی بەرپرسیارەو دەبێ هەوڵی نوێکردنەوەی بدات، پێویستە رێکخراوی مەدەنی هەوڵ بۆ پەروەردەکردنی پیاوان لەسەر کارنەکردن بەمیتۆدی توندوتیژی و راهێنانیان بەشێوازو میتۆدی مەدەنیانە بدەن و زەمینەیان بۆ برەخسێندرێت.

کەلتوور کە فرەرەهەند، فرەفۆرم، فرەبەهاو شێوازە، بەڵام سیستەمی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، هەوڵیداوە تەنیا کەلتوورێکی زاڵ و رەها بەسەر تاکی ئەم کۆمەڵەدا زاڵ بکرێتو جیاوازییەکان بسرێتەوەو فشاری خستونەتە سەر، کە ئەمە لەناوەرۆکدا کوشتنی کەلتووری دیموکراسیە، بەهۆی زاڵکردنی هەمیشە یەک بۆچون یەک نۆرمی بیرکردنەوەوە، کەلتوورێکی داخراو زاڵکراوە بەسەر کەلتووری رێز گرتن، هۆشیاری، دروستکردنی زەمینەی مەدەنیو فیکری بۆ گەنج و ژن، زەمینە خۆشنەکراوە تاک رابێت مانایەکی قووڵ بەژیانی خۆی بداتەوە، بەتایبەتی کە ژنان لەخەمی دەوڵەمەندکردنی بیرو لۆژیکو خۆپێگەیاندندابن.

**ژن لەبواری رۆشنبیریدا پێویستیان بەبودجەی تایبەت هەیە**

کاری حکوومەتە زەمینەییەک بئافرێنێت، بۆ بوارەکانی رۆشنبیری تایبەت بەژنان و پرسەکەیانو لەبودجەدا جێگەیان بۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی ژن خۆی، خۆی بەرێوەبەرێت، نەک ناچاری حزب و بەرپرس بێت. بەشێوەییەک کە ئەو برە پارەیەی

www.netewe.com

باسی دەکات، کە بۆ ژنانی خەرج دەکات، تەنیا ڕێکخراو و ژنانی ناو حزبەکانی سەر بەخۆیان نەگرێتەوە، بەڵکو کەناڵێک بکرێتەوە کە هەر ژن و ڕێکخراو دەزگ او کەسایەتییەک بگرێتەوە بێجیاوازی و لەو بودجەیە سوودمەند بن، بێجگە لەوەی کە ژنانیش پێویستیان بەهاوکاری بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیو چاپکردنو هتد.. هەیە.

دەتوانرێت تازەکردنەوەی کەلتووری کۆمەڵگە کە ڕێگرن لەبەردەم ژناندا بەتایبەتی، بکرێتە پڕۆژە بۆ زیندووکردنەوەی ئەوانەی لەدەستدراون و ئەوانەشی کە پێویستە بەدەستبخرێن و دەوڵەمەند بکرێن لەڕێی کۆمەککردنی ئەو ڕێکخراوە ژنانیانەی کێشەیان لەگەڵ ئەم سیستەمە تۆتالیتارەدا هەیەو پارەی پێویستیان بۆ تەرخان بکرێت، یان بۆ کەسانی نوخبەو هۆشیار لەپێناو برەودان بەهوشیاری کەلتووری کۆمەڵگاو گۆڕینی کەلتووری شەرەف لەژندا، بەڵکو هەوڵدان بۆ پێناسەکردنەوەی ڕاستی شەرەف و گەڕانەندنەوەی ماف و ڕێزی جەوهەری بۆ ژنان.

بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە چەقی نرخ، بەهاو ڕێزگرتن لەمافەکانی، کە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدار و لایەنی حکوومیو ڕەخنەگران بۆ پەرەپێدان بەپڕۆژەی مرۆییانە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو ڕێزگرتن و ژمێرەکردن بۆ یەکتر لەکۆمەڵگاداو لەماوەی١٩ساڵی ڕابردوودا زۆر بێهێز بووە بەتایبەتی بەرامبەر بەژن کەلتوورێک هاتۆتە ئاراوە، هەمیشە بەرامبەر بەباسکردنی مافەکانی ژنان پیاوان کەمتەرخەم و بێباکو توندوتیژن، ئەم کەلتوورە پێویستە بگۆڕێت بۆ کەلتوورێکی مرۆڤدۆستانەو ڕێزگرتووانە لەئیرادەو مافی هەر تاکێک، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بەڕێزگرتن لەهەبوون و مافەکانی ژنان.

## پرسی ژنانی کەسووکاری ئەنفال لەبودجەی حکوومەت دا

* ڕۆژی ١٩-١-٢٠١٠ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پڕۆژە بودجەی خەملێندراوی ئەمساڵی دیاریکرد کە ١١تریلیۆن و٤٣٣ملیارو١٧٦ملیۆن دینارە، لەم بودجەیەدا سەرەڕای دیاریکردنی کۆمەڵێک بڕەپارە بۆ زۆر بوار کە گرنگ و لەپێش نین، بێجگە لەشوێننەدان بەپرسە جێندەرییەکان و ژنان بەگشتی، بەڵام لەمانە هەمووی قووڵتر لەبیرکردنی بڕی پارەی پێویستە بۆ ژنانی کەسووکاری ئەنفالکراوان لەکاتێکدا زۆرێک لەو ژنانە سەرۆک خێزانن و بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵیان لەئەستۆدایەو کەمدەرامەت و بێکاسبکارن.

بەپێی ڕووپێوێکی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان پرۆسەی ئەنفالی ساڵی١٩٨٨ لە١٤،١٤٪ ڕێژەی بێوەژنی لەکوردستاندا بەرزکردۆتەوە، کەلە ٤٤،٠٩٪ی ئەو ژنانەی کەسووکاری ئەنفالن ژنی ماڵەوەن و بێکارن، شوێنی کارکردنی وەک کارگەو دامەزراوەی گونجاو لەناوچەکانیاندا نییە کاری تێدا بکەن، بەهۆی کارکردنیان لەبازاڕو دەرەوەی ماڵیشدا تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بۆیە ناچارن تەنیا چاوەڕوانی ئەو مووچە کەمەی حکوومەت بن، کە بەزەحمەت ژیانی پێدەگوزەرێنن و منداڵەکانیان لەخوێندن بێبەش دەبن، هەر بەهۆی کەمدەرامەتیو نەبوونی مووچەیەکی تەواو کە ژیانیان فەراهەم بکات، بۆیە پێویست بوو لەبودجەی هەرێمدا زۆر بەتایبەت ژمێرەیان بۆ بکرایە.

* ناحیەی شۆڕش کە گەورەترین ناحیەیەو نزیکەی٤ هەزار خێزانی تێدا دەژی، لەوانە ١٧٠٠ ژن لەو ناوچەیە هاوسەرەکانیان ئەنفالکراوەو خۆیان سەرۆکخێزاننو بژێوی خێزانەکانیان پەیدا دەکەن، حکوومەتی هەرێم لەکابینەی پێنجەمدا زیاتر لە١٥٠٠پارچە زەوی بەسەر خێزانەکاندا دابەشکرد، بەڵام بەهۆی گرانی کەرەستەی خانووبەرەوە نەیانتوانی بیکەن بەخانوو و تێیدا نیشتەجێ بن. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە٢٣،٨٣٪ی کەسووکاری ئەنفالکراوەکان کرێچین، وەزیری پێشوی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان ڕایگەیاندبوو کە پڕۆژەیەکیان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتەی حکوومەتی هەرێم کردووە، بۆ دابینکردنی بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە لەبودجەی گشتی حکوومەتدا، بۆ ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەو باشکردنی ژیانیان، هەر ئەو وەزارەتە زیانی مادی شاڵاوەکانی ئەنفالی بە٨ ملیار دۆلار مەزەندە کردووەو داوای لەبەغداد کردووە، وەک قەرەبوویەک٢٥٠ گوندی هاوچەرخ لەکوردستان دروست بکات، بەڵام ئەمە تائێستاش هەر بەڵێنە.

* لە پڕۆژە بودجەی ساڵی٢٠١٠ی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە پارەی دامودەزگاکانی حکوومەت کەمکراوەتەوەو خراوەتە سەر بودجەی کەسووکاری ئەنفال و شەهیدان و کیمیاباران بەمەش بودجەی کەسووکاری ئەنفالکراوان لە٥٠٪ زیاد دەکات، بەڵام لەملاتریشەوە بەبڕیارێکی نوێی وەزارەتی دارایی و ئابووری، داوای بڕینی دەرماڵەی هاوسەرێتی ئەو فەرمانبەرانە کراوە، کە هاوسەرەکانیان مووچەی خانەنشینیان هەیە. ئەگەر ئەو فەرمانبەرە هاوسەرەکەی مووچەی خانەنشینی هەبێ، دەبێت دەرماڵەی هاوسەرێتی ببڕدرێت کە٥٠هەزار دینارە، ئەگەرنا ئەم بڕیارە نایگرێتەوە، بڕیارەکە فەرمانبەرانی کەسووکاری ئەنفالکراوانیش دەگرێتەوە، بەبیانووی سیستەمی نوێی مووچە کەلە عێراقدا جێبەجێ دەکرێت و گشتگیر کراوە، وەک ئەوەی مووچەو باری ئابووری کەسووکاری ئەنفالکراوان زۆر باش بێ، یان هیچ کارەساتێک ڕووینەدابێت، لەکاتێکدا پێویست بوو ئەم بڕیارە کەسووکاری ئەنفالکراوانی نەگرتایەتەوە.

لەبەرگی دووهەمی پەرتووکی لەپەراوێزی ئەنفالدا، تەها سلێمان دەڵێت: ((ئەگەر ساڵی١٩٨٨ساڵی پەلاماری ئەنفال بوو بۆ سەر کوردبوون و شووناسی نەتەوەییمان لەلایەن بەعسەوە، ئەوا هەر لەو ساڵە بەدواوەو تائێستا ئافرەتانی پەراوێز، پاشماوەی ئەنفال گشت کاتەکانیان لەئەنفالێکی بەردەوامدایەو قورسترین دەردە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەرونی و خێزانییەکانی پەلامارەکە بەجەستە و هەست و نەستی ئەم ئافرەتانەوەیە.

* لەمانگی ئابی ساڵی٢٠٠٩یشدا بەهەوڵی ڕێکخراوی کۆردۆساید ((چاک)) ٥٤سەرۆک شارەوانی نەرویجی داخوازنامەی بەفەرمی ناسینی شاڵاوەکانی ئەنفالیان وەک جینۆسایید واژۆ کرد، وەک هەنگاوێک بۆ بەجیهانی ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال. داخوازنامەکە بۆ شارەوانی هەموو شارەکانی نەرویج نێردراوە. تا بەهاری ساڵی٢٠١٠ دیاریکرابوو بۆ وەڵامدانەوەی، هیچ یەکێک لەشارەوانیەکانیش داخوازینامەکەیان ڕەتنەکردۆتەوە. لەساڵی١٩٨٨دا ڕژێمی بەعس شاڵاوەکانی ئەنفالی بە٨قۆناغ لەکوردستان جێبەجێکردو ١٨٢ هەزار کەس بێسەروشوێن کرانو زیاتر لە٤٥٠٠ دێهاتی کوردستان سووتێنرانو ڕوخێنران و ئێستا زۆرێک لەوانەی لەو شاڵاوە نەگریسە بەجێماون ژنن و خێزان و ئەرکی ڕۆژانەی ژیانیان لەسەر شانە. بۆیە پێویست بوو لەسەرەتادا وەک ئەوەی کە ئەنفال کارەساتێکی تراژیدییەو ژمێرەی زۆر وردو تایبەتی لەهەموو بوارێکدا بۆ بکرێت، هەر جۆرە ئاسانکارییەک بۆ کەسووکارەکانیان لەهەر ڕوویەکەوە بکرێت، بودجەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، لەلایەکی تریشەوە پێویستە ژمێرەی تایبەت بۆ ژنان و پرسەکانیان بکرێت.

STARE_ARIF@HOTMAIL

## نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئاشتکردنەوەی ئەمریکاو جیهانی ئیسلامی بۆ وارڤین:

# هیلاری رایسپاردووم بەرنامەکانم لە کوردستانەوە دەست پێ بکەم



فەرەح ئەنوەر

هەڤپەیڤین: مەریوان نەقشبەندی

وارڤین — تایبەت: هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر ئەوەندە لەناکاو و سەرسورهێنەربووو، شتێکی نەهێشتەوە بۆ بیرکردنەوە لەبەردەم ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ، بۆیە شەڕێکی جیهانی دژی تیرۆر راگەیاند کە زۆر لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکان و بەتایبەتیش هەندێ کەناڵی راگەیاندنی عەرەبی بەئاراستەیەک شرۆڤەو مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بڕیارەی ئەمریکا کردکە بەرپاکردنی شەڕە لەگەڵ ئیسلام. مامەڵەی خراپی هەندێ کەسایەتی و رێکخراو و ناوەندی خاوەن بڕیاری ئەمریکاو رۆژئاوا لەم دۆسیەیەدا ئەوەندەیتر کێشەکەی قووڵ کردەوەو کاتێکمان زانی دیمەنەکە بەجۆرێک خرایەڕوو کە ئەمریکا کەوتووەتە شەڕێکی جیهانی دژی ئیسلام و موسڵمانان و لەناو جیهانی ئیسلامیشدا هەندێک ناوەندی توندرۆ و دەسەڵاتدار توانییان ئەم پرسە بەکار بێنن لەپێناو کۆکردنەوەی دەنگێکی ئێجگار ترسناک کە بانگەشەی شەڕی لەناوبردنی ئەمریکاو هەموو رۆژئاواییەک و بگرە هەر غەیرە موسڵمانێکی لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەکرد. ئەم ململانێیە ئێجگار توندبوو کاتێک ئەمریکییەکان بۆ وادەیەکی نوێی سەرۆکایەتی بەجیاوازییەکی ئێجگار زۆر دەنگیان بەجۆرج دەبلیو بوش دایەوە، بوش توانی لەماوەی ٨ساڵی سەرۆکایەتیدا دوو لەگەورەترین رژێمە ئیسلامییە ئوسوڵی



**فەرەح ئەنوەر لەگەڵ مەریوان نەقسبەندی**

و دیکتاتۆرییەکانی جیهان بروخێنێت کە ئەوانیش رژێمی تالیبان لەئەفغانستان و رژێمی بەعسی سەدامی لەعیراق بوو،کە بەشاهیدی خەڵکی ئەم دوو وڵاتە ئەگەر ئەمریکا نەبوایە هیچ هێزێکی دیکە لەدنیادا نەیدەتوانی ئەم دوو رژێمە ترسناکە لەسەر کورسی حوکمڕانی دووربخاتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا جۆرج دەبلیو بوش توانی بەجۆرێک هەڕەشە لەسەر ئەمریکا دوور بخاتەوە کە بەدرێژایی حوکمڕانی سەرۆک بوش دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لەناو خاکی ئەمریکا ڕوونـەداو هـەر ئـەوەش هۆکاری متمانەی بەشێکی زۆر لەئەمریکییەکان بوو بەئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، بەڵام ئەم ئیدارەیە نەیتوانی متمانەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بۆ لای خۆی بەدەستبێنێت و بەپێچەوانەوە هەڵەی هەندێ لە سەرکردەو سەربازەکانی ئەمریکا لەوڵاتانی ئیسلامی بووە هۆی پەیدابوونی فکرێکی توندڕۆ دژی ئەمریکا.

ئـەم تەنگژەیەی نێوان ئەمریکاو جیهانی ئیسلامی گەیشتە ئاستێکی ترسناک و ئەمریکیەکان هەستیانکرد کە سیاسەتی دژایەتیکردنی ئاینی ئیسلام ئەگەر لە پشت پەردەشەوەبێت، لەئایندەدا بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی ئەمریکا زیانی گـەورەی دەبێت، بۆیە سەرکەوتنی باراک ئۆباما (کە هەندێک دەڵـێـن بەرەچەڵەک موسڵمانە) لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کارێکی چاوەڕوانکرابوو دوای ئەوەی لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی بۆگەیشتن بە کۆشکی سپی بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا ئەوا پەیوەندی نێوان وڵاتەکەی و جیهانی ئیسلامی ئاسایی دەکاتەوە. پێدەچێ ئۆباما بەنیازبێت ئەم بەڵێنە جێبەجێ بکات بۆیە لەبەرواری ٢٣-٦-٢٠٠٩ هیلاری کلینتۆنی سەرۆکی دیپلۆماسیەتی وڵاتەکەی بڕیاریدا خاتوو (فەرەح ئەنوەر پاندیس)کە خاتوونێکی موسڵمانی بەرەگەز کشمیرییە، وەک نوێنەری تایبەتی حکومەتی ئەمریکا بۆ کۆمەڵگە موسڵمانەکان دابمەزرێنێت. ئەم خاتوونە لەناوچەی (سرینیگار)ی هەرێمی کشمیر لەدایکبووە کە تائێستا جێگای ململانێی نێوان هیندستان و پاکستانە. خاتوو فەرەح سەبارەت بەئەزموونی سیاسی خۆی دەڵێت: من لەناوچەیەک لەدایکبووم کە دوو دەوڵەتی خاوەن چەکی ئەتۆمی کێشەیان لەسەری هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم هەرێمە هیندستان و پاکستان بەوڵاتی خۆیان نازانن بەڵکو هەرێمی کشمیر بەهەرێمێکی زوڵملێکراو و هەندێکیشیان بەداگیرکراوی دەزانن و خەباتی خوێناوی لەپێناودا دەکـەن)). بۆیە فەرەح، لەگەڵ رۆیشتنی بۆ ئەمریکاو جێگیربوونی لەو وڵاتەو وەرگرتنی رەگەزنامەی ئەمریکی دەستی بەلێکۆڵینەوە لەهۆکاری یاخیبوون و خەباتی چەکداری لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەی کردووە. پاندیس پێش ئەوەی خوێندنی باڵا دەستپێبکات دەستی بەسیاسەت کـردووەو لەسەنتەری (USAID)وەک یـاریـدەدەری بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بۆ کاروباری کەرتی گشتی و کەرتی قازانج نەویست کاری کردووە. دواتر لەشاری (بۆستن)ی ئەمریکا لەخزمەتگوزاری مرۆیی نێودەوڵەتیدا کارەکانی چڕکردووەتەوەو لەکۆلیژی (سمیس) پلەی بەکالۆریۆسی لە بـواری حکوومەت و سایکۆلۆژیدا بەدەست هێناوە. دواتـر لەکۆلیژی (فلێچەر )بۆ بۆ یاساو دیپلۆماسیەت لەزانکۆی (تەفتس) پلەی ماستەری تـەواوکـردووەو پێش ئەوەی وەک نوێنەری تایبەتی حکوومەتی ئەمریکا بۆ کۆمەڵگە ئیسلامیەکانی جیهان دەستبەکاربێت وەک راوێژکاری باڵای یـاریـدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئەورووپاو ئۆراسیا کاری کردووەو زیاتر هەوڵەکانی بۆ لێکۆڵینەوەوتێگەیشتن لەکۆمەڵگە موسڵمانەکان چڕکردووەتەوەو چەندین پلان و پێشنیاری بۆ پێکەوە ژیـان و کـاری هاوبەش لەنێوان

www.netewe.com

ئەمریکاو کۆمەڵگە موسڵمانەکان پێشکەش بەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کردووە. وەک خۆی دەڵێت، لەدەرئەنجامی ئەم پێشنیارانەو کارکردنی مەیدانی لەچەندین وڵاتی ئیسلامی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفغانستان، پلەی بەرپرسی سیاسەتی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا وەرگرتووەو توانیویەتی پردێکی بەهێزی متمانە لەنێوان ئیدارەی ئەمریکاو کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ئەو ناوچانەدا دروست بکات.

خاتوو فەرەح، زۆر خۆشحاڵ بوو بەسەردانی هەرێمی کوردستان و گوتی: ((هاتووم هاوکاری خەڵکی ئەم هەرێمە بکەم، تا ئەو دیمەنە ناشیرینانەی کە لێرە لەسەر ئەمریکا دروستکراوە، جوان بکەمەوەو هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا زۆر تەئکیدی لێکردومەتەوە کە پێویستە بەرنامەی کارکردنم لەعێراقدا لەهەرێمی کوردستانەوە دەستپێبکەم، لێرە خۆشحاڵم بە خۆڕاگری میللەتی کورد، دەبینم خۆشەویستی ئەم گەلە بۆ نیشتیمانەکەی لەئاستێکدایە تەحەمولی زۆر لەکەموکوڕییەکانی ژیان دەکەن. خواستی دیموکراسی لەم هەرێمەدا لەسەر رێگایەکی دروستەوە دەکرێت ئەمریکا هاوکاربێت بۆ سەقامگیری زیاتر و قووڵبوونەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لەکوردستان. کاری من کارێکی جەماوەرییەو دەمەوێ جەخت لەسەر نەوەی نوێی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان بکەم)). فەرەح وەها درێژەی بەقسەکانی دا((هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر ئیسلام ئاینی توندرۆیی ببینرێت، پێویستە ئەو راستییە لەلای هەموان بچەسپێت کە توندرۆیی و فکری شەیتانی زیاتر پەیوەندی بەبیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە هەیەو ناکرێت بخرێتە ئەستۆی ئایین، هەرئاینێک پشتی پێدەبەسترێت پێویستە خۆشەویستی و ئاشتی و ئاییندەیەکی رووناک بۆ کۆمەڵگاکان پەخش بکات. لەکوردستان لەگەڵ بەشێکی زۆر لەچین و توێژەکان گفتوگۆم کرد لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و حکوومی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، جێگای شانازییە بۆ ئیدارەو گەلی ئەمریکا کە دۆستایەتی هەرێمێکی وەک هەرێمی کوردستان و گەلێکی وەک گەلی کورد بکات کە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق سەرباز و بەرپرسانی ئەمریکی و بیانی لەم

> هاتووم هاوکاری خەڵکی ئەم هەرێمە بکەم، تا ئەو دیمەنە ناشیرینانەی کە لێرە لەسەر ئەمریکا دروستکراوە، جوان بکەمەوەو هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا زۆر تەئکیدی لێکردومەتەوە کە پێویستە بەرنامەی کارکردنم لەعێراقدا لەهەرێمی کوردستانەوە دەستپێبکەم

هەرێمەدا بەئارامی ژیاون و خۆشەویستیان لەخەڵکی ئەم هەرێمە بینیوە)).

فەرەح، سەبارەت بەو راپۆرتانەی کە ساڵانە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئازادی ئایینی و رەوشی ئایینی لەجیهاندا ئامادەو بڵاوی دەکاتەوە، بەڵێنیدا لەئەمساڵەوە تایبەتمەندی ئەم هەرێمە لەعێراقدا دەربکەوێت، لەسەر بەرنامەی کارکردنی لەکوردستان و ناوچەکەداو گوتی: ((گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی توندرۆیی لەهەرێمی کوردستاندا فکرێکی نامۆیەو تەنانەت حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیش خۆیان بەقوربانی تیرۆر و توندرۆیی دەزانن))،گوتیشی کە مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ کۆمەڵگا ئیسلامییەکان پێویستی بەدروستکردنی پایەکانی متمانەو راستگۆیی هەیە.((لەگەڵ هەر وڵات و ناوچەیەکی ئیسلامیدا پێویستمان بەمامەڵەو متمانەیەکی جیاواز هەیە، لەهەندێ وڵاتی ئیسلامیدا هەموو یاساکان پشتی بەشەریعەتی ئیسلامی بەستووەو لەهەندێکیشیان ئیسلام تەنیا وەک لایەنی عیبادەت سەیر دەکرێت و لەجیاتی ئەوە پشت بەبنەما ئەخلاقییە جوانەکانی ئیسلام بەستراوە کە بەبۆچوونی من ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەی ئیسلامی زۆر ئاسانترە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا قبووڵب کەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو وڵات و ناوچانەی ئیسلامی کە دیموکراسیەتی تێدا نییە زۆر زەحمەتە بەخێرایی پەیامی تازەی ئیدارەی ئەمریکا تێبگەن و لەم وڵاتانەدا پێویستمان بەسەبری ئەیوب دەبێت)).

فەرەح، وەک خۆی دەڵێ، ئافرەتێکی گەشبینەو هەمیشە بڕوای بەئاشتەوایی هەیەو لەو باوەرەدا نییە کە ئاشتبوونەوەی ئەمریکاو جیهانی ئیسلامی مەحاڵ بێت. ئەو دەڵێ: ((ئەوەی لەم هەشت نۆ ساڵەی دواییدا روویدا زۆر رەوشی جیهانی ئاڵۆزکرد، بۆیە پێویستمان بەهەمان ماوە یان شتێک کەمتر دەبێت تا ئاوەکان بخەینەوە سەر جۆگەلەکانی خۆیان. هیلاری کلینتۆن پێیگوتم ئەرکی تۆ گۆڕینی بیرۆکەی پێکدادانی شارستانییەت و ئایینەکانە بۆ پێکەوەژیانی ئەم ئایین و شارستانییەتانە. منیش پێمگوت کە سەرکەوتنی کاری من تەنیا لەلای گەلانی موسڵمان نییە بەڵکو پێویستم بەجیدیەتی ئیدارەکەی خۆم و هاوکاری گەلەکەی خۆمە کە گەلی ئەمریکایە.

لەم گفتوگۆیەدا پرسیارێکی شەخسیم لە فەرەح کرد ئەویش بەپێکەنینەوە پێیگوتم من لەشوێنێک لەدایکبووم کە جوانترین دیمەنەکانی دنیای لێیە، بەڵام ئەو دیمەنانەو ئەو ئاووهەوا خۆشە نەبووە بەختەوەری بۆ خێزانەکەم، بۆیە ناچاربووین لەجیاتی گوێگرتن گۆرانیگوتن و سەمای کشمیری روو لەوڵاتێک بکەین و بەدوای ئازادیدا بگەڕێین. بەڵام پێش ئەوەی کچانی هەرێمی کشمیر بەجێبێڵم پێمگوتن: ((رۆژێک دەبێ بگەڕێمەوە بۆ لاتان و پەیامی ئازادی و پێکەوە ژیانتان بۆ بهێنم، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی دەبمە ئەو ئافرەتەی کە سیاسەت وکاری رێکخراوەیی ژیانی تایبەتیم لێ زەوت بکات و تەنیا لەم چەند مانگەی دەستبەکاربوونمدا ٢٩وڵاتی ئیسلامی گەراوم کە چارەسەرکردنی کێشەی هەر یەکێکیان بەسە بۆ پیربوونی دڵ و ویژدانی هەر مرۆڤێک.

naqshbandy@gmail.com

www.netewe.com




هاندەرانی بەرسەلۆنە

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

www.netewe.com



# قەرەجەکان لەسواڵکردن پاشگەزبوونەتەوە ((ژن کوشتن و سووتان و فرەژنی قەدەغەیە))

کوردستان- ٢٠٠٨

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

دهۆک

لەو ریپۆرتاژەدا پەیامنێری گۆڤاری وارڤین لەدهۆک هێژا شێخ مەمی، لەنزیکەوە گفتوگۆی لەگەڵ خێزانە قەرەجەکان کردووەو تێیدا لایەنی ژیانی تایبەتی قەرەجەکانی لەڕووی هاوسەرێتی، تێڕوانینیان بۆ ژیان و پاراستنی دابوونەریتەوە خستووەتەڕوو، هێژا هەروەها ئەوەشی دەستنیشان کردووە کە ژنکوشتن و سووتاندن و فرەژنی، لەنێو قەرەجەکاندا نییە.

لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان، خێوەت و کۆمەڵگە هەن کە قەرەجەکان تێیدا نیشتەجێن. پارێزگای دهۆک، لەو پارێزگایانەیە لەساڵی ١٩٥٩ـــوە تائێستا قەرەجەکانی لێ نیشتەجێن. لەئێستادا نزیکەی ١٠٠٠خێزانی قەرەج لەوپارێزگایەدا دەژین و کۆمەڵگەیەکیان بەناوی کۆمەڵگەی ئاداری قەرەجان دروست کردووە. داهاتی سەرەکی قەرەجەکان، لەرێگەی سواڵکردنەوەیە، ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزان و منداڵ، لەئەستۆی ژنەکاندایە. لەنێو قەرەجەکاندا ژنکوشتن بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە. کچەکانیان بەئارەزووی خۆیان شوودەکەن و کەس ناتوانێت ناچاریان بکات کە بەنابەدڵی شوبکەن. هاوکات ژنە قەرەجەکان، گلەیی لەپیاوەکانیان دەکەن کە لەدابینکردنی بژێوی ژیان یارمەتیان نادەن و هیچ کارێک ناکەن، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ لەئەستۆی ژندایە، ئەوانیش تەنیا دەتوانن لەرێگەی سواڵکردنەوە داهاتی بەخێوکردنی ماڵەکانیان دابین بکەن.

## قەرەجەکان کێن؟

لەبارەی رەچەڵەکی قەرەجەکان، زۆر را هەن، هەندێک دەڵێن قەرەجەکان، لەوڵاتی هیندستانەوە هاتوون و لەناوچەکانی کوردستان و ئێران، نیشتەجێبوون. بۆچوونێکیتر هەیە کە گوایە قەرەجەکان، بەرەچەڵەک قاجارین، ئەوەش زیاتر بەهۆی وشەی قەرەجەوەیە کەلە وشەی قەجەر نزیکە. دەوڵەتی قاجارییەکان دەوڵەتێکی فارسی بوو کەلە ساڵانی ١٧٩٦_ ١٩٥٠ لەئێران، دەسەڵاتدار بوو.

مێژووناس، د. فەرسەت مەرعی، لەوبارەیەوە، دەڵێ قەرەجەکان، لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەن، لەهەر وڵاتێک ناوی تایبەتی خۆیان هەیە لە تورکیا ((جەنگەنە))یان پێدەگوترێت، لەسوریا ((ئەلنور)) هەندێ عەرەب، پێیاندەڵێن ((کێوەلی)) یان ((غەجەر)). قەرەجەکان، بەدوو تەوژم هاتوونەتە کوردستان. تەوژمی یەکەم، لەسەردەمی خەلافەتی موعتەسەم. تەوژمی دووهەمیش لەسەردەمی دەوڵەتی قاجارییەکاندا بووە. د.فەرەست، ئەو رایەی کە زۆر کەس دەڵێن قەرەجەکان بەرەچەڵەک کوردن، رەتدەکاتەوە ((قەرەجەکان کورد نین، بەڵام لەماوەی دانیشتنیان لەکوردستان، فێری زمانی کوردی بوون)). هەندێ لەقەرەجەکان دەڵێن، ((زمانی ئێمە زمانی رەسەنی کوردییەو لەشێوەزاری لوریەوە نزیکە ((. د. فەرسەت دەڵێ، زمانی قەرەجەکان، ئەسڵی زمانی رۆمانییەو ئێستاش رۆمانییەکان بەکاری دەهێنن. لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، هەن و ئەندامی پەرلەمانیان هەیە، لەهەندێ وڵاتیشدا خاوەن هێزی گەورەن. وەک ((هنگاریا، رۆمانیا، ئەڵمانیا، ئێرلەندا و سوید)).



کوردستان- ٢٠٠٨ فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

## ژن و ژنخوازی لەنێو قەرەجەکاندا

دابوونەریتی قەرەجەکان، لە ژن و ژنخوازیدا، جیاوازی زۆری لەگەڵ دابوونەریتی چینەکانیتری کۆمەڵگادا هەیە. مامۆستا ساڵح یوسف، مامۆستای ئایینی کۆمەڵگای ئاداری قەرەجەکان، سەبارەت بەشێوازی ژن و ژنخوازی لەو کۆمەڵگەیەدا دەڵێ: ((لەکاتی خوازبێنی کچێکدا، دایک و باوکی کورەکە بەتەنیا دەڕۆنە ماڵی کچەکە، بەهیچ جۆرێکیش گوشار ناخرێتە سەر کچەکە، تا ڕەزامەندی بۆ هاوسەرگیری دەرببڕێت)). ئەوەش دەخاتەڕوو کە جاران ئاهەنگی بووکگواستنەوە لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا بوو، بەدەنگی هونەرمەندە میللییەکانی خۆیان، شایی هەڵپەڕکێیان سازکردووە، بەڵام ئێستا لەشوێنی فەرمی ئاهەنگەکاندا، ئاهەنگ دەگێڕن. قەرەجەکان، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرێگەی عەشایەری چارەسەردەکەن، بەڵام ژن کوشتن و سووتان لەنێو قەرەجەکاندا نییە. لە دادگاش هەروەک هاووڵاتییانی تری ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. یونس فەرەج، موختاری کۆمەڵگەی ئاداری قەرەجان، دەڵێ ((ئێمە هیچ زوڵم و ستەمێک لەژنان ناکەین، ئەوان بەئارەزووی خۆیان شوو دەکەن و ژیان بەسەر دەبەن، ژن کوشتن لەنێو ئێمەدا نییە، تائێستا نەمزانیووە ژنەقەرەجێک خۆی کوشتبێت)).

ئایینی قەرەجەکان

قەرەجەکان زۆرجار دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین، زۆربەی ئەو قەرەجانەی لەکوردستاندا دەژین، پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن و موسڵمانن. گەنجانی کۆمەڵگەی ئادار، زۆربەیان دینداری دەکەن و کەسانی لەخواترسن. بەبەراورد لەگەڵ ساڵانیتر بیر لەداهاتوو و دوارۆژی خۆیان دەکەنەوەو بیر لەوە دەکەنەوە کە ئیتر دوارۆژێک بۆ منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن و بیانخەنەبەر خوێندن.

### خزمەتگوزاری

موختاری کۆمەڵگەکی ئادار دەڵێت، حکوومەت هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی بۆ دابینکردوون ((پرۆژەکانی خزمەتگوزاری لەکۆمەڵگاکەمان زۆر باشەو ٩٥٪ پێویستییەکانمان دابینکراوە. هیچ کێشەیەکی خزمەتگوزاریمان نییە)). نەسرین، ژنە قەرەجێکە کە لەنێو بازاڕی دهۆکدا، سواڵ دەکات، گوتی: ((سواڵکردن ئێستا کەم بووە، چونکە ژنانی قەرەجیش دەیانەوێت خزمەتی ماڵ و منداڵەکانیان بکەن، بۆیە ژنان زۆر بەماڵەوە بەستراوەنەتەوەو ناتوانن بچنە دەرەوە. من خۆم چوار کوڕم هەیەو هەر چواریان لە قوتابخانەن و دەمەوێت بۆ بنیاتنانی پاشەڕۆژێکی باش، پشتگیرییان بکەم)).

### خۆزگەی ژنە قەرەجەکان

وێڕای بوونی هەندێ ئازادی لەنێو کۆمەڵگەی قەرەجەکاندا، ژنە قەرەجەکان لەخوێندن بێبەشن و دەبێ لەڕێگەی سواڵکردنەوە داهاتی خۆیان دابین بکەن. کەوێ نەزیر، ژنە قەرەجێکی کۆمەڵگەی ئادارە، ئاماژە بەوەدەکات کە ئێستا دیاردەی سواڵکردن، لەکۆمەڵگاکەی ئەواندا، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، کەم بووەتەوە. ئەو ژنە قەرەجانەش کە لەزۆر شوێن سواڵدەکەن، هی کۆمەڵگاکەی ئەوان نین ((ژنی کۆمەڵگاکەی ئێمە ماڵداری دەکەن لەژنانیتر، دەسترەنگین ترن)). بەڵام خوێندەوار نین، بۆیە ناتوانن وەک ژنانیتر ببنە خاوەن کار. ژنە قەرەجێکیتر کە رازینەبوو ناوی بهێنین، ئاشکرای کرد کە لەساڵانی ٢٠٠٠تا



کوردستان- ٢٠٠٨ فۆتۆ: ژولی عەدنان

٢٠٠٣ باری ئابوریيان زۆرخراپ بوو، بۆیە ئەو و ٤ژنیتر گروپێکیان دروستکردووە ((رۆژانە لەگەڵ کوڕی گەنج، دەردەچووین لەشفرۆشیمان دەکرد، لەماوی هەر رۆژێکدا هەریەک لە ئێمە زیاتر لە ٢٠ گەنجمان دەبینی و کاری سێکسیان لەگەڵا دەکردین و لەبەرامبەردا پارەمان وەردەگرت. بەڵام دەستگیرکراین، ماوەی ٣ساڵ لە زیندان بووم، کە ئازادکرام حکومەت خانووی بۆ دروستکردین و باری ئابووری خێزانەکەم باش بوو، منیش وازم لەو کارەهێنا)). توتن، ژنە قەرەجێکی ترە، بەپێچەوانەی رای ژنەکانی تر دەڵێت ((تائێستاش زۆر لەژنە قەرەجەکان، ناچار بەکاری لەشفرۆشی دەکرێن، چونکە ناچارن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان سواڵ بکەن، بەم رێگایەش پیاوان دەتوانن بەئاسانی دەستدرێژی بکەنە سەریان)). توتن، ئۆباڵی ئەوەش دەخاتە ئەستۆی هاوسەرەکانیان. چونکە ژنە قەرەجەکان خوێندەوارنین و دەبێ بژێوی ماڵیش دابین بکەن. بۆیە ئەو ژنە خۆزگە دەخوازێت کە ئەوانیش وەک ژنانیتر ببنە خاوەن کار و بچنەبەر خوێندن. هاوکات پیاوێکی قەرەج بەناوی خالید وەسمان، دەڵێ ((ئێمە ئاگاداری ئەوەین کەلە نێو ژنە قەرەجەکاندا، لەشفرۆشی هەبوو، بەڵام ژمارەیەکی کەمبوون و ئەوانەبوون کە باری ئابوریيان زۆرخراپ بوو، لەلایەن گەنجانەوە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنران)). نورها، کچێکی ١٨ ساڵی قەرەجە، ئاماژە بەوەدەکات ((لە منداڵییەوە کارم سواڵکردن بووەو گەورەکانمان، هانیانداوم و ناچاریان کردووم. لەکاتی سواڵکردن زۆرجار چاوم بەکچانی دیکە کەوتووەو هیوام خواستووە، بتوانم وەک ئەوان بژیم)). هەڤین، کچە قەرەجێکی تری ٢١ ساڵەو ١٦ساڵی لەسواڵکردندا بەرێکردووە ((تا تەمەنی ١٦ ساڵی کارم سواڵکردن بوو، بەڵام دوای ئەوەی دوو گەنج دەستدرێژیان کردەسەرم وازم لەو کارە هێنا، ئێستا لەماڵەوە دانیشتووم و ئاواتەخوازم کەسێک بێتە خوازبێنم و شووی پێبکەم، هەروەها ئاواتیشم ئەوەیە شوو بەکوڕێکی کوردی ناوچەی بادینان بکەم)).

> تائێستاش زۆر لەژنە قەرەجەکان، ناچار بەکاری لەشفرۆشی دەکرێن، چونکە ناچارن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان سواڵ بکەن، بەم رێگایەش پیاوان دەتوانن بەئاسانی دەستدرێژی بکەنە سەریان


### فرەژنی لەکۆمەڵگەی قەرەجەکاندا

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی قەرەجەکان، لەژێر خێمەدا دەژیـن، بـەڵام لەهەندێ خێزاندا، پیاوەکان زیاتر لەیەک ژن دەهێنن. موختاری کۆمەڵگەی ئادار یونس فەرەج دەڵێت: (( لەنێو زۆربەی کۆمەڵگاکاندا فرەژنی هەیە، بەڵام لەنێو ئێمەی قەرەجدا رێژەیەکی زۆر کەم هەیە، دابوونەریتی ئێمە رێگە بەفرەژنی نادات، بەتایبەت لەکۆمەڵگای ئادار)). زۆربەی قەرەجەکان، لەهەوڵی پاراستنی دابوونەریتی خۆیاندان و پێیانوایە، دابوونەریتی ئەوان لەهی شار، تۆکمە ترە، بەتایبەت لەتێروانین بۆ پێگەو ژیانی ژنان. یونس قەرەج، دەڵێ، ئەو کۆمەڵگایانەی کە قەرەجەکانی تێدا دەژی، کاریگەری زۆریان لەسەر دابوونەریتی قەرەجەکان کردووەو هەوڵدەدەن ژیانێکی مەدەنی پەیڕەو بکەن و لەهەندێ دیاردەی وەک، سواڵکردن کە ئێستاش هەیە، دووربکەونەوە.

# کڕینی جلی ژێرەوە گرفتی بۆ ژنان دروست کردووە

www.netewe.com

هەندێ لەژنان ئەوەدەخەنەڕوو کە لەکاتی چوونیان بۆبازار، ناتوانن بەئارەزووی خۆیان جلی ژێرەوە بکڕن، چونکە هەندێکجار لەلایەن دوکاندارە پیاوەکانەوە ڕووبەڕووی توانج بوونەتەوە.



ئاڤان فارس

هەولێر

بەهۆی زاڵبوونی دابوونەریت، تائێستا ژنان لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەئاسوودەیی پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە کاتێ ژنێک جلی ژێرەوە دەکرێت زۆرجار لەلایەن خاوەن دوکانەکەوە، توانجی لێدراوە، یان بەهۆی ئەوەی کە خاوەندوکانەکە پیاو بووە نەیتوانیوە جلەکە تاقی بکاتەوە. خاوەن کۆگایەکی فرۆشتنی جلی ژێرەوەی ژنان، بەناوی ئەحمەد کەریم، لە راین مۆڵ ئاماژەیدا کە زۆربەی ئەو ژنانەی بۆ فرۆشتنی جلی ژێرەوە ڕوودەکەنە کۆگاکەی، بەبێ تاقیکردنەوە، جلەکان دەکڕن. ئەگەر شوێنی تاقیکردنەوەش هەبێت ((شەرم دەکەن، تاقیبکەنەوە)). بۆیە باشترە خاوەن کۆگاکانی جلی ژێرەوە، ژن بێت. هەندێ لەژنان لەمامەڵەی فرۆشیاری خاوەن کۆگاکان نیگەرانن، چونکە ((سنوور دەبەزێنن)). کچە قوتابییەکی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، کەلە بازاڕی راین مۆڵ خەریکی کڕینی کەلوپەلی جوانکاری و جلی ژێرەوەبوو گوتی ((ئەگەر خاوەنی ئەمجۆرە کۆگایانە ژن بێت، ئەوا بەئاسوودەیی جلی ژێرەوە هەڵدەبژێرین، چونکە زۆرجار پیاوان لەسنووری پرسیارەکان دەردەچن و بەلای شتی تر دەچن)). چنار حەکیم، دەڵێ کە چەندینجار لەکاتی کڕینی جلی ژێرەوەدا پرسیاری کردووە، فرۆشیارەکە بەلای شتی تر داچووە، بۆیە حەزدەکات خاوەن ئەو کۆگایانە ژن بێت. شیرین قاسم، فەرمانبەری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ٣١ساڵ، هاوڕێی چنارەو پێچەوانەی رای ئەو گوتی: ((زۆر ئاساییە پیاو فرۆشیاری ئەو جۆرە جلوبەرگانە بێت)). ئەو پێیوابوو، کڕینی پێداویستییەکان پێویست بەشەرمکردن ناکات ((من هیچ کێشەیەکم لەفرۆشیاری پیاو نییە، کڕینی پێداویستییەکان مافی ئاسایی هەموو کەسێکەو شەرم ناکەم)). هەندێ لەخاوەن دوکانەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن کە ئێستا ژن لەکڕینی جلی ژێرەوە شەرمناکەن. خاوەن کۆگای ئەستێرە، لە بازاڕی گەورەی شاری هەولێر، ئیبراهیم عومەر، ماوەی ١٠ ساڵە جلی ژێرەوەی ژنان دەفرۆشێت، باس لەوەدەکات کە ئێستا زۆر لەژنان زۆر بەئاساییی پرسیار لەجۆری پۆشاکەکە دەکەن و بەدوای شتی جوان دەگەڕێن، ئەوەش بۆ ((کرانەوەی خەڵک بەهۆی خوێندەواری و راگەیاندنەوە)) دەگەڕێنێتەوە.

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لە ٣/١٤ـی ئەمساڵ بەبەشداری ١٥٥ کۆمپانیا هەمەجۆر، ٦٣ جلووبەرگی دەستکردی تورکیای نمایشکرد کە بەشی هەرەزۆری جلی ژێرەوەی ژنان بوو. بەشێکی زۆری ئامادەبووانی پێشەنگاکە پیاو بوون. ئەو ژنانەی لەپێشەنگاکەش ئامادەبوون بەشەرمەوە سەیری جۆری جلەکانیان دەکرد. دیلان ئەلیف، یەکێک لەسەرپەرشتیارانی پێشانگای نێودەوڵەتی جلوبەرگی تورکیا بوو، ئەوەی خستەڕوو کە مەبەستیان لەهێنانی رێژەیەکی زۆر لەمارکەی نوێ جلی ژێرەوە، بایەخدانە بەو جلانە، چونکە بەقەسەی ئەو مارکەی جلی ژێرەوەی تورکی زۆر بەناوبانگە، کێبڕکێ لەگەڵ ئەورووپا دەکات. گوتیشی: ((لەو پێشانگایە تەنیا نمایشی جۆرەکان کرا، ئامادەین هاوکاری بازرگانە کوردەکان بکەین)). دیلان ئەلیف، باس لەوەدەکات لەکوردستان بەهۆی زاڵبوونی دابوونەریت، بایەخ بەجلی ژێرەوە نادرێت، ئەمەش وایکردووە ژنان زیاتر بایەخ بەرووکەش بدەن. هەروەها ئەو ژنە گرنگیدان بەجلی ژێرەوە، بەپێویست دەزانێت تا ((لە کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان دووریان





بخاتەوە)). خاوەن کۆگای رۆمانس هێرش رزگار کە جلی ژێرەوەی ژنانی لێدەفرۆشرێت، پشتڕاستیدەکاتەوە کە وێڕای بوونی جلی ژێرەوەی جوان و تەندروست، ژنی کورد بایەخی پێنادات. هاوکات هێرش، پێی باشە کە فرۆشیاری ئەم جۆرە کۆگایانە ژن بێت، تا لەگەڵ کڕیارەکاندا، باشتر لەیەکتر بگەن. ناسکە حەمید، ژنی ماڵ، ٣٥ ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی راپەڕین، روونیدەکاتەوە کە لەکاتی کڕینی جلی ژێرەوە بەشەرمەوە مامەڵە لەگەڵ فرۆشیارەکە دەکات، ئەو منداڵێکیشی هەیە، بەڵام بەهۆی شەرمەوە ناتوانێت بچێتە ئەو کۆگایانەی جلی ژێرەوەی ژنان دەفرۆشێت. توێژەری کۆمەڵایەتی ژاڵە مەهدی، هۆکاری شەرمی ژنان لەکاتی کڕینی جلی ژێرەوە بۆ زاڵبوونی دابوونەریتی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێنێتەوە ((جلی ژێرەوە، تایبەتە بەپۆشینی ناوچە سێکسسییەکانی ژن، باسکردنی ئەوانەش قەدەغەو حەرامکراوە، بۆیە ژنان شەرم دەکەن)). هەروەها دەڵێ ((لەرابردوودا ئەو پارچانەی کەلە ژێر جلی کوردی دەپۆشران، دەشاردرایەوە چونکە دابوونەریت دژی دەرخستنی ئەو بابەتەن، تا ئەو دواییانەش بایەخدان بەجلی ژێرەوە شەرم بوو، بەڵام لەئێستادا بارودۆخ گۆڕاوە. جلی ژێرەوە کاریگەری زۆری لەبەهێزبوونی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد هەیە، چونکە جلووبەرگ رۆڵێکی گرنگی لەورووژاندنی ئارەزووی سێکسی پیاواندا، هەیە)). کوێستان هاشم، ٢٢ ساڵ قوتابی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، ئەوە دەخاتەڕوو کە تائێستا نەیتوانیوە جلی ژێرەوە بەئارەزووی خۆی بکڕێت، چونکە شەرم لەفرۆشیارەکان دەکات، دەخوازێت فرۆشیاری ژن جلی ژێرەوە بفرۆشێت. هاوکات پسپۆڕانی بواری پێست هۆشداری دەدەنە ژنان کە جلی ژێرەوە کاریگەری بەسەر پێستەوە هەیە، پێویستە جلی ژێرەوە پاک و قوماشی گونجاو بێت، لایلۆنی تێدا نەبێ، هەروەها تەسک نەبێ، چونکە ئەمجۆرە جلانە جەستە دەگوشن. پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر ماسوولکەکان و پێست تووشی خروشت و لۆچ دەکات. پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست، د. موشیر ئەحمەد لەوبارەیەوە دەڵێت: ((جلی تەسک و مەتاتی، بەتایبەت لەناوچەی سینگ و حەوز، دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان و چەوری لەو ناوچانەی جەستەدا زۆر دەبێ. بۆیە پێویستە ژنان بایەخ بەجلی ژێرەوەیان بدەن، دوور بکەونەوە لەو جلانەی مادەی نایلۆنیان تێدایە کە زۆر مەتاتن و جەستە دەگوشن.



www.netewe.com



## ((ئۆقیانووسێك پڕلەنهێنی))

# دانپێدانانی ئەو کەسانەی لە کوردستان ((خیانەتی هاوسەری)) دەکەن

ئەلمانیا

دوای ئەوەی خەندان حەمەجەزای چالاک لە مافەکانی ژنان، بە بڵاوکردنەوەی سەدان بەڵگە لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی لە کوردستاندا لە کتێبی ئۆقیانووسێک لەتاوان ((هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئێستا توێژینەوەیەکی تری بەناوی ((ئۆقیانووسێک پڕلەنهێنی)) ئامادەیەو سەدان بەڵگەی لەسەر دیاردەی ((خیانەتی هاوسەری)) لە کۆمەڵگەی کوردستاندا خستوەتەڕوو.

www.nefewe.com

خەندان، دوای ئەوەی کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تـاوان)ی نووسی، چەندجارێک هێرشی کرایەسەر، بۆیە ئێستا لەگەڵ کچە ٨ ساڵانەکەی لە وڵاتی ئەڵمانیا پەنابەرە.

خەندان، لەمانگەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ وە بەیەکجاری کوردستانی بەجێهێشتووە، ئەویش دوای ئەوەی کە ناچارکرا کوردستان بەجێبهێڵێت.

خەندان، ئێستا توێژینەوەیەکی تری بەهەمانشێوەی توێژینەوەکەی پێشوو ئامادەیە بۆ چاپ، کە چاوپێکەوتنی سەدان کەسی تێدایەو دان بەوەدا دەنێن کەلە کوردستاندا ((خیانەتی هاوسەری دەکەن)).

بەپێی گوتەی خەندان، ئەو کەسانە خۆیان دانیان بەوەداناوە کە پەیوەندی نهێنییان لەگەڵ کەسی تردا هەبووە.

خەندان، دەڵێ کە نموونەی لەهەموو توێژو ئاستەکانی کۆمەڵگە وەرگرتووە کە لەدەرەوەی خێزانەکانیان پەیوەندی نهێنی و سێکسییان هەبووە.

خەندان، لە چاوپێکەوتنێکیدا بە وارڤینی گوت((تائێستاش کۆمەڵگەی کوردی پەیوەندی دەرەوەی خێزان ڕەت دەکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵگە تێوەگلاوە)).

بەپێی توێژینەوەکەی خەندان کە ناوی((ئۆقیانووسێک پڕ لەنهێنی)) لێناوە، نموونەکان لەناو زیندانەکان، دائیرەکان و شوێنە گشتیەکان، خێزانەکاندا وەرگیراوە کە خۆیان دان بەوەدا دەنێن پەیوەندی دەرەوەی خێزان ((خیانەتیت هاوسەری))یان هەبووە.

خەندان گوتی: ((بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە بۆم دەرکەوتووە کە تەواوی پیاوەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەشوێن سێکسدا دەگەڕێن و تەواوی ژنەکانیش بەشوێن خۆشەویستدا دەگەڕێن)).

لەتوێژینەوەکەدا ئاماژە بەوەدەکات کە«پیاوان هەمیشە بەشوێن هەمەڕەنگی سێکسەوەن، کاتێک پیاوەکان لەگەڵ ژنێک بۆماوەیەک دەخەون دواتر لێی بێزار دەبن و حەزبە ژنێکی تر دەکەن)).

خەندان گوتی((نامەوێ لە ئێستادا توێژینەوەکەم بڵاوبکەمەوە، چونکە دڵنیام کە کۆمەڵگەی کوردستان تەقەبوولی دەرئەنجامەکانی ناکات)).

بەبڕوای خەندان، دەرئەنجامەکان هێندە کاریگەرو قورسن کە زۆربەی کەسەکان بڕوایان بە هاوسەر، خوشک، دایک، پیاو، براکانی خۆیان نامێنێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە((زۆرێک لە تاکەکان بەنهێنی پەیوەندی دەرەوەی خێزانیان هەیە)).

ژنان لەدانپیدانانەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن یەکێک لە هۆکارەکانی دروستکردنی پەیوەندی دەرەوەی خێزانەکانیان نەبوونی خۆشەوستی هاوسەرەکانیانە.

خەندان، گوتی کە ژنان بەهۆی فەراغی خۆشەویستییەوە پەنا بۆ ئەو پیاوانە دەبەن کە هەمیشە بەشان و باڵیاندا هەڵدەدەن، یان خۆشەویستییان بۆ دەردەبڕن.

گوتیشی((بەڵام دوای ئەوەی کە پیاوەکان چەند جارێک لەگەڵ ژنەکان سێکس دەکەن، ئیتر واز لە دەربڕینی خۆشەویستی و ئیحساس دەهێنن و چیتر گرنگیان پێنادەن، تەنیا لەکاتی سێکسدا نەبێت)).

هەروەها گوتیشی((زۆربەی پیاوان کاتێک لەگەڵ ژنەکانیاندا سێکس دەکەن تەنها بیر لەخۆیان دەکەنەوە، واتە ژنەکە هیچ چێژێک لەو سێکسە وەرناگرێت بۆیە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت بەر لەسێکس خۆشەوسیتی پێ بدا.

((توێژینەوەی ئۆقیانووسێک پڕلە نهێنی، ئاماژە بەوە دەکات کە پیاوان تەنیا لەبەر حەزی گۆڕینی هەمەچەشنی ئافرەتەکان پەنا ((بۆ خیانەتی هاوسەری)) دەبەن.

زۆربەی ئەو پیاوانەی کە وەک نموونە لە توێژینەوەکەدا وەرگیراون دەڵێن کە حەزی سێکسی وایلێکردون خیانەت بکەن، نەک خۆشەویستی.

خەندان گوتیشی: ((ئەگەر کۆمەڵگە دابماڵێت لە کەلتوورو یاساو ئایین، ئەوا مومارەسەکردنی سێکس شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک کەلتوورو یاسا هەبێ ئەوا ئەمانە بەلادان دادەنرێت)). ئەو وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: ((پیاو لە زەواجدا دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە، بەرداشی ژنەکەی و بەرداشی ژنانی دەرەوە)).

هەروەها دیاردەکە بە مەترسیدار ناودەبات((چونکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان، کە یەکەم قوربانیش منداڵە)).

بەپێی دەرئەنجامێکیتری توێژینەوەکە، هەندێک لەو ژنانەی کە ((تووشی خیانەتی هاوسەری)) دەبن، دواتر دەبنە ژنێکی لەشفرۆش و پاشان دەبنە سەرۆکی باندە لەشفرۆشییەکان.

خەندان، دەڵێت کە لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی((توێژییەنەوەی ئۆقیانووسێک لەتاوان((دا، بەڵگەو دۆکۆمێنتەکانی ئەم توێژینەوەشی هاوکات کۆکردووەتەوەو بەدوای کەیسەکانیدا گەڕاوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٣ تا کۆتایی ٢٠٠٧.

هەروەها بەپێی دەرئەنجامەکان((کەلتوور، ئایین، مەزهەب، پەروەردە، هۆشیاری سێکسی((کاریگەری گەورەیان لەسەر دیاردەکە هەیە.

خەندان گوتی: ((بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە دەبێ گۆڕانکاری گەورە لە کەلتوورو یاساکانی کۆمەڵگەدا بکرێت، ئەوە ئازادی نییە بۆ ژنان کە ئەندام پەرلەمان، یان سەرۆک حزبمان هەبێ، دەبێت تاک ئازادبێ لە مومارەسەکردنی ئازادییەکانی خۆی)). هەروەها گوتیشی((دەبێ زەواج لەو فۆرمە تەقلیدییە دەربهێنرێت، تاک مومارەسەی ژیانی تایبەتی خۆی بکات)).

خەندان پێیوایە، پیاوان بەهۆی ئەوەی کە دەتوانن لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە خۆیان لەحەزەکانیان بەتاڵبکەنەوە، بەڵام ژن تا ئەوکاتەی شوودەکات((هیچ ڕێگەیەکی بۆ خۆبەتاڵکردنەوە نییە)). گوتشی((کاتێکش شوو ئەکا بە پیاوێک پیاوەکە ئەکات بە موڵکی خۆی، پیاوانیش ناتوانن هەمیشە وەک ماوەی دەستگیرانی لەگەڵ ژنەکانیان بن، بۆیە بۆشایی خۆشەویستی لای ژنەکە دروستدەکات و لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو فەراغە بەکەسی تر پڕبکاتەوە)).

خەندان، زیاتر قسەی کردو گوتیشی: ((ژن ڕۆمانسیترن لەپیاوان، ئەیەوێ پیاو هەمیشە لەگەڵی بێ)).

توێژییەنەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە هەرچەندە ئەو ژن و پیاوانەی پەیوەندی دەرەوەی خێزانەکانیان هەیە، بەڵام ئامادە نین دەست لە هاوسەرەکانیان هەڵگرن.

خەندان حەمەجەزا زیاتر لە ١٧ ساڵە کار لەبوارەکانی مافی ژناندا دەکات و سەرقاڵی توێژینەوەیە لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی و خیانەتی هاوسەری، ساڵی ٢٠٠٧ بەهۆی نووسینی کتێبی(ئۆقیانوسێک لەتاوان) خەڵاتی ژنپارێزی وەرگرت.

**ئامانج خەلیل**

www.netewe.com

# ژنێک بەهۆی هاوسەرەکەیەوە خۆی سووتاند

## ((ئەگەر دادگاش ئازادی بکات خۆمان تۆڵە دەکەینەوە))



گوڵە ئەحمەد

**ژنێک بەهۆی ئەوەی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە رووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە خۆی سوووتاند و کەسووکاری ئەو ژنەش هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر دادگا پیاوەکە ئازاد بکات، ئەوان تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.**

تایبەت

((کاتێک زانیم نەسرین، گەیەندرایە نەخۆشخانە، بەدوای کەوتم و رێگەیان پێنەدام لەنەخۆشخانە بچمە ژوورەوە، لەپەنجەرەکەوە سەیرم کرد، کاتێ منی بینی هەموو لەشی کەوتە لەرزین، غەڵبە غەڵبێکی لێوەهات، بەڵام نەمزانی چی دەڵێت، دیاربوو دواهەناسەیداو گیانی سپارد)).

ئەوە قسەی نەجیبە محەممەد، دایکی نەسرین بوو کە لەبەرواری ١٩-٤-٢٠١٠ ((لەداخی هاوسەرەکەی)) خۆی سووتاندووە. نەسرین مەحموود، تەمەن ٢٢ساڵ، ئێوارەی ١٩-٤-٢٠١٠ لەماڵەکەیدا، ئاگری لەخۆی بەرداوەو رێژەی سووتانەکەشی ١٠٠٪بووە، بەوهۆیەوە کاتژمێر ١١ شەو گیانی لەدەستدا. ئەو ژنە ٢ ساڵە شوویکردووەو خاوەنی منداڵێکە. وەک دایکی باسیدەکات لەسەرەتای هاوسەرگیرییەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کێشەی هەبووەو بەردەوام هاوسەرەکەی بیانوی پێگرتووە. دایکی نەسرین دەڵێ: ((هەفتەیەک دوای ئەوەی شووی پێکرد مێردەکەی جامی وێنەکانی (شەریتی فیلمی کامیرا)ی خۆی خستبووە، نێو جلەکانی نەسرین و دەیگووت، ئەوە وێنەی پیاوێکی ترە. کاتێک جامەی وێنەکەمان بردە لای وێنەگرو شووشتمانەوە دەرکەوت کە وێنەکە هی خۆیەتی و بۆ بیانووگرتن وایلێکردووە)).

بەپێی قسەی نەجیبە، کچەکەی هاوسەرەکەی زۆر خۆشدەویست، بۆیە جێینەهێشتووە. چەندجارێکیش لێیداوەو سەری شکاندووە. نەجیبە، هەروەها دەڵێ ((لەدراوسێیەکمانەوە زانیاریمان پێگەیشت کاتێک نەسرین لەماڵ نەبووە، هاوسەرەکەی بەمەبەستی رابواردن ژنی هێناوەتەوە ماڵەوە. ئەگەر کچەکەم قسەیەکی بکردایە دەیگووت، ئەگەر ناڕازی برۆ)).

ئیسماعیل خالید، برای نەسرین، بەنیگەرانییەوە باس لەهەواڵی سووتانی خوشکەکەی دەکات ((لەکاربووم نزیکەی کاتژمێر٩ی ئێوارە خەزووری نەسرین، تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی پەرەمێز تەقیوەو نەسرین، سووتاوە، منیش گوتم ئەگەرتەندروستی باش بێت بەیانی دێم. هەر دوای پێنج خولەکیتر شووبراکەی تەلەفۆنی بۆکردمەوەو گوتی، نەسرین بارودۆخی زۆر خراپە، وادەڕۆین بۆ هەولێرو ئێوەش وەرن. هەر ئەو کاتە دڵم خورپەی کردو گوتم خۆی سووتاندووە، چونکە هاوسەرەکەی لەگەڵی زۆر خراپ بوو)). بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بنەماڵەی نەسرین بە وارڤینیان راگەیاندووە، بەرلەوەی نەسرین، خۆی بسووتێنێت، لێیدراوەو قاچ و سەری شکاوە. براکەی نەسرین، دەڵێت، ماڵی (خ) درەنگ بە ئەوانیان گوتووە، بۆیە زوو فریای کچەکەیان نەکەوتوون، بەڵام دوای ئەوەی خوشکەکەی مردووە، چوونەتە گەڕەکی ماڵی خوشکەکەی لەکۆیەو پرسیاری لەدراوسێکانیان کردووە، ئەوانیش لەوەڵامدا گووتوویانە ((نەسرین بەئاگرەوە هاواری کردووەو گوتوویەتی، لەداخی لێدانی (خ) خۆم سووتاند)). هەروەها هەندێ وەستاو کرێکار کە لەنزیک ماڵی ئەوان کاریان کردووە، گووتوویانە ((ئێمە ئاگادارین ئەو ژنە گوتوویەتی، لەداخی هاوسەرەکەم، خۆم سووتاندووە)). هەروەها دایک و براکەی نەسرین، ئاماژە بەوەدەکەن کە٢٥ رۆژ بەرلەوەی نەسرین، خۆی بسووتێنێت، (خ) کاتژمێر١٠ی

شەو، هێناویەتە نێو بازاڕی چوارقوڕنەو بەجێی هێشتووە، منداڵەکەشی لێسەندووەتەوە، شوفێری تاکسییەکەش پێگوتووە، بۆ ئەو ژنە بەتەنیا دەنێریتەوە ماڵ؟ بەڵام (خ) گوێی پێنەدابوو. دوای ئـەوەی بنەماڵەی نەسرین، لەدادگای کۆیە، سکاڵایان تـۆمـارکـردووە، بـەڵام دوای چەندرۆژێک باوکی لەگەڵ خزمێکی هاتوونەتە ماڵیان و پاکانەی ئەوەیان کردووە کە جارێکیتر لێینەدات، نەسرین ئارەزووی لەوەبووە بڕواتەوە، چونکە کچە بچووکەکەی جێهێشت بوو. دایکی نەسرین، دەڵێ: ((ئەوچەند ڕۆژەی لەماڵی ئێمەبوو، شـەوان لەجیاتی کچەکەی سەرینم دەخستە پاڵی، تابەیانی بۆمنداڵەکەی دەگریا، بۆیە گەڕایەوە لای (خ)). هەروەها نەسرین، لای دایکی گوتوویەتی ((ئەگەر تەڵاق بدرێم، ڕووم نییە بێمەوە لاتـان، تاخەڵک بەچاوی سووک سەیرم نەکات)). دوای ئەوەی کە خزمەکانی بردوویانەتەوە (خ) مۆبایلەکەشی لێدەسێنێتەوە، تـا نـەتـوانـێـت تـەلـەفـۆن بـۆ کـەس بـکـات و بەوهۆیەشەوە دایکی نەیتوانیووە پەیوەندی پێوە بکات. خوشکێکی نەسرین، دەڵێ ((ئێمە دڵنیاین، خوشکەکەمان لەداخی ئەو پیاوە، خۆی سووتاند، بۆیە ئەگەر دادگـاش ئازادی بکات، ئێمە لێی خۆشنابین)). لەوبارەیەوە، سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی کۆیە، بەوارڤینی ڕاگەیاند کە ڕێژەی سووتانەکەی نەسرین زۆر بووەو لە ((گوتەکەیدا بۆ پۆلیس، گوتوویەتی، یەکەمجار خەسووم لێیداوم، دوای ئەو هاوسەرەکەم لێداوم و بێزار بـووم، بۆیە خۆم سووتاند)). ئەو سەرچاوە گوتیشی (خ) دەستگیرکراوەو دانی بەوەداناوە کە لەژنەکەی داوە، لەڕووی یاساوە سزای خۆی وەردەگرێت، چونکە ئەگەر خۆشی نەیسووتاندبێت، ئەوا بووەتە پاڵنەر بۆ سووتاندنی)). وەستا قادر، برای نەسرین، بەپێچەوانەی براو خووشکەکەی نەسرین دەڵێ ((دڵم بەیاسا خۆش نییە، چونکە بێشتر سکاڵامان لەسەر (خ) تۆمارکرد پۆلیس بە نانخواردنێک ئازادی کرد ((. ئەو برایەی نەسرین، لەگەڵ ئەوەی (خ) بە ((بکوژی خوشکەکەی)) دەزانێت، ئاماژە بەوەشدەکات کە ئەوکاتەی (خ) خوازبێنی خوشکەکەی کردووە، ئەو ناڕازی بووە، بەڵام نەسرین پێداگری لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە کردووە، کاتێ سووتاویشە نەچووەتە لای. ئەو وەها درێژەی بەقسەکانی دا: (خ) خوشکی منی کوشتووە، ئەگەر ئەمجارە پۆلیس ئازادی بکات خۆم تۆڵەی خوشکەکەم دەکەمەوە)).




نەسرینیش خۆی سووتاند

## لەگوتەکەیدا بۆ پۆلیس، گوتوویەتی، یەکەمجار خەسووم لێیداوم، دوای ئەو هاوسەرەکەم لێداوم و بێزار بووم، بۆیە خۆم سووتاند

# ژنێك لەتۆڵەی شەرەفی بنەماڵەدا

# دەستدرێژی سێكسی دەكرێتە سەر

## ((هاوسەرەكەشی لەشفرۆشی پێكردووە))





**ژنێک لە تۆڵەی شەرەفی بنەماڵەدا بە ١٣ ساڵی دەستدرێژی کراوەتە سەری و دوای ئەوەی شووی کردووە، لەلایەن مێردەکەشیەوە لەشفرۆشی پێ کراوە.**

www.netewe.com

# ئەگەر دەتەوێ جگەرە تەرک بکەی سەردانی البرکە بکە




**شوێنی (البرکە) بۆ دەرمانە گیاییەکان**

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی تەرککردنی جگەرەکێشان لەنوێترین سوزدەیدا، شوێنی البرکە ئاگادارتان دەکاتەوە، ئێستا دەرمانی تەرککردنی جگەرە بەکورتترین کات و نرخێکی گونجاو لەئەقەکانمان دەست دەکەوێت، بۆ تەندروستیەکی باشتر بۆ خۆتان و چواردەورتان پەلە بکەن لەبەکارهێنانید.

ناونیشان:

شوێنی البرکە: تەنیشت کتێب فرۆشەکانی ژێر قەڵات.

07507260179

بازاری کوران: نزیک گۆشت فرۆشی ئەرەچرخ

07503246604

بازاری قەیسەری کۆڵانی زێڕنگران

07504538238

ڕیکلام


سروە، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن پانزە ساڵەو لەدایکبووی ناحیەی کەڵەکی نزیک پارێزگای هەولێرە. سروە، نەخوێندەوارەو سێ برا و سێ خوشکی هەیە. ئێستا لەگرتووخانەیەکی ژنان لەهەولێر ژیان بەسەر دەبات. وەک خۆی دەیگێڕێتەوە دوای ئەوەی تووشی کاری لەشفرۆشی دەبێ، لەلایەن بنەماڵەکەیەوە حاشای لێکراوە، دواتر ئەویش بەهەمانشێوە حاشا لەبنەماڵەکەی دەکات.

سروە، کاتێک تەمەنی١٣ ساڵ دەبێ، مامی بەناوی (ک. ف) دەستدرێژی دەکاتە سەر کچی کوڕە خاڵێکی خۆی و دوای ئەوەی خێزانی کچەکە پێیدەزانن، برایەکی کچەکە بەناوی شۆڕش، بیر لەتۆڵەسەندنەوە دەکاتەوەو پلانێک دادەنێ کە تێیدا سروە دەبێتە قوربانی تولەسەندنەوەی شەرەفی ئەم بنەماڵەیە.

وەک سروە، باسیدەکات شۆرش، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دەبەستێت و دواتر تۆڵەی خۆی دەکاتەوەو دەستدرێژی سێکسی دەکاتەسەری و بەوهۆیەوە سروە، پەردەی کچێنی لەدەستدەدات. سروە، وەها باس لەو ڕۆژە دەکات کە شۆڕش دەستدرێژی کردووەتە سەری: ((ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی وەرە بابچینە ماڵی خوشکم، کەسیان لەماڵەوە نییە. منیش گوتم با بچین. کە ڕۆیشتین کەس لەماڵ نەبوو، نەمزانی حەب و دەرمانی کردووەتە ناو ئاو بۆم، بەڵام مەی پێدام و بەدەم مەیخواردنەوەوە بێهۆش ببووم. دواتر کاتێک بەئاگا هاتمەوە پەردەی کچێنیم نەمابوو)). دوای ئەوەی ئاشکرا دەبێت کە سروە، دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو لەلایەن خزمەکانیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت و ئەویش بۆ ئەوەی لەو مەترسییە ڕزگاری ببێت، پەیوەندی بەسەنتەرێکی داڵدەدانی ژنانەوە دەکات و لەوێ دەپارێزرێت. لەبارەی چوونی بۆ سەنتەکەوە دەڵێ ((چوومە سەنتەرەکە بۆ داڵدەدانی ژنان، لەو کاتەدا مامەکانم و نەنکم داوایان لەباوکم کرد بمکوژێت، چونکە بوومەتە هۆی سەر شۆڕییان، بەڵام باوکم ڕازینەبوو بمکوژێت، چونکە دەیگوت منداڵەو زوڵمی لێکراوە، بەڵام پێیانگوتم کە نەتبینینەوەو حاشایان لێکردم)). سروە، باس لەوکاتە دەکات کە ڕووی لەکاری لەشفرۆشی کردووەو دەڵێ ((پێش دوو ساڵ لەو سەنتەرە کچێکم بەناوی (د) ناسی و لەسەر کاری لەشفرۆشی گیرابوو. ئیتر لەگەڵ ئەو کچە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆمان سەنتەرمان بەجێهێشت، بەرپرسانی ئەو سەنتەرەش ڕازیبوون، چونکە بەپەنجەمۆرو بەرپرسیارێتی خۆمان بوو. پاش ئەوەی سەنتەرم جێهێشت لەگەڵ (د) چووینە ماڵێک، نەمزانی خاوەنی ماڵەکە ژنێکی لەشفرۆشە بەناوی (ج) و چەندین ژنی لەشفرۆشی لەنێو ماڵدا هەبوو و کاری لەشفرۆشی پێدەکرن. دواتر لەلایەن ئەو ژنەوە، لەو ماڵەدا چوارجار لەشفرۆشیم پێکرا. دوای ئەوە جارێکیتر دەستگیرکرام و ڕەوانەی خانەی نەوجەوانان و ژنان کرام، لەوێ کچێکم بەناوی شیلان، ناسی)).

سروە، ژنێکی ئەسمەری کەمێک قەڵەوە، بەدەم چاککردنی سەرپۆشەکەی سەریەوە درێژەی بەقسەکانی داو گوتی دوای ئەوەی لەبەندیخانە شیلانم، ناسی ئەو پێش من ئازاد بوو، ژمارەی مۆبایلەکەی خۆی پێدام و پێیگووتم ئەگەر ئازاد کرای لەماڵی

ئێمە بژی، چونکە تۆ کەست نییە. سروە، دەڵێ ((شیلان، داوای لێکردم شوو بەبراکەی بکەم کە ناوی ((سوارە)) بوو و تەمەنی٢٦ ساڵ بوو. لەرێگەی مەلاوە لەو کورە مارەکرام، بێ ئەوەی پرس بەبنەماڵەکەم بکەم، ماوەی نۆ مانگ لەگەڵ ئەو کورەدا ژیانێکی خۆشم گوزەراند. وەک لەگوتەی سروەوە لەبنکەی پۆلیسی بنسلاوە هاتووە، سوارە تەنیا یەکجار لەشفرۆشی پێکردووەو دوو پیاوی بۆ هێناوەو بەبڕی ١٤٠ هەزار دیناری چاپی تازە، لەگەڵی رایانبواردووە ((لەماوەی ژیانم لەگەڵ هاوسەرم، جارێک دوو پیاوی بۆ هێنام)). هاوکات سوارەی مێردی هەمان قسەکانی سروەی دووپاتکردەوەو دانی بەوەدانا ((کاری لەشفرۆشیم بەخێزانەکەم کرد و دووهاوڕێی خۆم بانگ کردو بڕی ٧٠ هەزار دینارم لەهەریەکیان وەرگرت لەبەرامبەر کاری سێکسیان لەگەڵ سروە کرد)). لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنییەوە سروە، ئاماژەیدا کە ئەو شووبرایەکی هەبووە، یەکێکیان تەمەنی دوازدە ساڵان بوو لەماڵی خوشکەکەی دەژیا ((بیستمان کە زاوای مێردەکەم و خوشکەکەی کاری سێکسی بە شووبراکەم دەکەن، ئەوە بوو هاوسەرەکەم زۆر بەو شتە تووڕە بوو، تا رۆژێک بووە کێشەو دەمەقاڵێ لەنێوان ماڵی زاواکەیان و مێردەکەم. دواتر تەقەیان لەهاوسەرەکەم کرد، پاش ئەو تەقەکردنە من و هاوسەرەکەم دەستمان کرد بەتەقەو خۆشم تەقەم لەپۆلیسیش کرد. چونکە لەوکاتەدا دوو تفەنگ لەماڵی ئێمە بوو، من خۆم تەسلیمی پۆلیس بووم، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەرەکەم مەست بوو، ماوەیەکی زۆری ویست، تا توانرا دەستگیر بکرێت. هەر یەک لە سروەو سوارە بەپێی سێ ماددە زیندانیکراون، کە بریتین لە، کاری لەشفرۆشی، تەقەکردن لەپۆلیس و بەکارهێنانی چەکی بێمۆڵەت و ئێستاش لەچاوەروانی بڕیاری دادوەردان. سروە، بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی ساردەوە کۆتایی بەقسەکانی هێنا ((زۆر پەشیمانم لەو کارانەی کە کردوومەو هەرگیز ئەو کارانە دووبارە ناکەمەوە)). سروە، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ماوەی سێ مانگە زیندانی کراوە. سوارەی هاوسەری، تەمەنی ٢٦ ساڵەو ماوەی سێ مانگە لەبەندیخانەی ناوەندی هەولێر دەستبەسەرە. سوارە وەها باس لەچۆنیەتی ناسینی سروەو ئەو ماوەیە دەکات کە تێیدا ژیانیان پێکەوە بەسەر بردووە ((سەرەتای یەکترناسینمان بەهۆی (ش) خوشکمەوە بوو، ئەوکات لەسەنتەرێک دەستگیرکرابوو)). لەبارەی هۆکاری زیندانیکردنی خوشکەکەی سوارە دەڵێت، ساڵی پار کاتێک لە یەکێک لەئۆتێلەکانی شاری هەولێر پاسەوان بووم، ژنێکی عەرەبم بەناوی (ز) ناسی خەڵکی شاری نەجەف و شیعە بوو، ئەو ژنە لەگەڵ هاوسەرەکەی بەمەبەستی حەسانەوە لەو ئۆتێلە بوون، ماوەی مانگێک لەگەڵ (ز) پەیوەندیمان بەردەوام بوو، تا لەسەر خواستی هەردووکمان هەڵمگرت و بردمە ماڵی (ش)ی خوشکم، ماوەی هەفتەیەک لەماڵی ئەو خوشکەم ماینەوە. دوای ئەوەی لەلایەن هاوسەری (ز) دەزانرێت ژنەکەی لەگەڵ سوارە، رۆیشتووە، لەبنکەی پۆلیس سکاڵا لەدژی سوارەو ژنەکەی تۆمار دەکات. پۆلیسیش هەریەک لە سوارەو (ز) و (ش)ی خوشکی دەستگیر دەکات. هەر لەزینداندا (ش)ی خوشکی و سروە، یەکتر دەناسن و پاش ئازادبوونی هەردووکیان، سروە، دەچێتە ماڵی (ش) و لەوێ لەگەڵ سوارە، یەکتر دەناسن. پاش ئەوەی نۆ مانگ سوارە لەزیندان دەبێت، هاوسەرەکەی (ز) دەچێتە دادگاو لەداواکەی پاشگەز دەبێتەوەو ئازاد دەکرێت. لەبارەی ناسینی سروەو، سوارە، .هەمان قسەی سروەی هاوسەری پشتراستکردەوە. یەکێک لەو ماددانەی کە سوارەی پێ زیندانی کراوە بازرگانیکردنە بەخێزانەکەی، بەڵام سوارە دەڵێ کە لەشفرۆشی بەسروە نەکردووە ((راستە دوو هاوڕێی خۆم ناردە لای ژنەکەم، لەهەر یەکیان حەفتا هەزار دینارم وەرگرت، تا لەگەڵی رابوێرن، بەڵام ئەوە بۆ تاقیکردنەوەی سروە بوو. چونکە بەڵێنی پێدابووم واز لەو کارانە بهێنێت، ئەویش ئەوکارەی لەگەڵ نەکردبوون. توێژەری کۆمەڵایەتی رێباز جەلال، بەمشێوەیە باس لەهۆکارەکانی تێوەگلانی سروە، بەلەشفرۆشییەوە دەکات: ((لێرەدا قوربانی یەکەم سروەیە. چونکە لەبەرامبەر کرینەوەی شەرەفی بنەماڵە، دەستدرێژی کراوەتەسەری و ئەمەش وەک تۆڵەکردنەوەیەک لەمامی وایلێکراوە. لەکاتێکدا سروە، تەمەنی ١٣ ساڵ بووە. هەروەها ئەو کورەی یەکەمجار دەستدرێژی کردووەتەسەر وەک کاردانەوەیەک ئەم کارەی کردووە، ئەوەدەردەخات کە لەدۆخێکی وادا عەقڵیەتێک هەیەکە تووڕەیە لەبەرامبەر ئەوکارەی لەگەڵ خوشکی ئەو کورە کراوەو شەرەفی بنەماڵەکەی خراوەتە ژێر پرسیار و لۆمەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، بۆیە تۆڵەکردنەوە تاکە رێگەیە کە دەتوانێت بنەماڵەکەی تری تێدا بخاتەوە ژێر لۆمەی خەڵکەوە)).

ئەو توێژەرە کاری بەندیخانەکان و بنکەکانی چاکسازی دەباتە ژێر پرسیارەوەو رەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت کە کارەکانیان بەباشی جێبەجێ ناکەن. جگە لەوەی زۆرجار دەبنە قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی تاوان و کاری خراپ، وەک ئەوەی لەکەیسی سروەدا بەرچاو دەکەوێت کە لەیەکێک لەسەنتەرەکانی دالدانی ژنان، کچێک دەناسێت و دەیباتە ماڵی ژنێکی لەشفرۆش و لەوێوە فێری کاری بەد رەوشتی دەکات. لەبەندیخانە لەبری ئەوەی چاکسازی و چاودێری بکرێت، کەسی خراپتر دەناسێت و ئاراستەی ژیانی رووەو ئاقارێکیتر دەبرێت. ئەمەش لەبەرنەبوونی پۆڵێنبەندی لەبەندیخانەو شەڵتەرەکان و تێکەڵکردنی هەموو کەیسەکان بە یەکتری، لەبارودخێکی لەم شێوەیشدا، شەڵتەرەکان دەبنە قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی کاری خراپ، نەک چاکسازیکردن.

ئەو توێژەرە، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو حاڵەتانە چەند خاڵێک پێشنیار دەکات ((پێویستە کار لەسەر تەواوی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەی کە مەعریفە دەبەخشن بەتاک بکرێت، بۆ رۆشنبیرکردنی تاکەکان لەئاست چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەم پرسانە. رۆڵی یاسا بەهێز بکرێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شوێنانە بەیاسایی بکرێن تا لەئەگەری رووودانی هەر حاڵەتێکی هاوشێوەدا رێکارە یاساییەکان بگیرێنەبەر، نەک تۆڵەسەندنەوەی کۆمەڵایەتی و عەقڵیەتی خێڵ و بنەماڵە. بەهێزکردنی رۆڵی تەواوی ئەو سەنتەر و ناوەندانەی کە ژنانی کەیسدار لەخۆیان ئەگرن، ئەمەش بەگشتی لەپێناو باشتر خزمەتکردنی کەیسەکان و دروستکردنی متمانە لەنێوان سەنتەرەکان و کۆمەڵگا.

بۆکان هیوا

www.netewe.com



شاکیرا، ئەستێرەی ئاهەنگی کردنەوەی مۆندیالی 2010

www.newe.com

# خەڵاتێکی بەنرخ بەدەست بهێنە...

## پێشبڕکێی وارڤین بە بۆنەی مۆندیالی 2010

$ 300

$ 200




بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی ((وارڤین)) لە خوێنەرانی، بە تایبەت خوێنەرانی وەرزشدۆست و بەبۆنەی يارييەكانی مۆندیال ٢٠١٠، فایلی وەرزش پێشبڕکێیەک ڕێکدەخات و تێیدا ٢ پرسیار دەخاتە ڕوو، خاوەنی وەڵامی ڕاستی هەردوو پرسیار ناوی دەچێتە تیروپشک و براوەی (یەکەم و دووەم) خەڵاتی بەنرخیان پێشکەش دەکرێت، کە خەڵاتی یەکەم ٣٠٠ $ و خەڵاتی دوومیش ٢٠٠ $ـە.

تیروپشکەکەش لە دوای مۆندیال لە یەکێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە نێوخۆییەکان لە هەولێر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت.

## پرسیارەکان:

١-ئەو دوو هەڵبژاردەیەی دەگەنە یاریی کۆتایی (.........و..........)

٢- ئەو هەڵبژاردەیەی دەبێتە پاڵەوانی مۆندیال (..............).

ناو:...................

ناونیشان:.........................

ژمارەی تەلەفۆن:.........................

ئەو کلێشەیە بە مەقەستێک ببڕە و پڕی بکەوە، پاشان بۆ ئەو شوێنەی بگەڕێنەوە، کە گۆڤاری (وارڤین)ـت لێ کڕیوە.

SPORT

www.netewe.com

# وەزیری وەرزش گێچەڵی سێکسی پێ کراوە

وەزیری وەرزش و ڕۆشنبیری ئیسرائیل خاتوو ((لیمۆر لیڤنات)) ئاشکرای کرد، کە تا ئێستا دوو جار لە ژیانیدا گێچەڵی سێکسی پێ کراوە. ئەو وەزیرە رایگەیاند، کە جاری یەکەمیان ئەو کاتەی لە قۆناغی ناوەندیی خوێندندا بووە گێچەلی سێکسیی (تحروشی جنسی) پێ کراوە و جاری دووەمیش ئەو کاتە بووە کە هاتۆتە نێو جیهانی سیاسەت و پۆستی فەرمی وەرگرتووە.

لیمۆر لیڤانت ئەوەی خستە ڕوو کە جاری دووەم لە لایەن بەرپرسێکی پایەبەرزی ئیسرائیلییەوە گێچەلی سێکسی پێ کراوە، بەڵام ئامادە نەبوو ناوی ئاشکرا بکات.

ئەو ژنە وەزیرە لە میانەی کۆنفرانسێکدا بە ناوی ((شارێکی بێ توندوتیژی)) کە لە شاری ئیلات ئەنجام درابوو، ئەو قسانەی کرد، لە کاردانەوەشدا بۆ ئەو دانپێدانانە لیمۆر لیڤنات، یەکێک لە ئەندامانی کنێست (پەرلەمانی ئیسرائیل) گوتی ((ئەو دانپێدانانە ئازایانە دەکرێت ببێتە هاندەرێک بۆ ئەو ژنانەی کە دەیانەوێت سکاڵا لەسەر ئەو پیاوان بەرز بکەنەوە، ئەو کاتەی کە دەستدرێژی یان گێچەڵی سێکسیان لێ دەکەن.



## شاراپۆڤا
## سەرنجڕاکێشترینی جیهانە

لە راپرسییەکدا کە لە وڵاتـی بەریتانیا ئەنجام دراوە، کچەیاریزانی شۆخ و شەنگی ڕووسیا ((ماریا شاراپۆڤا))، وەک سەرنجراکێشترین ئافرەتی جیهان دەستنیشان کرا.

لە راپرسییەکی جەماوەرییدا کە لە وڵاتی بەریتانیادا هاتە ئەنجامدان، دەربارەی سەرنجڕاکێشترین کچەیاریزانەکانی تێنس لەسەر ئاستی جیهان، کچە یاریزانی رووسی ((ماریا شاراپۆڤا))، توانی رێژەی ٥٨٪ دەنگەکان بە دەست بهێنێت و ببێتە سەرنجڕاکێشترین کچەیاریزان لەسەر ئاستی جیهاندا، دوای ئەوەش کچە یاریزانی سڕبی ((ئانا ئیڤانۆڤیچ)) لە پلەی دووەم هات، هەرچی کچە یاریزانی رووسی یلینا دیمنتییڤایە، توانی پلەی سێیەمی ئەو راپـرسـیـیـە بـەدەسـت بهێنێت.

www.netewe.com

# یارییەکانی مۆندیال گرفتی خێزانی دروست دەکات

لەگەڵ دەمارگرژانی تۆپی پێدا، چێژ وەرگرتن لە وەرزش و یارییەکان، بۆ دڵەڕاوکێ و دروستبوونی کێشە و گرفتی خێزانی دەگۆڕێت.

پزیشکەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کە هەڵچوون و تورەبوون لە کاتی سەیرکردنی یارییەکانی مۆندیالدا، کاریگەریی بۆ سەر ئەو کەسانە دەبێت، کە نەخۆشیی دڵیان هەیە و ئەگەرەکانی تووشبوون بە نۆرەی دڵ زیاتر دەکات، بۆیە پزیشکەکان ئامۆژگاریمان دەکەن کە واز لە هەندێک نەریتی خراپ بهێنین، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی سەیری یارییەکانی مۆندیال بکەین، لەوانە:

* چێژ لە یارییەکە وەربگرە و مەهێڵە بردنەوە یان دۆڕانی ئەو تیپەی کە هانی دەدەی، وا بکات دووچاری هەڵچوونی توندی دەروونی ببیت، کە رەنگە کاریگەریی خراپی بەسەر دڵت یان پاڵەپەستۆی خوێنت هەبێت.

* بە شێوەیەکی تەندروست دانیشە، بە جۆرێک پشتت ڕاست بێت و لەسەر کورسییەکەت ڕێک بێت و سەرت بە شێوەیەکی ستوونی لەسەر شانت بێت، ئەمە تەندروستی پشت و گەردنت دەپارێزێت.

* لە نێوان پشووی دوو گێمی یارییەکاندا، هەوڵ بدە سووکە وەرزشێک بکەیت، لەوانەش بە پێ ڕۆیشتن، چونکە ئەمە سووڕی خوێنت چالاک دەکات، ئەوەش لە بیر مەکە کە ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی و جەستەیی لە هەفتەی سێ جار و هەر جارەی نیو کاتژمێر بە لای کەمەوە، زۆر پێویستە.

* کەمتر ئەو خواردنەوانە بخۆرەوە کە کافیینی تێدایە، وەکو چای و قاوە، بەڵکو شەربەتی سرووشتی و خۆشاوی میوە بخۆرەوە، چونکە کافیین کۆئەندامی دەمار و مێشک چالاک دەکات، ئەمەش وا دەکات ئارەقەی زۆرتر بکەیت و نەشتوانیت بخەویت.

* زیاتر ئاو، هەروەها ئەو شەربەتان بخۆرەوە، کە شەکریان تێدا نییە، چونکە ئەمە پارێزگاری لە چالاکبوونی گورچیلەکان و کارەکانیان دەکات، بە تایبەتی ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر دادەنیشیت.

* لە کاتی سەیرکردنی یارییەکاندا هەوڵ بدە سەوزە و میوەی تازە و جوان بخۆیت و بە گرنگیشەوە، نەوەک هەر بۆ کات بەسەربردن، هەروەها ئەگەر لەگەڵ کەسانی دیکەدا دانیشتی، بۆ رازیکردنی دڵی ئەوان نێرگەلە مەکێشە، و پێت وانەبێت کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گونجاوە، چونکە بۆ نموونە کێشانی یەک سەرە نێرگەلە، کاریگەریی خراپی ١٠ دانە جگەرەی هەیە.

* سووربە لەسەر ئەوەی کە لە تەک منداڵان و ئەو ژنانەی کە دووگیانن جگەرە نەکێشێت، چونکە جگەرە زیانی زۆر بەوان و خۆشت دەگەیەنێت.

بە پەیڕەوکردنی ئەو خاڵانە و سەیرکردنی یارییەکانی مۆندیالی تۆپی پێ بە شێوەیەکی سروشتی و خۆدوورگرتن لە هەڵچوون و تورەبوون، ئەوا خۆت و خانەوادەکەت لە کێشە و گرفت و گرفتی خێزانی بەدوور دەگریت.



www.netewe.com



www.netewe.com

کچێکی کینیایی لە چاوەڕوانی خەتەنەدا

فۆتۆ: ئیرک لافۆرگۆ



# کلامیدیا ئەو نەخۆشییەی بۆ ژن مەترسیدارە

هەولێر

ئەو ژنەی تووشی نەخۆشی کلامیدیا دەبێت، هاوسەرەکەشی تووشدەکات، چونکە بەهۆی سێکسەوە ئەو نەخۆشییە دەگوازرێتەوە. هەروەها لەکاتی میزکردندا ژن هەست بەکزانەوە دەکات و لینجاوێک لە زێوە دێتە دەرەوە.

نەخۆشی کلامیدیا چییە؟
یەکێکە لەو نەخۆشییانەی بەهۆی کرداری سێکسی دەگوازرێتەوە و زۆر بڵاوە.

## هۆکار

پسپۆڕانی بـواری تەندروستی، هۆکاری ئەو نەخۆشییە بۆ بوونی بەکتریایەکی بچووک کە پێیدەگوترێت CHLAMYDIA TRACHOMATIS، دەگەڕێننەوە. هۆشداری دەدەنـە گەنجان کە نەخۆشییەکی ترسناکە، چونکە زیاتر تووشی ئەو ژنانە دەبێت کە تەمەنیان لەنێوان ٢٠تا ٣٠ ساڵیدایەو بەیەکەمین بەرپرسی هەوکردنی جۆگەکان دادەنرێت و هۆکارێکیشە بۆ نەزۆکی.

## نیشانەکانی

لەسەرەتای تووشبووندا، هیچ نیشانەیەک هەستی پێناکرێت کە بەڵگەی بوونی ئەو نەخۆشییە بێت، بەڵام ئەو ژنەی کە تووشی کلامیدیا دێت، هاوسەرەکەشی تووشدەکات، چونکە بەهۆی سێکسەوە نەخۆشییەکە دەگوازرێتەوە. لەکاتی میزکردندا ژن هەست بەکزانەوە دەکات، لینجاوێک لە زێوە دێتە دەرەوە (ئەو لینجاوە لە پیاواندا لە کەناڵی میزکردنەوە دێتە دەرەوە).

بەهۆی پیسییەوە تووشبووم
لەگەڵ ئـەوەی پزیشکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە ژن زیاتر دووچاری ئەو نەخۆشییە دەبێت، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا، کچانیش تووش دێن. ئـارەزوو حوسێن، کچێکی ٢٧ساڵەو نیشتەجێ شاری هەولێرەو مامۆستای ئامادەییە. تووشی نەخۆشی کۆئەندامی زێ هاتووە، بەشەرمەوە باس لەنەخۆشییەکەی دەکات کە خورانی لەگەڵ نییەو لینجاوی سپی هەیە، لەکاتی میزکردنیشدا ئازاری نییە. پزیشک پێیگوتووە کەلە لەتەوالێتی پیس دانیشتووەو بەهۆی پیسییەوە تووشی هـەوکـردن، هـاتـووە. شەهلا عەلی، ٢٨ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگای دارەتـــوو، خاوەنی ٤منداڵە. شەهلا، ناوی نەخۆشییەکەی نەدەزانی و دەیگووت، لەکاتی میزکردن و سێکسکردندا، ئـازاری هەیە ((ئاوێکی سپی لەدامەنم، دێتە خوارو بێزاری کردووم)).
شەدە تەیب، ٣٢ساڵ، فەرمانبەر، بەرەگەزعەرەبە، دایکی ٢منداڵەو نیشتەجێی هەولێرە. تووشی نەخۆشی کلامیدیا، بووە. هەروەها پیاوەکەشی بۆ ڕێگری لەتووشبوون بەو نەخۆشییە، سەردانی پزیشک دەکات. شەدە، ئێستا لە قۆناغی دەرمان، وەرگرتندایە و دەڵێ ((لەکاتی میزدکردندا، ئازارم هەیە، بەڵام خورانی لەگەڵدا نییە)).

## دەستنیشان کردن


* بەهۆی لێنۆڕین و پشکنینی مایکرۆسکۆپ، بۆ شلەکانی ناوچەی زێ و ملی منداڵدان و میزەڕۆ.
* گەڕان بەدوای دژەتەنەکان لەخوێندا، ئەو تەنانە لەشدروستیان دەکات، تا بەو هۆیەوە لەهێرشی میکرۆبەکان خۆی بپارێزێت، چونکە بوونیان لەخوێندا ئاماژەیە بۆ بوونی نەخۆشییەکە. ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەو نەخۆشیە چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی نەزۆکی.

## چارەسەر

پێویستە نەخۆش و هـاوسـەرەکـەی پشکنین ئەنجام بـدەن، ئـەگـەر زانـرا کـە تووشبوان هەڵگری ئەو نەخۆشییەن، ئەوا دەبێ بەهۆی دژەزیندە ANTIBIOTICS تایبەت بە بەکتریا، چارەسەر بکرێت و چارەسەرەکەش بۆ ماوەی سێ هەفتە بـەردەوام دەبێت. پێویستە ژن و هاوسەرەکەی هەمان چارەسەر وەربگرن، لەماوەی چارەسەریەکەشدا خۆیان لە پەیوەندی سێکسی بەدوور بگرن.

www.netewe.com

# چەند ڕێنماییەک بۆ ژنی دووگیان



د. جوان سوعاد موراد

**بەشی یەکەم**

کاتێ ژن یەکەمجار دووگیان دەبێت، هەستی تایبەت بەترس و خۆشی و ئارامی لەلا دروستدەبێت و گۆڕانێکی گەورە بەسەر جەستەیدا دێت. لەماوەی مانگێکدا هێلکەیەک لەهێلکەدانی ژنەوە دادەبەزێت کە جۆرەکەیX ـەو ئامادەیی هەیە ببێتە نێر یان مێ، ئەگەر لەگەڵ سپێرمی X یەکبگرێت، ئەوا دەبێتە مێ، ئەگەر لەگەڵ سپێرمی Y یەک بگرێت، ئەوا ڕەگەزی نێر دروستدەبێت. پێویستە ژنان، بزانن کە ماوەی سکپڕی سێ قۆناغە:

یەکەم: ١-٣ مانگی تەمەنی سکپڕییە.
دووەم: ٤تا ٦ مانگ تەمەنی سکپڕییە.
سێیەم: ٧-٩ واتە سێ مانگی کۆتایی قۆناغەکانی سکپڕییە.

بۆ بەرهەمهێنانی هێلکەو سپێرمی تەندروست، پێویستە ژن و پیاو، خواردنی باش و تەندروست بخۆن. لەسەرەتای دووگیانیدا، هەندێک نیشانە لەژن دەردەکەوێت کە پێی نامۆیە، وەک دواکەوتنی خوێنی مانگانە، گریانی بەبێهۆ، دڵەڕاوکێ، توورەیی، خەواڵوویی، دڵەکزێ و ڕشانەوە، تەمبەڵی و خەمۆکی، گۆڕانی بۆنی میز، هەستیاربوون. هەروەها شێوەی مەمکەکان دەگۆڕێت و ئارەزووی خواردن کەمدەبێتەوە، بۆیە لەکاتی هەستکردن بەو حاڵەتە پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت، تا شیکاری خوێن و میز یان سۆنەری بۆ ئەنجامبدرێت، تا لەسکپڕی دڵنیا بکرێتەوە. هەروەها بەرلە دووگیانی و لەماوەی دووگیانیشدا، دەبێتە ژنەکە ئاگاداری خواردن بێت و بەڕێکی بیخوات، چونکە خواردنی باش دەبێتە بەرهەمهێنانی هێلکەو منداڵی تەندروست. لێکۆڵینەوەکان، سەلماندوویانە کە ئەو ژنەی خواردنی بەڕێکی خواردبێت، لەکاتی منداڵبووندا ئاسانتر لەوانەی کە خواردنیان ناڕێکبووە منداڵی بووە.

**ئەو خاڵانەی پێویستە ڕەچاوبکرێن**

١. دوورکەوتنەوە لە تیشکی سینی، چونکە دەبێتە هۆی ناتەواوی کۆرپەلەو لەبارچوونی.
٢. خۆپاراستن لەهەڵگرتنی کەلوپەلی قورس، چونکە کار لەپشتی ژنی دووگیان و کۆرپەکەی دەکات.
٣.خۆماندوونەکردنی زۆر، یان ڕۆیشتنی زۆر بەپێ، چونکە لەوکاتەی دایک ماندوو دەبێت، کۆرپەکەی نێو سکیشی ماندوو دەکات.
٤.دوورکەوتنەوە لەجگەرەکێشان ومادەدەی بێهۆشکەر، چونکە زیان بە کۆرپەکەو دایکەکە دەگەیەنێت، تەنانەت دەبێ دایکی دووگیان لەو شوێنە دووربکەوێتە کە جگەرەی تێدا دەکێشرێت.
٥. بەکارنەهێنانی دەرمان لە لایەن دایکەکەوە، چونکە زیان بەکۆرپەکە دەگەیەنێت.
٦. لەبەرنەکردنی جلووبەرگی ئەستوور و تەسک، چونکە کاردەکاتە سەر گەشەی کۆرپەلە.

•پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی.



www.netewe.com

# لەکام حاڵەتدا پێویستە منداڵدان دەربهێنرێت؟



شیلان یاسین

دەرهێنانی منداڵدان لەحاڵەتی تووشبوونی ژن بەنەخۆشی کوشندە، یان خوێنبەربوونی زۆر، ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەگەر لەتەمەنی گەنجیدا ئەو دەرهێنانە ئەنجامبدرێت، ئەوا کاریگەری دەروونی بەسەر ژنەکەوە دەبێت. هەروەها دەرهێنانی منداڵدان، وادەکات لەکاتی پرۆسەی سێکسدا ژنەکە ئازار بچێژێت.

هەولێر

## منداڵدان چییە؟

پێکهاتوویەکی ماسولکەیی بچووکە، کێشەکەی پەنجا گرام دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی دەرهێنانی منداڵدان، لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەر ژن دەبێت، بەوەی زووتر هەست بەبێهیوایی و پیربوون بکات، بەڵام کاریگەری لەسەر ئارەزووەکان، هەستداریتی و چێژی سێکسی نابێت. چونکە تایبەتمەندییەکانی مێیەتی بەتەواوی جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی ژن، لەتەمەنی چواردە ساڵی تا٤٥ساڵی، توانای منداڵبوونی هەیە. هەموو سەرەتای مانگێک دە تا پانزە هێلکە کێبڕکێی یەک هێلکە دەکەن و هێلکە دروست دەبێت، توانای منداڵبونیان دەبێت. لەتەمەنی ٤٥ ساڵیدا ئەو هێلکەیە نامێنێت و هێلکەدان لەکاردەکەوێت، بەو هۆیەوە هۆرمۆنی هێلکەدان لەکارکردن دەوەستێت و هۆرمۆناتی تر زیاتر دەبێت.

## کاریگەری لەسەر سێکس

پسپۆڕان، جەختدەکەنەوە کە دەرهێنانی منداڵدان، لەبەردەم سێکسکردن، ڕێگرنییە، بەڵام پیاو هەستی پێدەکات، چونکە زێی ژن وشک دەبێت، لەوحاڵەتەشدا ڕەنگە جووتبوون بەئازار بێت. ئەوەش بە باری دەروونی و بیرکردنەوەی ژنەکەوە بەندە.

## سوودەکانی

منداڵدان، سوودو ڕۆڵی گرنگی لەجەستەی ژن، هەیە. جگە لەڕۆڵی منداڵ دروستکردن، لینجاو دروست دەکات. ملی منداڵدان، چەند ڕژێنێکی هەیەو چەند دەردراوێک دروستدەکات، تالەکاتی جووتبوون ئافرەتەکە ئازاری نەبێت. بەنەمانی منداڵدان، زێ تووشی وشکبوون دەبێت و ژن، تووشی ئازاردان دەکات. ئەو ژنانەی کە لەتەمەنی ٣٠ ساڵی، زووتر منداڵدانیان دەردەهێنریت، تووشی بێهیوایی دەبێت. نیشانەکانی بەدیاردەکەوێت، چونکە کاتێ منداڵدان دەرهات، هێلکەدانیش دەپووکێتەوەو زوو لەکاردەکەوێت.


## حاڵەتەکانی دەرهێنان

دەرهێنانی منداڵدان لەو حاڵەتە پێویستە کە ژنەکە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت، لەوکاتەی کە ژنەکە گەنجەو لەکاتی منداڵبووندا بەنەزانی منداڵدانی دەتەقێت، یان وێڵاشی، بەدیواری منداڵدانییەوە نووساوەو لێینابێتەوە، لەوحاڵەتدا، خوێنبەربوونی ناوەستێت و دەبێ منداڵدانەکە فڕێبدرێت، چونکە زۆرجار منداڵدانەکە پارچەپارچە دەبێت. هەندێجار دایک، منداڵی لەبارچووە، لەنێو منداڵدانیدا بۆگەن بووەو ژنەکە نەیزانیووە، بەوهۆیەوە تووشی خوێنبەربوونی ناوەکی دەبێت، پێویستە منداڵدانەکەی فڕێبدرێت.

هەندێ ژن، دوای تەمەنی ٤٥ ساڵی، تووشی گرێی منداڵدان دێت، یان دیواری منداڵدان، یان گرێی هێلکەدان، دەبێت. دیواری منداڵدانی ئەستوور دەبێت و خوێنبەربوون و تووشبوون بەشێرپەنجەی منداڵدانی لێ دەکەوێتەوە. ئەوحاڵەتە بەوە ئاشکرا دەبێ کە ژنەکە دوای تەمەنی ٤٥ ساڵی، سووڕی مانگانەی دەوەستێت، زۆرجار دوای ٥ساڵ لەوەستانی سووڕی مانگانەی خوێن، جاریکیتر ئەو سووڕە دەبینێتەوە. لەوحاڵەتانەدا پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕبکرێت، تا پیتاندنی ملی منداڵدان و منداڵدانی بۆ بکات و دوای ئەوە نموونەی پیتاندنەکە بۆ پشکنین ئامادەبکرێت. پاشان بەگوێرەی ئەنجامەکە دەستنیشاندەکرێت کە منداڵدانەکە پێویستی بەدەرهێنانە، یان بهێڵدرێتەوە. د. چیمەن خدر دەڵێ، دەرهێنانی منداڵدان بۆ ئەو ژنانە پێویستە کەلە دیواری منداڵدانیان گرێ هەیە، لەدوای ٤٥ ساڵی یان ئەوانەی کە تووشی شێرپەنجەی منداڵدان و ملی منداڵدان و دیواری منداڵدان هاتوون، ئەوانە پێویستیان بەدەرهێنان هەیە. ئەوەش بەچەند قۆناغێک دەکرێت ئەگەر لەو قۆناغانە تێپەڕیوو و نەتوانرا دەربهێنرێت، پێویستی بەدەرزی کیمیایی هەیە. لەهەر حاڵەتێکدا، پێویستە لەبڕیاردانی

www.netewe.com

Copyright © The McGraw-Hill Companies, Inc. Permission required for reproduction or display.




دەرهێنانی منداڵداندا، پەلەنەکرێت، تەنیا لەوحاڵەتانەدا نەبێت:

شێرپەنجەی منداڵدان، یان جۆگەکان یان هێلکەدانەکان.

+ خوێنبەربوونی زۆر.

+ بوونی وەرەمی ریشاڵی لەمنداڵدان کە ببێتە هۆی خوێنبەربوونی زۆر، یان ببێتە هۆی ڕێگری ئەندامێکی نزیک لەمنداڵدان، وەک میزڵدان.

+ داکەوتنی منداڵدان و کەوتنی بۆ نێو زێ، بەهۆی خاوبوونەوەیەکی زۆری ماسوولکەکانی خوارەوە.

نازەنین محەممەد، ٥٠ساڵ، دایکی شەش منداڵەو ژنی ماڵەوەیەوە، دانیشتووی گەڕەکی نیشتمانی شاری هەولێرە. ماوەی دووساڵە منداڵدانی دەرهێناوە، بەهۆی نەخۆشییەک کەتووشی منداڵدانی هاتووە، ئەو دەڵێ ((پێشتر ئازارم زۆربوو، بەڵام لەوکاتەی منداڵدانم دەرهێناوە ئازارم نەماوە)). خاتوون عەلی ٥٩ساڵ، خەڵکی ڕەواندزە لەگەڕەکی ڕووناکی هەولێر، دادەنیشێت و ماوەی ١٥ساڵە سووری مانگانەی وەستاوە، ئێستا تووشی ئازاری منداڵدان هاتووە. دکتۆر پێیگوتووە کە دەبێ منداڵدانی فڕێبدات، چونکە تووشی هەوکردنێکی زۆر بووە، لەشوێنی خۆی هاتووەتە خوارەوە. هەدیە مەهدی، ٣٩ ساڵ، پیشەی مامۆستایە، ماوەی ساڵ و نیوێکە منداڵدانی فڕێداوە، خاوەنی ٤ منداڵە، ((منداڵدانم نەخۆشبوو، بۆیە دەرمهێنا، ئێستا حاڵم باشە، تەنیا بەوە نیگەرانم کە ناتوانم منداڵیتر دروست بکەم)).

## مەترسییەکان

پسپۆڕانی نەخۆشییەکانی ژنان، بەهیچ جۆرێک هەوڵی دەرهێنانی منداڵدان نادەن، تەنیا لەحاڵەتە زۆر پێویستییەکاندا نەبێت، هەروەها هانی ژنان نادەن، بۆ دەرهێنانی منداڵدان. هاوکات حاڵەت هەیە دکتۆر بەدەرهێنانی منداڵدان، ناچارە وەک، پارچەبوونی منداڵدان لەکاتی منداڵبووندا، یان هەوکردنی منداڵدان و بۆگەنبوونی کە تووشی هەوکردنی خوێنبەربوون دێت و دەبێتە هۆی مردنی نەخۆش، بۆیە لەو حاڵەتانەدا، ژیانی دایک، گرنگترەو ناچار دەبن منداڵدان، فڕێبدەن.

## کاریگەرییەکانی دەرهێنان

*بوونی ئازار.

* ئەگەر ژنەکە هێلکەدانیشی، لەگەڵ منداڵدان دەرهێندرا، بەزوویی تووشی گەرمداهاتنی لەش دەبێت.

* تووشبوون بەخەمۆکی و دڵتەنگی، هەوکردنی میزڵدان و ئازار، هەروەها ئێسکی نەرم دەبێت و بەهۆی نەمانی ماددەی ئیسترۆجین ئەگەری شکانی ئێسک ئاسان دەبێت.

* پرۆسەی سێکسی بەئازار دەبێت، بەڵام ئەگەر ملی منداڵدان دەرنەهاتبوو ئەوکات پرۆسەکە ئازاری نابێت. دەرهێنانی منداڵدانیش دووجۆری هەیە، دەرهێنانی تەواو و نیمچە دەرهێنان، واتا ئەگەر تەنیا منداڵدان، دەربهێنرێت بەبێ ملی منداڵدان، ئەوکاتە ژنەکە لەکاتی سێکسکردندا ئازاری نابێت.

## شێوەکانی دەرهێنان

یەکەم، دەرهێنانی سنووردار: بەتەنیا منداڵدان دەردەهێنرێت و ملی منداڵدان دەهێڵدرێتەوە.

دووهەم، دەرهێنانی تەواو: تێکڕای منداڵدان، لەگەڵ ملەکەی دەردەهێنرێت.

سێهەم، دەرهێنانی تێکڕایی فراوان: وێڕای دەرهێنانی منداڵدان، هەردوو جۆگەلەی فالوب و هیلکەدانەکان و بەشی سەرەوەی زێ لادەبردرێت، ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە کاتێک دەکرێت کە شێرپەنجەی منداڵدان، پەرەی سەندبێت. نەشتەرگەری دەرهێنانی منداڵدان دەتوانرێت لەڕێگەی جۆگەی زێیەوە ئەنجامدەدرێت، بێئەوەی سک بکرێتەوە، یاخود بەڕێگەی کردنەوەی درزێک لەسکەوە دەکرێت.

## دەرئەنجامەکان

١.دەرهێنانی منداڵدان و وەستاندنی کەوتنە سەرخوێن بەتەواوی رادەگرێت، چونکە کەوتنە سەرخوێن بریتییەلە رزگاربوون لەناوپۆشی منداڵدان کە هەموو مانگێک سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە.

٢.نەمانی دەرفەتی سکپڕبوون، چونکە هێلکۆکەی پیتراو لەدیواری منداڵدان دەچێنرێت و لەوێدا گەشە دەکات و کۆرپەلە دروست دەکات.

٣.کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئەو ژنانە هەیە کە لەتەمەنی گەنجیدان. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دوای ئەوەی ژن گەیشتە تەمەنی نائومێدی، لە پەنجا ساڵی بەسەرەوە ئینجا منداڵدانی بۆ دەردەهێنرێت

www.netewe.com



# سیر شێرپەنجە لەناو دەبات

توێژینەوەیەکی ئەمریکی دەریخستووە کە خواردنی سیر بەشێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لەنەخۆشی شێرپەنجە، چونکە خانەکانی شێرپەنجە لەناودەبات. بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی کە ئەمساڵ ئەنجامدراوە خواردنی سیر دەبێتە هۆی لەناو بردنی خانەکانی شێرپەنجە. وەک زانراوە، خانەکانی شێرپەنجە بەشێوەیەکی زۆر خێرا تەشەنە دەکەن، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە سیر جۆرە ڕژێنێکی کیمیاوی دەردەدات، خانەی شێرپەنجە تووشی نەخۆشی دەکات و لاوازیان دەکات.

هەروەها توێژینەوەکە دەریخستووە کە هەرسکردنی سیر بەهۆی ئەوەی دەبێتە کارلێکی کیمیاوی، ئەوا پێویستی بەکاتێک هەیە بۆ هەرسکردن کە لە ١٥ خولەک کەمتر نییە. لەبەشێکیتری ئەو توێژینەوەیەدا هاتووە کە خواردنی سیر، دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوەی فتریات و هەوکردنەکان، ئەوەش سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە. بۆیە ئێستا پزیشکانی ئەمریکا، ئامۆژگاری نەخۆشەکان دەکات کە لەماوەی یەک هەفتەدا بۆ چەند جارێک سیر بخۆن، تا تووشی نەخۆشییەکانی هەوکردنی پێست و گەدە نەبن.

# خواردنی شەکرە ناهێڵێت





توێژینەوەیەک دەریخستووە کە خواردنی فستق، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخۆشی شەکرە، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێژەی ئاسنیان لەلەشدا کەمەو کەمخوێنن، سوودی زۆری هەیە.

زانایانی زانکۆی تۆرنتۆی کەنەدی، لەبارەی سوودەکانی خواردنی فستق لێکۆ ڵینە و ە یە کیا ن ئەنجامداوەو کە بەپێی لێکۆ ڵینە و ە کە خواردنی فستق دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نەخۆشی شەکرە. ئەو توێژینەوەیە بەپێویستی زانیوە، وڵاتێکی وەک هیندستان کە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن تووشبووی شەکرەی هەیە، سوود لەخواردنی فستق وەربگرێت. بەپێی پێشبینی هەندێ لە پزیشکانی هیندستان تا ساڵی ٢٠٢٥ ڕێژەی نەخۆشانی شەکرە بۆ ٨٠ ملیۆن کەس، بەرز دەبێتەوە.

شارەزایانی خۆراک، لەبارەی گرنگی خواردنی فستقەوە دەڵێن، کە فستق ڕێژەیەکی باش لەپرۆتینی گیایی، ماددەی نیشاستەیی و کانزایی وەک کالسیۆم و پۆتاسیۆمی تێدایە، کە ئەمەش دەتوانێت ڕێژەیەکی باش لەپێویستییەکانی لەشی مرۆڤ دابین بکات. هەروەها خواردنی فستق بۆ هێورکردنەوەی مێشک و دەروون و دڵی مرۆڤ، یارمەتیدەرێکی باشە.

لەلایەکی دیکەوە، فستق گەدە بەهێزتر دەکات، بۆیە بۆ کردنەوەی بۆرییەکانی سپڵ دەرمانێکی سروشتییە. هەندێ لە زایانی بواری خۆراک لەوبڕوایەدان، کە بەپێی ئەو ڕێژە زۆرەی پڕۆتین کە لە فستقدا هەیە، دەتوانرێت لەریزی گۆشت و دانەوێڵە دابنرێت. ڕێژەی ئاسن و کالسیۆمی نێو فستق، بۆ بەهێزکردنی ئێسک، ددان و پووک و تەنانەت بۆ چارەسەری هەندێ لەو نەخۆشانەی بەهۆی کەمی ڕێژەی ئاسن، لە لەشیاندا کەم خوێنن، یارمەتیدەرێکی باشە.

ئەم زانایانە دەڵین خواردنی چەند دانە فستقێک ڕۆژانە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی مێشکی مرۆڤ. بەڵام تایبەتمەندییەکی فستق ئەوەیە کە مرۆڤ قەڵەو دەکات، بۆیە ئەو کەسانەی کە قەڵەون، دەبێت فستقی زۆر نەخۆن.

**ئا: عەباس نەجمەدین**



**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.**
**لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

# پزیشکی وارڤین

پ: ئارەقەکردنی زۆر بۆچی دەگەڕێتەوە؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو د.عومەر سورچی: بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش و تالێهاتن، بەرزی پلەی گەرمی ئەو شوێنەی کە لێی دادەنیشێت، هەروەها بوونی غودەی دەرەقی سامەمە، مرۆڤ ئارەقێکی زۆر دەکاتەوە. هەروەها نارێکی باری دەروونی، هۆکارێکیترە، بەڵام زۆربەی کاتەکان بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی ژینگە، یان لەش، ئارەقەی زۆر دەردەدرێت.

پ: هۆکاری تەمبەڵی هێلکەدان، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی د. جوان سوعاد: زۆرترین هۆکار بۆماوەییە، کێشی زۆر و قەڵەوی ڕۆڵی هەیە، بەڵام ژن هەیە خۆی لەبنەڕەتەوە هێلکەدانی لاوازە، زۆربەی ئەوانەش لەرێگەی منداڵی شوشە ( ( الاگفال الانابیب ( (منداڵیان دەبێت.

پ: ئێمە خێزانێکین باری داراییمان، زۆر باشەو هەموومان کاری خۆمانمان هەیە. منداڵێکم لەباخچەی ساوایانە، ئەمساڵ لەرێگەی گەشتێک تووشی ڕووداوی ئۆتۆمبیل بووین، لەوکاتەوە ئەو منداڵەم تووشی ترسێکی زۆربووە، دەلەرزێت و تووشی ڕاڕایی بووە، ئەگەر بایەک هەڵکات، خۆی ڕاناگرێت و هاوار دەکات خۆی دەخاتە ژێر بەتانییەوە، وادەزانێت بەهۆی با، ئۆتۆمبیلەکەمان تووشی ڕووداوبووە، پێویستمان بەرێنمایی ئێوەیە، چی بکەین؟

د.توانا عەبدولڕەحمان، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان:

ئەم کاردانەوەیە تارادەیەکی زۆر ئاساییەو پێویست بە ڕاڕایی ناکات، چونکە ئەو ترسە دوای ئەو ڕووداوە ئەگەری دروستبوونی لەتەمەنی منداڵەکەتاندا هەیە، لەوانەیە دوای ماوەیەک چاک بێتەوە، بەڵام دەبێ دایک و باوک، یارمەتی بدەن و ئەو ترسە لەدڵیدا بشکێنن، بەوەی کە هەنگاو بەهەنگاو ڕووبەڕووی جێ وشوێن و چۆنێتی ڕووداوەکەی بکەنەوە. بۆ نموونە دەتوانن بەهەمان ئۆتۆمبیل منداڵەکە ببەنەوە جێی ڕووداوەکەو زانیاری پێبدەن کە ڕووداوەکە چۆن ڕوویداو هۆکارەکانی بۆ ڕوونبکەنەوەو هێوری بکەنەوە. بۆ دڵنیابوونی زیاتریش دەتوانن سەردانی پزیشکێکی دەروونی بکەن، تا لەچۆنیەتی ڕەوینەوەی ئەو ترسە ئامۆژگاریتان بکات.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**

تەلەفۆن: 0662647813
ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

www.netewe.com

# هەویر بەگۆشتی تورکی



ئامادەکردنی:

ریستۆرانتی سوڵتان

(وەستا ئەحمەد سەعید)

## پێداویستییەکان

٢٥٠گم هەویر.

١٠٠گم قیمە.

بیبەری رەش.

خەیار+تەماتە+بیبەر

سەرەتا هەویرەکە جوان دەشێلدرێت، پاشان لەشێوەی لەشی ماسی پاندەکرێتەوە، دواتر قیمەو بیبەرە رەشەکەی بەسەردا دەکرێت، پاشان دەخرێتە نێو فڕنەوە، بۆماوەی دە خولەک لەنێو فڕنەکەدا دەمێنێتەوە، دوای ئەوە دەردەهێنرێت و دەخرێتە سەر بەلەمێکی گەورەو خەیارو تەماتەو بیبەر بە لەتکراوی لەچواردەوریدا دادەنرێت. بەمجۆرە خواردنی یەک کەس ئامادە دەبێت.



www.estewe.com

# ناساندنی١٠٠ جۆر خواردنی بەسوود

100 COR MÎWEY BE SUD

بەڕێزان و خولیایانی گیا دەرمانی، باری بژێویتان هەرجۆرێک بێت، گران نییە گەرهەندێک گۆڕانکاری سادە لەسیستەمی خواردەمەنییەکانتاندا ئەنجام بدەن، کە بۆ باشترکردنی باری تەندروستی خۆتان باشە. ڕەنگە ئێوە زیاتر مەیلتان بەلای خواردنە ئامادەکراوەکانەوە (CAN FOOD) هەبێت و ئەوانەتان پێی باشتر و خێراتر بێت، بەڵام چاک بزانن هەرسکردن و بەکاربردنیان لەلایەن لەشەوە ئاسان نییە. چونکە ماددەی پارێزەر (ADVOCATE MATTERS)ی ناو قوتووەکان، ئاوێتەی کیمیایی ئاڵۆز و زیانبەخشن کە زۆر خواردنیان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی شێرپەنجە جۆربەجۆرەکانە (VARIOUS CANCERS). ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین کە چ شتێک بەتام و خۆشە ئەوەیان باشە! جا ئەگەر پڕیش بێ لە سێ ژەهرە سپی یەکە. (مە بەستم خوێ و شەکر و چەورییە). تا نەخۆش نەکەوین نرخی لەشساغیمان نازانین. خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، ئەمە ئامۆژگاری پزیشکانی بەویژدانە. خوێنەری بەڕێز ئەو کۆمەڵە خواردنەی بۆمان ئامادەکردوون ١٠٠ دانە لەوخواردنانەیە کەوا ئێمە ڕۆژانە دەیانبینین و دەیانخۆین، بەڵام نازانین چییان تێدایەو بۆچی باشن؟ دەکرێ وەک دەرمان بەکاربهێنرێن یا نە؟ بەهیواین لەگەڵ هەرژمارەیەکی وارڤیندا لەم خشتەیە سوود وەربگرن.

| ناو: | گرنگترین ماددە: | گرنگترین سوود: |
|---|---|---|
| ٣٧- بەری جۆ  | ڤیتامین: B COMPLEX -، کالیسیۆم CA++، فسفۆر S، پۆتاسیۆم K+، مەگنیسیوم MG، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID). | ئاسانکاری کرداری هەرس DIGESTION ە، چاکبوونەوەی برینی گەدە PEPTIC ULCER خێرا دەکات، دابەزێنەری چەوری خوێن (CHOLESTEROL) ە، زۆرجار پاش کوڵاندن ئاوەکەی بۆ ناتەواویەکانی گورچیلە RENAL DISORDERS بەکاردهێنرێت. |
| ٣٨ - گیای دەریا  | کالیسیۆم CA++، فسفۆر S، ئاسن FE، پۆتاسیۆم K+، مەگنیسیوم MG . | خۆراکێکی نموونەییە بۆ ڕووەکخۆرەکان، سەرچاوەیەکی سەرەکی کانزا پێویستەکانی لەشی مرۆڤە، چالاککاری کۆئەندامی سووڕان CVS و دەمار CNSە، دژەژەهراوی بوون ANTI POISONING ە. |
| ٣٩- ئاناناس  | ڤیتامین:C، کالیسیۆم CA++، فسفۆر S، مەگنیسیۆم MG، پۆتاسیۆم K+، بیتاکارۆتین . | بکوژێکی بەهێزی میکرۆب و مشەخۆر PARASITES ەکانە لەناو ڕێرەوی هەرس GIT دا لەبەر بوونی ئەنزیمی PROMELYNE، هەر بۆیە زۆر شێوەی ترشیەتی گەدە دەکات لە ئەرکدا. بەڵام زۆر خواردنی کاریگەری خراپ لەسەر چینی مینای ددان بەجێدەهێڵێ. |
| ٤٠ -درکی زەوی  | ڤیتامین: B٣ ،K ،C، کالیسیۆم Ca++، فسفۆر S، مەگنیسیۆم Mg، پۆتاسیۆم K+، ترشی فۆلیک (Folic Acid)، بیتاکارۆتین . | کرداری میزکردن URINATION زیاد دەکات، جگەر پاک دەکاتەوە، کرداری دەردرانی زەرداوی جگەر BLIRUBINE SECRETION خێرا دەکات، چەوری خوێن (CHOLESTEROL) کۆنترۆڵ دەکات . |



سەرچاوە:

1- Kurdish heritage – SMD; 2006.

2- www.academiainternational.com

سیراجەددین مەحمود

www.netewe.com



# زۆیا:
## گۆرانییەکانم گوزارشت لە ژیانم ناکەن

ئەو هونەرمەندەی نایەوێت لە شاشەی تیڤییەکانەوە دەربکەوێت

www.netewe.com

زۆیا، لەوتووێژێک لەگەڵ وارڤین دا باس لەسیدییە تازەکەی دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە حەز ناکات زۆر لەشاشەی تیڤییەکانەوە دەربکەوێت.

زۆیـا، دانیشتووی شـاری قامیشلۆی ڕۆژئـاوای کوردستانە. لەساڵی ١٩٨٦ لەدایکبووەو ماوەی ٥ ساڵە کاری هونەری دەکات. تائێستا ٥ کلیپ و دوو بەرهەمی بەناوی (چاڤێتەو هێڤی نەمایە) هەیەو هەروەها دوو کلیپی تریشی گەیشتووەتە قۆناغی ئـامـادەبـوون. ئـەو جیا لــەوەی وەک هونەرمەندێکی ژن لەڕۆژئاوای کوردستان ناسراوە، لەهەرێمی کوردستان و باکووری کوردستانیش خـاوەن جەماوەرێکی زۆری هونەرییە. زۆیـا ٧ ساڵە هاوسەرگیری کردووەو کچێکی بەناوی ئێڤاو کوڕێکی بەناوی ئەیاز هەیە. لەبارەی بەرهەمی تازەی کە دوو کلیپە دەڵێت ((دووکلیپی تازەم ئامادەکردووە یەکێکیان بەناوی ((بێتەزانم)) کە لەلایەن کوردستانتیڤی کلیپی بۆ کراوەو لە لوبنان وێنەی گیراوە، ئەویتریان بەناوی ((ئازاری دڵ)) کە بـەزاراوەی سۆرانی گوتوومەو لەلایەن ڤین تیڤی لە دهۆک وێنەی گیراوە. لەبارەی ئەوەی چۆن گرێبەستی لەگەڵ ڤین تیڤی کـردووە باس لەوەدەکات کە ئەوکەناڵە پەیوەندیان پێوەکردووەو تا کاری کلیپەکەی بگرنە ئەستۆ ((بۆ ماوەی دوو ساڵ گرێبەستمان بۆ بەرهەمی (هێڤی نەمایە) کرد و هەموو کارەکانیان گرتە ئەستۆ. هەروەها دوو کلیپیشیان بەناوی (کانێ ئەڤینامە و ئازاری دڵ بۆ کردم)). هەڵبژاردنی ناوی هێڤی نەمایە بەلای هونەرمەند زۆیا بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەو ناوە وەک کلیپی ((چاڤێتە))حەزێکی ئەو بووەو کاتێک پرسیاری لەهاوسەرەکەی کردووە کە ڕای چۆنە بەرهەمێکی بـەونـاوە هەبێت، هاوسەرەکەیشی داوایلێکردووە کە داوا لەشاعیرێک بکات تێکستێک بەو ناوەبنووسێت، لەبەر خۆشەویستی بۆ ئەوناوەو و ڕەزامـەنـدی هاوسەرەکەی، سیدییە تازەکەی بەناوی هێڤی نەمایە کـرد. زۆیـا دەڵێ: ((ئەم بەرهەمەم لـە(١٠) تراک پێکهاتووەو ٥ گۆرانی بەشێوەی سلۆو گوتراوەو٥ی تریشی هەمەرەمەنگ و هەڵپەڕکێن)). لەبارەی ئـەوەی کە چەند لەو سیدییە تازەدا بایەخی بەلایەنی فۆلکلۆری داوە، زۆیـا ئـەوەدەخـاتـەڕوو لەبەرهەمی یەکەمم یەک گۆرانی فۆلکلۆرم گوت، بەڵام لەبەرهەمی دووهەمدا دوو گۆرانی فۆلکلۆرم گوتووە)) . ئەو نایشارێتەوە کە بەرهەمی پێشووتری (چاڤێتە) کەموکورتی زۆری هـەبـووە، بـەڵام لەوبەرهەمەیدا کارێکی هونەری باشی کـردووەو میوزیک و کاری دەنگی لەئیستانبوڵ تۆمار بۆ کـردووە. ئەو گۆرانیەک لە سیدییە تازەکەی جیادەکاتەوە کە زۆر لەلای خۆشەویستەو ئەویش گۆرانی (ئـازاری دڵە) کە بەشێوەزاری سۆرانی گوتوویەتی. لەگەڵ ئەوەی حەز بـەوەدەکـات کە گۆرانیەک لەسیدییەکانی هەبێت کە گوزارشت لەژیانی خۆی بکات، بەڵام وەک باسی کرد، تائێستا هیچ گۆرانییەکی نەگوتووە کە ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو بێت و هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هەرگۆرانیەک بەشێوازێک نووسراوە ((کاتێک شاعیر تێکستەکانی نووسی منیش حەزم لەتێکستەکان کردو سەرنجیانڕاکێشام و کردم بەگۆرانی، گۆرانیەکان گوزارشت لەژیانی من ناکەن. زۆر لەهونەرمەندان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە جیا لەگۆرانیگوتن لەکەناڵێکدا بەرنامەی هونەریان هەبێت و وەک پێشکەشکار ئەوبەرنامەیە پەخش بکەن، بەڵام زۆیا، دەڵێ، کەناڵی لۆکاڵی دهۆک داوای لێکردووە ببێتە بێژەرو بەرنامەیەکی هونەری پێشکەش بکات، بەڵام ڕەتیکردووەتەوە ((ناتوانم کارێکیتر بکەم و حەز دەکـەم هەموو کات دڵی جـەمـاوەرەکـەم خـۆش بـکـەم)). زۆیـا، جەختی لەوەش کردەوە کە نابێ هونەرمەند زۆر لەشاشە دەربکەوێت، بەتایبەت بەرنامە پێشکەشکردن و خۆشی حـەز بـەوە نـاکـات. لـەبـارەی ئەوەی کەزۆری هونەرمەندانی ژن دەڵێن لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە بایەخ بەکارەهونەرییەکانیان نادرێ. زۆیا، ئەوەدەخاتەڕوو کە زۆرێک لەژنانی دەنگخۆش حەزدەکەن ببن بەگۆرانیبێژ، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی دابوونەریت ناتوانن ئەو ئاواتەیان بهێننەدی، یان ئەگەر یەکێکیش بـواری بۆ ڕەخسا ئـەوا وەک پێویست یارمەتی نادرێت. زۆیـا، مـاوەی حەوت ساڵە ژیانی هاوسەری لەگەڵ مزگین، پێکهێناوەو زۆریش بەختەوەرە کە ئەوی هەڵبژاردووە، چونکە وەک باسی دەکـات، هاوسەرەکەی میوزیکژەنەو ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی لەکارە هونەرییەکانیدا یارمەتیدەری بێت. زۆیا، بەنیازە لەسەری ساڵی داهاتوودا سەردانی ئەورووپا بکات و لەوێ چەند کۆنسێرتێکی گۆرانی سازبکات. لەگەڵ ئەوەی بەباشی زمانی عەرەبی دەزانێت، بەڵام حەز ناکات بەزمانی عەرەبی گۆرانی بڵێت و هۆکارەکەش بۆ ئەوەدەگەڕێنێتەوە کە ئەو حەز دەکات بەزمانی دایکیی خۆی گۆرانی بڵێت. زۆیا، تائێستا دووجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە ((دڵخۆشبووم کاتێ زانیم لەهەرێمی کوردستاندا جەماوەرێکی زۆری هونەریم هەیە)).



**ڕۆشنە عومەر**

# ئەمەل مەسلوسی بۆ وارڤین: دەنگم بۆ دەربڕینی کێشەکانی جیهان بەکار دێنم



ئامەد:

هونەرمەندی تونسی ئەمەل مەسلوسی، کە لە میهرەجانی ئامەد دا بەشداری کردووە، رایگەیاند، دەیەوێت گۆرانی و موزیکی خۆی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهاندا بەکار بێنێت. هونەرمەندی بەناوبانگی تونسی ئەمەل مەسلوسی کە لەچوارچێوەی ١٠یەمین میهرەجانی چاندو هونەردا هاتووەتە ئامەد، لەبارەی کێشەکانی کورد و فەلەستینەوە رای خۆی دەربڕی.

وارڤین: تۆ چۆن راڤەی موزیکی خۆت دەکەی؟

ئەمەل: شرۆڤەکردنی زۆر زەحمەتە. چونکە گەلەک کاریگەری جۆراوجۆر لەسەر موزیکی من هەیە. موزیکگەلی فۆلک، رۆک، ئۆریانتاڵ، کاریگەری گەورەیان لەسەرم داناوە. پاشان من تێکەڵەیەکم لەو موزیکانە دروست کرد. بەو کاریگەرییانە هەوڵدەدەم کە موزیکی رۆک دروست بکەم. گۆرانییەکانم بە عەرەبی تونسی دەڵێم. وەک رێبازێک شتێکی وەک فیلم – میوزیک یان میوزیک – فیلم دروست دەکەم. لەبەرئەوەی شیعرەکانم زۆر درێژن و لەگەلەک بەش پێکدێن. ئەو موزیکە لەسەرەوەوە لەژێرەوە لە یەکتر جیادەبێتەوە.

وارڤین: تۆ کەی لەگەڵ موزیکی کلاسیک، (جاز و بلوس) ئاشنا بووی؟

ئەمەل: ١٥ ساڵان بووم لەسایەی باوکمەوە ناسیم. باوکم شۆڕشگێڕێک بوو. پاشان من موزیکی فۆلک و رۆکم ناسی. من لەماوەی تەمەنی خوێندکاریم دا لە زانکۆ تیپێکی موزیکم دامەزراند و دەستم بە پەخشان و گۆرانی کرد. باوکم، موزیسیەنی عەرەب مارسێل خەلیفەو گیڤارا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەرم دانا. بۆیە دەمەوێ لەدژی زوڵم و ستەم، لەدژی ناحەقی و نایەکسانی گۆرانی بڵێم.

وارڤین: تۆ پێشتر باسی کێشەی کوردت بیستبوو؟

ئەمەل: دەمەوێ بە گۆرانییەکانم کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دابنێم. مارسێل خەلیفە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم دانا. کاتێک دەستم بە موزیک کرد، دەمویست شۆڕشێک بکەم. بە خۆمم گوت، ئەگەر رۆژێک بچمە سەر شانۆ، دەبێ بەو کاریگەرییەو بەو هەستانەوە گۆرانی بڵێم. بەلای منەوە کێشەی کورد و کێشەی فەلەستین زۆر هەستیارن و پەیوەندیم پێیانەوە هەیە. دەمەوێ دەنگی خۆم بۆ دەبڕینی کێشەکانی جیهان بەکار بێنم. دەنگەکەم تەنیا هی من نییە. دەمەوێت بەموزیکەکەم ئەو پێشێلکارییانەی کە لەدژی مرۆڤ ئەنجامدەدرێت، ئاشکرا بکەم.

وارڤین: خەڵکی ئامەد زۆر حەزیان لە گۆرانیەکی تۆ بەناوی ((ئەحمەدێ)) کرد. لەوبارەیەوە چی دەڵێی؟

ئەمەل: من زۆر حەزم لە زمان و کەلتووری جیاوازە. من گۆرانی ئەحمەدۆم لە ئاینور دوغان بیستبوو. ئەو گۆرانییەو ئاوازەکەی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەرم دانا. دەستپێک کە گوێم لەو گۆرانییە گرت، دڵم بۆ بە دوو بەشەوە. زۆر کاریگەر بوو. کاتێک ئەو گۆرانیەم لێرە گوتەوە خەڵکی زۆر بەدڵیان بوو.

وارڤین: تۆ کەیفت بە ئامەد دێت؟

ئەمەل: پێشتر لەسەر ئامەد هەندێ فیلمم بینیبوو. هەندێ وێنەم سەیر کردبوو. بەڵام کاتێک هاتمە ئامەد ئەم شارە زۆر شیرینتر هاتە بەرچاوم. من بیری ئامەد دەکەم. هاتنم بۆ ئێرە خەونێکی گەورە بوو. لەو رۆژەوەی کە گوێم لە پرسی کورد بووە، دەمویست بێمە ئێرە.

www.netewe.com



## عەدنان کەریم بۆ وارڤین:

# بەرهەمی وەفاییم لەسەنتەری ئارۆ بلاّو دەکرێتەوە

هونەرمەند عەدنان کەریم لە لێدوانێکی تایبەت بە وارڤین بەرهەمەتازەکەی ئاشکرادەکات و لەبارەی چۆنیەتی بلاّوبوونەوەو کلیپکردنی، چەند زانیارییەکی ئاشکراکرد.

هونەرمەند عەدنان کەریم لە لێدوانێکی تایبەت بەوارڤین رایگەیاند کە ئەلبوومێکی نوێی گۆرانی بەناوی وەفایی لەئامادەبووندایە کە هەشت تراکی لەخۆگرتووەو حەوتیان ئاوازی خۆیەتی و ئەویتریان ئاوازی فۆلکلۆرەو بەزارەوەی هەوارامی گوتوویەتی. هونەرمەند عەدنان کەریم دەڵێت تێکستەکانی ئەو بەرهەمە ئەحمەد موختار جاف و مەولەوی و کاکەی فەلاحە . عەدنان کەریم باس لەوەدەکات کە تا ئێستا بڕیاری نەداوە هیچ گۆرانییەک لەو بەرهەمە کلیپ بکات. هەروەها ئاشکرایکرد بەرهەمەکەی لەلایەن سەنتەری ئارۆ بلاّو دەکرێتەوە . وەک رایگەیاند کە بەرهەمەکەی لەئیستەمبوڵەو لەوێدا چاپ دەکرێت.

# کیژانی سلێمانی لەدهۆک چالاکی هونەری دەکەن

وارڤین – هەولێر

گروپی کیژانی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوەو بۆیەکەم جار ٢٠ ئەو مانگە سەردانی پارێزگای دهۆک دەکەن و کۆنسێرتێکی هونەری سازدەکەن.

لەمبارەیەوە سەرپەرشتی گروپی کیژان ئەنوەر قەردەداغی بەوارڤینی راگەیاند کە لەژێرچاودێری پارێزگای دهۆک بڕیاربوو لە ١٥ ئەم مانگە سەردانی شاری دهۆک بۆسازدانی کۆنسێرتێک بکەین، بەلاّم لەبەرئەوەی چالاکی وەرزشی زۆر لە پارێزگای دهۆک هەبوو بڕیارماندا کە سەردانەبخەینە ٢٠ ئەومانگە. هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی ئەوەی خستەڕوو لەو کۆنسێرتە چەندین بەرهەمی تازەی هونەری پێشکەش دەکەن. ئەو سەردانەی گرپی کیژانی سلێمانی لەسەر بانگهێشتی پارێزگای دهۆکە.







# خاوەنی کڵاوەکەی جەواهیری

# 15 ساڵ لەمەوپێش زانیویەتی تـ

هەولێر

ژنێکی پێست سپی قژ زەردە لەکاتی گفتووگۆدا بەهێمنی و ئارامی دوا. تەمەنی نزیکەی شەست ساڵە، بـەڵام روخسـاری گەنجتر دێتەبەرچاو. مرواری، ژنە کوردێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە، خاوەنی ئەو کڵاوەیە کە شاعیری گەورەی عەرەب جەواهیری، لەسەری نابوو کە دروشمی ((یان کوردستان، یان نەمان))ی لەسەر نووسرابوو.

مرواری ئەحمەد، لەدایکبووی شاری کەرکووکەو ساڵی ١٩٥٠، لەخێزانێکی نشتمانپەروەر، لەدایکبووە. ئەو حەزی کردووە بچێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی ناخۆشی بارودۆخی ئەوکات نەیتوانیووە ئەو ئارەزووەی بهێنێتە دی. مرواری، چیرۆکی چنینی کڵاوەکەی شاعیری گەورەی عەرەب، جەواهیری، بەمجۆرە دەگێڕێتەوە ((ئەگەرچی حەزمکرد بخوێنم و بڕوانامەیەکی باشم هەبێت، بەڵام بەهۆی هەژاری خەریکی کڵاو چنین بووم، نەمتوانی ئەو ئاواتەم بهێنمەدی، بۆیە بۆشاییەکەم بەوە پڕکردەوە کە خەریکی کارێکی تربم)). مرواری، ئاماژە بەهەستی نەتەوایەتی خۆی دەکات و دەڵێت ((ئەو ساڵەی کە عەبدولکەریم قاسم حوکمرانی عێراقی گرتە ئەستۆ، لەساڵی ١٩٥٨، مەلا مستەفا سەردانی کەرکووکی کرد، لەنێو ئاپۆرەی ئەو خەڵکە زۆرەی لە پێشوازیدا بوون، رامکردو دەستم ماچکرد)). ئـەو رۆژە بـە بینینی مـەلا مستەفا بارزانی، زۆردڵخۆشبووم، تەنیا لەبەر ئەوەی سەرکردەیەکی بەناوبانگی کورد بوو.

### یان کوردستان یا نەمان

مرواری نەیتوانی بچێتە قوتابخانە، بەڵام بێهیوا نەبوو، لەماڵەوە دەستی بەکاری چنین کرد، برا بچووکەکەی دروشمی بۆ نوسیووەو ئەویش، خستوویەتەسەر چنینەکانی. مـرواری، داوای لەبراکەی کردووە بۆی بنووسێت ( یان کوردستان، یان نەمان)و دوای ئەوە لەسەر کڵاوێک ئەو نووسینەی چنیوەو بە پێشمەرگەیەک بۆ جەلال تاڵەبانی ناردووە، چونکە ((تاڵەبانی زۆر خۆشویستووە)). باس لەوەش دەکات کاتێ بیستوویەتی کڵاوەکەی بەدەستی تاڵەبانی گەیشتووە، زۆر دڵخۆش بووە.

### چۆن کڵاوەکە گەیشتە جەواهیری؟

لەکۆنفراسێکی ئەدەبی ساڵی ١٩٦٣ لە بەغداد، تاڵەبانی جەواهیری دەبینێ و لەوێ جەواهیری باسی تووشبوونی بە نەخۆشییەک بۆ دەکات کە دکتۆر پێیگووتووە دەبێ پارێزگاری لەسەری بکات لە تیشکی خۆر بەو هۆیەوە نیگەرانبووە. بۆیە، تاڵەبانیش کڵاوەکەی مـرواری پێشکەش بەجەواهیری کـردووەو پێیگوتووە ئـەو کڵاوە زۆرباشە بۆ تۆ پارێزگاریت لێ دەکات. لەبەرامبەردا

www.netewe.com





# ـــاڵەبانی دەبێتە سەرۆککۆمار

جەواهیری، بە شانازییەوە کڵاوەکەی لەسەرناوە. بەگوتەی خەیاڵ کچە گەورەی محەمەد جەواهیری، جەواهیری حەزی نەکردووە هیچ جۆرە کڵاویکی ئەو سەردەمە لەسەر بنێت ((چونکە ئەو کڵاوانەی ئەوکاتە هەبوون، فەیسەڵی و چەندین جۆریتربوون، بەڵام بە شانازییەوە، ئەو کڵاوەی لەسەر نا)).

### مرواری کڵاوەکە دەدۆزێتەوە

لەساڵی ١٩٩٨ پەیکەرێک بۆ جەواهیری لە شەقای ئەبوو سەنا، لەسلێمانی دروستکرا، کورەکەی مرواری، چەند وێنەیەکی پەیکەرەکە دەگرێت و لەوێنەکەدا نووسینی سەرکڵاوەکە پیشاندراوە کە لێینووسراوە (یان کوردستان یا نەمان). کاتێک مرواری سەیری وێنەکە دەکات کڵاوە دەستکردەکەی خۆی دەناسێتەوە، چونکە بە سیمی زەرد نوسیوویەتی ((یان کوردستان یان نەمان)).

### کچەکەی جەواهیریش دەدۆزێتەوە

ڕۆژی ٢٧ـــی/٥/٢٠١٠ دەزگای ڕۆژنامەوانی بەدرخان، کوڕێکی شیعرخوێندنەوەی بۆ خەیاڵ، کچە گەورەی محەممەد مەهدی جەواهیری ساز کرد. مرواری لەو کۆڕەدا ئامادەبوو و ملوانکەیەکی قەنەفڵی پێشکەش بەکچەکەی جەواهیری کرد، خەیاڵ لەساتی وەرگرتنی ملوانکەکەدا بەمرواری گوت: ((حەزەکەم لەسەرسەری خۆمت دابنێم)).

### گلەیی لەتاڵەبانی دەکات

مرواری، ئەوە دەخاتەڕوو کە تاڵەبانی زۆر خۆشدەوێت ((تاڵەبانی ئاوێتەی خوێنم بووە، زۆرم خۆشدەوێت و حەزدەکەم لەنزیکەوە بەدیداری بگەم)). وەک ڕوونیدەکاتەوە بەرلە ١٥ ساڵ زانیویەتی ڕۆژێک دێت تاڵەبانی دەبێتە سەرۆککۆمار ((خەومبینی تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێراق بوو، بەڵام کاتێک بۆ خەڵکم گێڕایەوە، دەیانگوت ئەمە هەر ئەو خەونەیە کە بینیووتە)). ئەو بە سەرسامییەوە باس لەو ڕۆژە دەکات کە خەونەکەی بووە ڕاستی و تاڵەبانی بووە سەرۆککۆماری عێراق. کاتێک مرواری هەواڵی هەڵبژێردرانی جەلال تاڵەبانی بەسەرۆککۆماری عێراق دەبیستێت بەپێی پەتی لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تا قلیاسان ڕادەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرواری، دەڵێ ((چەندینجار پەیامم بۆ تاڵەبانی ناردووە کە لەنزیکەوە بەدیداری بگەم کەچی ئەو هیچ وەڵامێکی نەبووە)).

**ئاڤان فارس**

www.netewe.com

## سارا رایشەلت:

# زۆربەی کات ئازادی لەژێر هەڵگرتنی باری قورسدا دەستەبەر دەکرێت



سیروان رەحیم- ئەڵمانیا

سارا رایشەلت (١٩٦٤)، ئەکادیمیکار، نووسەر، دەروونناس، ئایِنناس و جوولەکەناسە. ئەو دۆستی کوردە، لەگەڵ نووسەری ئەم دێڕانەدا کۆمەڵەشیعری شێرکۆ بێکەسیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و بەناوی پاییزە میوان و هاوینی ٢٠٠٩ چاپیان کردووە. خاتوو رایشەلت، لەم دیدارەدا باس لە کۆمەڵێ شتی سەرنجڕاکێش دەکات. ئەو وەک ژنێکی ئەورووپایی سەبارەت بەکۆمەڵێ بابەت دید و جیهانبینی خۆی ئاشکرا دەکات.

لەوەڵامی مندا سەبارەت بەگەشتی ئەو لە رۆژهەڵات، یان ئایا سەرتان لەو ناوچەیە داوە، خاتوو رایشەلت دەڵێت: نازانم بۆ تۆ رۆژهەڵات کوێیە؟ بەڵام بۆ من رۆژهەڵات، بەمجۆرەیە: رۆژهەڵاتی نزیک، جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بێ وڵاتانی ئاسیای باشوور، بەڵام هەروەها تورکیا، ئێران، ئەفگانستان، پاکستان و باکوری ئافریقیایش. من هەمیشە سەرم لەم وڵاتانە داوە، بەڵام نەک وەک گەشتیارێکی ئەورووپایی بۆ مەبەستی خۆدانەبەر خۆر، بەڵکو مینا گەشتیارێکی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوە، فێربوون و ئاشنابوون بەوانیتر گەڕاوم. ساڵی ١٩٨٧ شەش هەفتە لە فەلەستین و ئیسرائیل بووم، هەروەها ساڵێ ٢٠٠٢ جارێکیتر لەهەمان ناوچە دوو هەفتەم بەسەر برد. ساڵی ١٩٩٨ سێ هەفتە لە میسر بووم. دوو هەفتەم لە تونس لەساڵی ١٩٩٥بەسەر برد. ساڵی ١٩٩٩ جارێکیتر دوو هەفتە لە تونس بووم، ساڵی ٢٠٠٤ دوو هەفتەیش لە سوریا بووم. لە ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە زۆر سەردانی تورکیام کردووە. ساڵی ٢٠٠٧ دە هەفتە لەئیستەنبوڵ ژیام. سێ هەفتەیش بەرۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا گەڕام. لەوێوە بەسنووردا هەفتەیەک بەپێ گەڕام و بەرەو ئێران چووم. ماوەیەکی کورت لەمەوبەر هەفتەیەک لە مەغریب بووم، لە کازابلانکا و بەرنامەم وایە لە پاییزی ئەمساڵدا سەرێک لەوێ بدەمەوە.

وەک لە زاری خۆیەوە دەبیستین، خاتوو رایشەلت بەردەوام لە گەڕانی ئەو ناوچەیەدا بووە. ئایا ئەو زمانە هاوبەشە چییە کە ئەم دەتوانێ لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەدا قسەی پێبکات. چونکە ئەو دەڵێت کە بۆ ئاشنابوون و فێربوون ئەو گەشتانە دەکات. لە وڵامی پرسیاری مندا سەبارەت بەو زمانانە چین لەوێ قسەیان پێدەکات، خاتوو رایشەلت دەڵێت: جگە لە زمانی ئیسپانی و ئیتالی، هەموو ئەوانی دیکە لەو ناوچەیە بەکەڵک دێن. لە فەلەستین- ئیسرائیل لەگەڵ ئیسرائیلییەکان بە عیبری و بە ئینگلیزی قسەم دەکرد. لەگەڵ فەلەستینییەکان بە ئینگلیزی. ئەو دەمە هێشتا عەرەبیم نەدەزانی. لە تونس بەشێوەیەکی بنبڕ فەرەنسی قسەم دەکرد. لە مەغریب بەهەمانشێوە، بەڵام کەمێکیش عەرەبی دەڕوات. دیارە زمانی عەرەبی یەکگرتوو کە من دەیزانم لە مەغریب خەڵکی سەر شەقام نایزانن و نەمدەتوانی قسەی پێبکەم. ئەو دەمەی لە میسر بووم تەنها بەئینگلیزی قسەم دەکرد. بۆ گەشتی سوریا، لەکاتی خۆیدا کۆرسێکی چڕی عەرەبیم وەرگــــرت. لە ژیانی رۆژانـەی سوریامدا عەرەبییەکەم باش بەکەڵکم هات. هەرچەندە ناوبەناو فەرەنسی یان ئینگلیزیشی تێدەکەوت. لە تورکیا لەساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە تەنها بەزمانی تورکی قسە دەکەم. لە گەشتی یەک هەفتەییمدا بۆ ئێران، ئازەربایجان، تەبریز و ورمێ، تورکییە ((ئیستەنبوڵییەکەم (( زۆرتــر بەکەڵکم هــات وەک لــە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. لە تاران دەمویست بەزمانی فارسی قسە بکەم، چونکە لەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ بەدواوە لەچوارچێوەی سەمینارەکانی تایبەت بەرۆژهەڵاتناسیدا، لە زانکۆی کۆڵن، وەکو میوانی گوێگر فێری ئەو زمانە دەبم.

پرسیار: لە کوردستان بوون، ئەگەر نا، دەتانەوێ سەفەری کوردستان بکەن؟

سارا: بەداخەوە تائێستا لە کوردستان نەبووم. من لەرێگەی هاوکار و هاوڕێیەکی کوردمەوە زانیاری باشم سەبارەت بەکوردستان بەدەستخستووە. دەمێکە بۆ من ئـەو وڵاتـە، خەڵکەکەی و کەلتوورەکەی سەرنجڕاکێشن. هەرچەندە من بەداخەوە کوردی (سۆرانی) حاڵی نابم، بەڵام دەمەوێ لەساڵانی داهاتوودا گەشتێگ بۆ هەولێر بکەم. ئەو هاوڕێیەم کە باسم کرد، تائێستا هەشت

شیعر و نووسینێکی کورتی منی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. دەمەوێ لە گەڵ ئەنیستیتوتی گوێتە لە هەولێر بەهاوبەشی کۆڕێک بگرم. ئەمە دەبێ کاری بۆ بکرێت. کێ یارمەتیم دەدات؟ ئەم گۆڕینەوە کەلتوورییەو ئەوەیش کە دەقی من بەکوردی هەن بەجۆرێکی زۆر بەختەوەرم دەکات.

پرس: تۆ لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارێکدا پێکەوە شیعری کوردیتان کردووە بە ئەڵمانی. سەبارەت بەو ئەزموونە چی دەڵێیت؟

سارا: بەڵێ. نزیکەی ٦٥ شیعری شێرکۆ بێکەس بوون. کە وەک پاییزە میوان لەساڵی ٢٠٠٩دا بڵاوکرانەوە. ئەو هاوڕێیەم منی بانگهێشت کرد تا کار لەو پـرۆژەیـەدا بکەم. هەرچەندە من کوردیـ کرمانجی ناڤین نازانم، بەڵام ئەو گوتی من شیعرەکان دەکەم بە ئەڵمانی و تۆ بیانکە بەزمانە شیعرییە ئەڵمانییەکەی خۆت و بە زمان بیانهێنە دنیاوە. تەواو بەوجۆرە منیش ئەو هەستە ژیـام. بێگومان هەموو وشەیەک کە گۆڕیبێتم یان دەستکاریم کردبێت لەگەڵ ئەو هاوکارەم قسەم لەسەر کـردووە. دەبێ ئەوە باشتر بووبێت کە من کوردی نازانم. بەو شێوەیە من وامکردووە کە لەو کەرەستە خاوە، بێئەوەی خۆم بەدەقە کوردییەکەوە گرێبدەم، هەوڵمداوە بەشێوەی شیعر بیانگوێزمەوە. بێگومان وەک ئەوەی کە شێرکۆ گوتویەتی. ئەو شیعرانە بۆ من وەک شیعری خۆم بن، وەهایە لەلام. لانیکەم ئەوکاتەی کە کتێبکە چاپکراو گرتمە دەستمەوە، خۆم وەکو دایکێکی سەربەرز هەست پێدەکرد.

پرس: ژنانی کورد لە ئەڵمانیا دەناسیت؟ راتان بەرانبەر بە ژنانی کورد لە ئەڵمانیا چییە؟ دەبێ چی بکرێـت، بۆ ئەوەی زۆرتر سوود لەبوارەکان وەربگرن لەو وڵاتە؟

سارا: ئەو ژنانەی کە من لێرە دەیانناسم، زۆر رۆشنبیرن و باش لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانیادا خۆیان گونجاندووە. ژنانی دیکەی کورد لەوانەیە کێشەیان هەبێت، بەتایبەتی، ئـەوانـەی کە ئاستی خوێندنیان کەمە. چونکە ئاستی خوێندن گرنگە، کە ئەوان بواریان بۆ بڕەخسێت خۆیان لەگەڵ ژنانی تر، کە زمانی ئـەوان دەزانن، کارێکی هاوبەش یان شت گۆڕینەوەیان هەبێت. لەچوارچێوەیەکی زەمینە لەباردا زمانی ئەڵمانی فێرببن. بۆ نموونە لەشارەکەی ئێمە مەڵبەندی پێکگەیشتن و فێربوونی تایبەت بەژنانی موسوڵمان هەیە. لەوێ ژنانی کوردیش هەن کە ئەڵمانی فیر دەبن، پەیوەندی هاوڕێیانە دروست دەکەن و هەروەها دەتوانن راوێژکاری کوردیان هەبێت و بەزمانی کوردی قسەیان لەگەڵ بکات. دیارە ئەگەر کێشەو گرفتیان هەبێت، لەباری خێزانداری یان کـاری فەرمی دەوڵەتییەوەو پێویستیان بەهاوکاری هەبێت.



سارا رایشەلت

پرس: ئێمە لە گۆڤاری وارڤین، لە شوێنێک کار دەکەین سەبارەت بە پرسی ژن، کە تائێستا بەزۆر بەشوودان هەیە، فرەژنی هەس، تەنانەت خەتەنەکردنی کچان هەیە. تۆ وەک ژن و وەک نووسەر چۆن لەو رەوشە دەڕوانیت؟ دەتەوێ سەبارەت بە ئازادی و مافی ژن چ بڵێیت؟

سارا: بێگومان من لەگەڵ مافی چارەنووسی هەموو کەسێکدام، لەوێوەیش هەموو ژنێک. بەڵام من نامەوێ وەک نوێنەری، وەک دەڵێن ((دنیای رۆژئاوا)) ئازادی یان نائازادی ژنانیتر هەڵسەنگێنم. یان بینرخێنم. کە لەناو کەلتوور و کەشێکی تـەواو جیاوازدان. لەچوارچێوەی نەریتێکیتر دان، نرخگەلیتر و پێودانگی ئاکاریتر دەژین. من پێموایە ئـــازادی تێگەیەکی رێـژەیـی هـەس. هـەروەهـا گەلێک لە ((ژنـانـی مـۆدێـرن))یـش لـەگـەڵ کۆمەڵێ کێشەی وەکو: سترێسی ژیان لەنێوان کار و پەروەردەی منداڵدا، و لەگەڵ ناچاری، جوانی، مانەوە بەگەنجێتی و دڵکێشانە،دا دەژین، و ((ئازاد)) نین. سەرباری ئەوە ئازادی، نزیکەی هەموو شت رێگە پێدراو بێت، و ناچاری کردنی هەموو شتێک بیت، ئەمە بێگومان بۆ هەموو کەسێک نابارێت. بەزۆری ئەو ئازادییە لەژێر هەڵگرتنی باری قورسدا دەستەبەر دەکرێت، جارنا ژی بە گۆشەگیری و دابڕان لە کۆمەڵگە دەشکێتەوە. ((ئێمە))، ئێستا من وەها قسەکە دەکـەم، ئێمە بەوجۆرە ((ئـازادیـن)) کە بۆ نموونە، ((ساڵانی بەرهەمداریمان)) دەستکاری بکەین و بیکەین بەساڵانی بێبەرهەمی، وە ساڵانی ((بێبەرهەمیمان)) دەستکاری بکەین و بیکەین بەبەرهەمداری. ئێمە ئەوەندە ئازادین، کە دەتوانین یان دەکرێ هەر چەندساڵ جارێک هاوسەرەکانمان بگۆڕین، ئێمە ئەوەندە ئازادین کە ناچارنین دایک و باوکی پیرمان خزمەت بکەین، ئێمە ئەوەندە ئازادین، کە دەتوانین پەیوەندی بێسزادان بەو خێزانانەوە ببڕین کە سەر بەوانین، ئێمە ئەوەندە ئازادین، کە دەتوانین بڕوێن و کار بکەین، تا ئەوکاتەی ماندوێتی بڕستمان لێدەبڕێت، بەڵام چونکە وایە، ئایا ئێمە بەختەوەرترین.

بۆ ئەوەی خراپ لە من حاڵی نەبن:

مـن لـــە ((دژی)) بـەزۆر بـەشـوودانـم. من لـــە ((دژی)) فـرەژنـیـم، مـن لـــە ((دژی)) خەتەنەکردنی کچانم، بەڵام من پێموایە، مرۆڤ دەبێ زۆر ئاگادار بێت، لەسکاڵاکردن لە خراپ بەڕێوەبردن لە کەلتوورەکانیتر و لەبری ئەوە باشترە بیر لەکێشەکانی کەلتوورەکەی خۆمان بکەینەوە.

دواجـــار ویستمان خاتوو ســارا رایشەلت،



www.netewe.com




بەرگی دیوانی شێرکۆ بێکەس بە زمانی ئەڵمانی. وەرگێڕانی سارا رایشەلت و سیروان رەحیم

پێناسەیەکی پەیوەندی خۆی بە دنیای زمان و ئەدەبیاتەوە بکات. لەوبارەیەوە پرسیارمان لێکرد و ئەویش سەبارەت بە سەرەتا و چۆنییەتی دەستپێکردن گوتی:

ناتوانم بەکورتی پەیوەندیم بەدنیای ئەدەبیات و زمانـەوە پێناسە بکەم. من ئەدەبیات و کەلتوور دەژیـم. شێکیتری هەرگیز سەرنجی منی رانەکێشاوە. بێگومان بەچاوپۆشین لە ئەڤین، لە واتـە گشتگرەکەیداو هاوڕێیەتی. جگە لەکەسانێکی کەم کە لەدڵمدا شوێنی بەردەوامیان هەیە، تەنها زمان و ئەدەبیات دەژیم و خۆشەویستیان لەگەڵ دەکەم. خۆشیانم دەوێ و لەگەڵیان دەژیم. لەمنداڵییەوە من ویستومە زمانی بیانی فێر ببم و ببمە نووسەر. چەند بەتەمەنتر ببم، ئەوەندەیش لە بڕیاری سەرەتام نزیک دەکەومەوە.

بەمجۆرە لەگەڵ یەکەم زمانی بێگانە دەستم پێکرد: کە نۆ ساڵان بووم دەمویست دەقی گۆرانی گۆرانیبێژێکی فەرەنسی تێبگەم، دایک و بابم ئەو ئازارەیان کێشا، ئازاری وەرگێڕان، تا گەشتێکمان بۆ بەشی فەرەنسی زمانی سویسرا کرد و لەوێ مامۆستایەکی تایبەتی زمانیان بۆم جۆر کرد. یەکەمین وشەی فەرەنسی کە فێربووم ((فیل)) بوو ((ئەلەفانت)) چونکە لەئەڵمانیدا هاوشێوەیە، بێهیوای کردم. وشەی پاپیلیۆن – پەپوولە، شتێکیتر بوو بۆم. بەڵام لەهەمووی خۆشتر فەرهەنگی بچووک بوو بۆ گـەڕان بـەدوای نـاوی خـواردن و حاڵی بوون لەکارتی خوارنگە. کاتێک لەخوارنگەیەک لە وشەدا نوقوم دەبوون، کە ئێستایش بەزۆری هـەروام، بەرەو دەرگای شووشەبەند دەچووم و هەندێ کەس کە منیان دەبینی، هاواریان دەکرد ((ئاتەنتسیۆن)) ئاگادار بە. فێر دەبووم کە ئاگادار بە بە فەرەنسی چییە. پاشان بەو وشەیە دایک و بابم ئازار دەدا، بەدرێژی ژیان، ئەگەر پێویست بوایە یان نا.

لەگەڵ ئەدەبیاتیش وەها دەستم پێکرد:

بەرانبەر بەئەوانی دی، من هەرگیز منداڵ یـان لاوێـک نـەبـووم، کـە کتێب ریـز بکەم، ئەمڕۆیشی لەگەڵ بێت من کەمتر چیرۆک و داستان دەخوێنمەوە. چونکە لە نووسینی خۆمم دادەبڕن. نزیکەی، تەنیا ئەو رۆژنامانە دەخوێنمەوە، کە زانیاریم پێدەبەخشن و بەشێوەیەیکی خۆشدەست بەهەرەم پێدەبەخشن. یان هەندێ کتێب کە زۆر ئەدەبین، بۆ ئەوەی خۆم لەزماندا خۆشحاڵ بکەم. یەکەم نووسینێک کە بۆ من ئەفسوون بوو، دەقەکانی ژان پاول سارتەر بوون. ئەو دەمە زۆر لەگەڵ حەزکردنی من بۆ زمانی فەرەنسی دەگونجان. کاتێک من لەفێرگە بەپازدەساڵی وەکو سێهەمین زمانی بیانی فەرەنسیم دەستپێکرد، لەو تەمەنەداو پاش خوێندنەوە سەبارەت بەبوونگەرایی و بەرهەمی ئەو نووسەر و فەیلەسووفانەی سەر بەو رێبازەن، شتی زۆرم بۆ ئاشکرا بوو. پاش شەش مانگ لەفێربوونی فەرەنسی هەوڵمدا سارتەر بەزمانی ئەسڵی خۆی بخوێنمەوە، بێگومان زۆر سەخت بوو، زۆرتـر تەماشای فەرهەنگم دەکرد وەک لەوەی بەرهەمەکە بخوێنمەوە. بەڵام هەستێکی زۆر جوانم لا پەیدا بـوو. چ رێزێکە سارتەر لێم دەنێ، دەقی رەسەنی دەخوێنمەوە، باوەڕ ناکرێت، کە ئەو بەوجۆرە مۆڵەتی نزیکبوونەوەم دەدات.


www.netewe.com

# دەستدرێژی سێکسی دژ بەژنان

کتێبی (دەستدرێژی سێکسی دژ بەژنان) لە نووسینی کنێر عەبدوڵڵا لە١٦ بەش پێکهاتووەو نووسەر تێیدا پێناسە، پۆلێن و جۆرەکانی دەستدرێژی سێکسی دژ بەژنانی، خستووەتەڕوو. هاوکات لەو کتێبەدا شیکردنەوە لەبارەی دەستدرێژی سێکسی لەشوێنی کار دا خراوەتەڕوو و تایبەتمەندی و شێوازەکانی دەستدرێژی سێکسی دەستنیشان کراوەو ڕوونکراوەتەوە کە ئایا دەستدرێژی سێکسی دژ بەژنان، تایبەتمەندییەکی نێرینەی هەیە؟ پیاوان بەکام پێوەر دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر ژنان دەکەن؟ نووسەر هەروەها هۆکارەکانی دەستدرێژی سێکسی دەستنیشان کردووەو هەڵوێستی ئەو ژنانەی کە دەستدرێژیان بەرامبەر دەکرێت دیاریکردووە کە بۆچی ژنان دەستدرێژیی سێکسی دەشارنەوەو دەیانەوێت بەنهێنی بمێنێتەوە؟ ئایا دەستدرێژیکردن لەئاستی حاڵەتدا ماوەتەوە، یاخود بووەتەوە دیاردە؟ ئاسەوارو کاریگەرییەکانی دەستدرێژی سێکسی لەسەر ژن، کامانەن؟ ئاماری وڵاتانی دونیا لەسەر دەستدرێژی سێکسی دژ بەژنان، لەچ ئاستێکدایە؟ ئەوانەی لەشوێنی کاردا دەستدرێژی دەکەن و دەستدرێژیان دەکرێتەسەر، کێن؟ ڕۆڵی یاسا تایبەت بەم دیاردەیە لەشوێنی کاردا چییە؟ چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوەی دەستدرێژی سێکسی کامانەن؟ وێڕای وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە، نووسەر لەسەرەتادا پێناسەی دەستدرێژی سێکسی، کردووەو بەوردی هۆکارەکانی دەستنیشانکردووە. هاوکات جۆر و شێوازەکانی دەستدرێژی سێکسی خستووەتەڕوو کە زۆرجار وەک هەڕەشە بۆ ئامانجێکی سیاسی، یان ئابووری و کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە. دیاریکردنی هەڵوێستی ژن یان بێدەنگی ئەو ژنانەی کە قوربانیانی دەستدرێژی سێکسین، بەهۆی زاڵبوونی دابوونەریت، جارێکیتر دەبنەوە قوربانی، دیاریکردنی هۆکارەکانی بێدەنگبوونەکە، جێی دەستخۆشی نووسەرە. قسەکردن لەو بابەتە، کە یەکێک لەبابەتە هەستیار و گرنگەکانە، جورئەتێکە کە تائێستا وێڕای هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لەقوربانیانی ئەو جۆرە دەستدرێژییە، کەم کەس خۆی لەقەرەی داوە. نووسەر، یاسای هەندێ لە وڵاتانی وەک ئوردن و مەغریبی بۆ سزای ئەنجامدەرانی دەستدرێژی سێکسی خستووەتەڕوو و ئاماژەیە بەوە کردەوە کە بەشێوەیەکی گشتی، لاوازی و سستی یاساکان، ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕەوشی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە هەیە. لەوانەشە ئەوە لەناهۆشیاری کۆمەڵگەو لاوازکردنی ڕۆڵی ژندا، خۆی ببینێتەوە کە لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دانەنراوەو وەک پێویست لەیاسادا جێی نەکراوەتەوە.

هەروەها ڕەخنە لەیاسای هەرێمی کوردستان دەگرێت کە تائێستا بەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١، ساڵی ١٩٦٩ کار دەکات و دەڵێ ئەو یاسایە پێویستی بە گۆڕینە. چونکە سزای ئەو کەسانەی کە بکەری ئەو جۆرە دەستدرێژییەن، سزای بژاردنی مادی ١٠٠دینار و زیندانیکردنە، بەمەرجێک لەساڵێک کەمتر نەبێت. نەبوونی سزایەکی شیاو و بێهیوابوونی ژنان، لەوەی دەسەڵات یان یاسایەک نییە کە مافیان وەرگرێت و داکۆکییان لێ بکات، یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی بێدەنگبوونی ژنان، لەئاستی ئەو کردارە قێزەوەن و نەویستراوەی ژنان. لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەم کتێبە چووەتە نێو هەندێ وردەکاری و دەتوانرێت هزرێکی باش یاخود سەرەتایەک بێ بۆ کارکردن و توێژینەوە لەبارەی دەستدرێژی سێکسییەوە.

بەهرە حەمە ڕەش



# مەساجی



## ڕێگا
## بۆ
## نوێکردنەوەی
## پێست

www.metewe.com

# گیایی



**میدیا خاوەنی ئارایشگای ماهرخ**
**هەولێر - شۆرش شەقامی حەدیدوخەشەب - پشت نادی بروسک**

**مەساج پێویستیەکی هەمیشەیی پێستە، بۆ ئەوەی بەرگێکی تازەو جوان بە پێست ببەخشێ، لەو ماددانەی لە هەوا هەن، پاکی بکاتەوە، دەبێتە هۆی گیرانی کونیلەکانی دەموچاو، رێگە لە گەشەکردنی و نوێبوونەوەی چینە نوێیەکانی دەموو چاو دەگرن.**

هەولێر

رێگاکانی پاککردنەوەی دەمووچاو بەمەساجی گیایی:
بەر لەدەسپێکردنی مەساجەکە، پێویستە جۆری پێستی دەمووچاو بزانرێت کە ئایا وشک، چەور یان ئاساییە، چونکە هەر جۆرێک لەمپێستەی دەمووچاو، شێوە گیراوەی تایبەتی پێویستە، ئەگەر بەوشێوەیە نەبێت سوود لە مەساج وەرناگیرێت. بەر لەدەستپێکردنی قۆناخەکانی مەساج، بەکریمێکی گیایی دەموچاوەکە چەور دەکرێت، ئەمەش بۆ نەرمکردنەوەی دەمووچاوە.

## قۆناغی یەکەم

هەڵم بەکاردێت، لەم قۆناخەش دەبێت رەچاوی جۆری دەمووچاوەکە بکرێت، تابزانرێت رووحسارەکە وشک، چەور یان ئاساییە، چونکە بە پێی جۆری دەمووچاو، جۆری گیا دەخرێتە ناو هەڵمەکەوە.

## قۆناغی دووهەم

دوای نەرمبوونەوەی دەمووچاو بەهۆی هەڵم، بەسنارەی تایبەت دەمووچاو پاکرێتەوە، تا ئەو زیپکانەی زیوانی تێدایە دەری بکەین، بەڵام بە وریاییەوە، بۆئەوەی دەمووچاوەکە لە روشان و برینداربوون، بەدووربێت. پاشان بەمەبەستی پاککردنەوەی دەمووچاو، کرێمێکی تر بەکاردەهێنرێت.

## قۆناغی سێهەم

تا پێستی دەمووچاو، توندبێتەوە، بۆ ماوەی ٢٠ خولەک، قیناع بەکاردێت.

## قۆناغی چوارەم

بۆچالاکبوونەوەی کونیلەکانی پێست، کرێمی هاڕاوەی قەیسی، بەکاردەهێنرێت، بۆماوەی ٥ خولەک بە دەمووچاو دەمێنێتەوە. بە ئامێر پەرت و مەساجی دەکەین.

## قۆناغی پێنجەم

هاڕاوەی باوی کە تێکەڵەی رۆنی باوی و باوییە، دەکرێتە سەر دەمووچاو، بۆ ماوەی ٧ خولەک، مەساج دەکرێت.

## قۆناغی شەشەم

جەوانەی گەنم کە بریتیە لە هاڕاوەی، توێکڵی گەنم، شیر، هەنگوین، لە پێستی دەمووچاو دەدرێت، پاشان هەڵمی ساردی لێدەدرێت و بۆماوەی ١٥ خولەک دەمینێتەوە.

## قۆناغی حەوتەم

دەمووچاو بە ئاوی شیرتێن، دەشۆردرێت و بۆ پارێزگاری کردن لەپێست، کرێمی دژە خۆری لێدەدرێت.

www.netewe.com

# ئەستێرەی وارڤین

**کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟**

بێژەری هەواڵ لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، بەشی ئابووری

**چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟**

بێژەری، حەزی منداڵیم بوو

**نزیکترین یان خۆشەویسترین کەست؟**

خۆشەویسترین و نزیکترین کەسم، ئارۆی کورپە

**10 خۆشترین گۆرانی بەڕای تۆ:**

١-موعین ئەسفەهانی: قەسەم
٢ - عەدنان کەریم: هەناسەی ئاشقان
٣-کانی: ئەی خودا
٤-ئەژدەر وەهبی: تەبیبی ئەشق
٥-لەیلا فەریقی: لێو
٦-مەرزیە فەریقی: بەڵێن بدە
٧-زیاد ئەسعەد:پێی بڵێن
٨-کەریم کابان: تەمەن
٩-سەلاح داودە: ئاشقی مەست
١٠-هانی: سەندرێلا



### پرۆفایل

**ناو:** نیان عەلی محەممەد
**رەگەزنامە:** کوردستانی
**باری خێزانی:** خێزاندار
**ئاستی خوێندەواری:** دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکان، مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی
**شوێنی نیشتەجێبوون:** سلێمانی، گەڕەکی بەختیاری

www.netewe.com

# ئەستێرەکان


## کاور



٣/٢١ – ٢٠ – ٤

هەوڵبدە کاتەکانت بەباشی رێکبخەیت و لەشتی بێسوددا بەفیڕۆی نەدەیت، چونکە لەبەرژەوەندیت نیە. لەرووی سۆزداریەوە گرنگییەکی زیاتر و خۆشەویستیەکی زیاتر بۆخۆشەویستەکەت دەرببڕە.

## گا



٤/٢١ – ٢٠ – ٥

پێشنیاری کارێکی گرنگ دەخرێتە بەردەست، هەوڵبدە لەسەرەتاوە پێش ئەوەی کارەکەی ئێستات بەجێبهێڵیت، زانیاری تەواو وەربگرە لەسەری، لەرووی سۆزدارییەوە لێبوردەتربە لەگەڵ خۆشەویستەکەتو دەرفەتی زیاتری بدەرێ.

## دوانە



٥/٢١ – ٦/٢١

ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییە لەکارەکەتدا روویانداوە، جێگەی ڕەزامەندیت نیە. هەوڵبدە خۆتی لەگەڵدا بگونجێنیت لەپێناو بەرژەوەندی خۆتدا، رێگەمەدە قسەی کەسانی تر کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر پەیوەندییە سۆزداریەکەت.

## قرژاڵ



٦/٢٢ – ٧/٢٢

هەوڵبدە بەدوای پرۆژەی وەبەرهێنانی سەرکەوتودا بگەرێیت، بۆباشترکردنی باری دارایتو دەرچوون لەو قەیرانەی پێیدا تێدەپەڕیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا مەچۆرە هیچ گفتوگۆیەکی توندەوە چونکە دەبێتەهۆی بێزاربونت.

## شێر



٧/٢٣ – ٨/٢٢

هەوڵبدە لە بریارەکانتدا، بیروبۆچونی کەسانی تریش وەربگریت تا بیرۆکەو رێگەچارەی باشتر بدۆزیتەوە، لەرووی سۆزدارییەوە دو دڵ مەبەو خۆشەویستەکەت ئاگاداربکەرەوە لەهەستەکانت.

## کوڵەگەنم



٨/٢٣ – ٩/٢٢

پێویستە زیاتر پابەند بیت بەیاسای کارەکەتو کاربکەیت بۆجێبەجێکردنیان، لەرووی سۆزداریەوە هەستدەکەیت کەتویتەتە ناو خۆشەویستیەکی راستەقینەوە، هەوڵی پتەوکردنی دەدەیت.

## تەرازوو



٩/٢٣ – ١٠/٢٣

پێویستە لەکارەکەدا زیاتر هەوڵبدەیتو شارەزایی تەواو وەربگریت، تا نەکەویتە هەڵەوە، ئەمرۆ بریاری کۆتایی دەدەیت، بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵخۆشەویستەکەت.

## دووپشك



١٠/٢٣ – ١١/٢١

ئەمرۆ دوچاری سەرسوڕمان دەبیتەوەو نازانیت لەکارەکەتدا، بەردەوام بیت یان لەپرۆژە تایبەتەکەتدا قاڵبیتەوە، لەرووی سۆزداریەوە رەخنە لەهەمو شتەکانی خۆشەویستەکەت مەگرە تا نەبێتە هۆی بێزاربونی.

## کەوان



١١/٢٢ – ١٢/٢١

هەستدەکەیت ئەمرۆت لەدەستچووە، بەهۆی کەڵەکەبونی کارەکانتو ئەو بەرپرسیارێتیەی خراوەتە سەرشانت، لەرووی سۆزدارییەوە هەست بەجێگیربوون ناکەیتو دەتەوێت خۆت لەم پەیوەندییە رزگاربکەیت.


## گیسك



١٢/٢٢ – ١/١٩

هەوڵبدە ئەمرۆت لەکاری باشدا بەکاربهێنیتوهەوڵی بێزارکردنی کەسانی تر نەدەیت، داوای یارمەتی لەخۆشەویستەکەت بکە، تا لەکارەکانتدا یارمەتیت بدات، تا تەندروستیت بەرەوخراپ بون نەڕوات پێویستە گرنگیەکی زیاتری پێبدەیت.

## سەتڵ



١/٢٠ – ٢/١٨

ئەمرۆ لەهەر بریارێکی پەیوەست بە وەبەرهێنانی داراییەوە، دوربکەوەرەوە چونکە بەخت یاوەرت نابێت، پێویستە کاتێکی زیاتر لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بەسەربەریت تا بێزارنەبێت لێت.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩ – ٣/٢٠

ئەمرۆ سەرکەوتنێکی بێ وێنە بەدەست دەهێنیت، لە میانەی پرۆژەیەکی سەرکەوتو کەخۆت بەرێوەی دەبەیت، لەرووی سۆزدارییەوە واقعی بەو بەدوای روکەشدا مەگەرێ لەپەیوەندیەکەتدا.

www.netewe.com




## رۆبن هوود...

# ئەو تیرهاوێژەی نەیهێشـ

سڵاو ماریا ئازیزەکەم دەزانم یەکتر نابینینەوە، بەڵام دڵنیام لەدنیای ئەودیودا دەتبینمەوە. ئازیزم رۆژیک دێت پاشا بگەڕیتەوەو کۆتایی بەو ستەمەی ئێستای کوێخاکان بهێنیت. ئەو چەند رستەیە لە رۆبن هوود، ئەکتەری سەرەکی دراماکە پێشکەشی ماریای خۆشەویستی کرا کە هەمیشە لەخەیاڵی رۆبندا بەنەمری یادی دەکرایەوە. درامای رۆبن هوود لەکەناڵی ئیفێکتی لۆکاڵی دۆبلاژکراوە، بەسەرهاتی بارودۆخی سەردەمی ئینگلتەرا دەخاتەڕوو کە ئەوکات پاشای گەورە لەخاکی پیرۆز لەگەڵ سەلاحەدینی سەرکردەی موسلمانان شەڕی کردووە. لە ئینگلتەرا پاشای گەورە نوێنەرێکی وەک کوێخای بچووکی جێهشتبوو، بەڵام ئەو کوێخایە هەمێشە ستەمی لەخەڵک دەکرد و لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بەپیلانێکی ئامادەکراو پاشای گەورەی ئینگلتەرا بکوژێت. زۆربەی دیمەنە جوانەکانی ئەو درامایە لەژیانی رۆبن هوودەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو بەتواناو دەستکارامەیی لەتیرهاوێژیدا بەرگری لەگەلی بەریتانیا بۆ تێکۆشان لەدژی کوێخای بچووک و پارێزگاریکردن لەپاشای گەورەی دەکات. رۆبن هوود لەمنداڵیەوە تیرهاوێژێکی بەناوبانگەو بەرگری لەچینی هەژاران کردووە، بۆیە لای کوێخای بچووک تاوانبار دەبێ و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا لەدراستان ژیانی بەسەر دەبرد. رۆبن، جیا لەوەی بەرگریکاری چینی هەژارانی ئینگلتەرایە، ئومێدی ئەوەشی هەیە کە پاشای ئینگلتەرا رۆژێک دێت ئەو کوێخا دەکوژێت. لەگەڵ ئەوەشدا رۆبن، ئەڤینداری کچێکە بەناوی ماریاو ئەو کچە هیوای مانەوەی رۆبنەو لەجەنگدا سەرچاوەی هێزیەتی. کاتی رۆبن، دەچێتە خاکی پیرۆز و پاشای گەورەی ئینگلتەرا رزگار دەکات، ماریا لەلایەن کوێخای بچووک دەستبەسەر دەکرێت و لەلایەن گیسبۆن پیاوەکەی کوێخاوە





# ـــــت خۆری ئینگلتەرا ئاوابێ

دەکوژرێت. گیسبۆن، کوڕی ژنێکە کە باوکی رۆبن حەزی لێکردووە، بۆیە رۆبن و گیسبۆن لەمندالّیدا بەیەکەوە ژیاون، بەلاّم کاتێ گەورەبوون بوونەتە دژی یەکتر، چونکە گیسبۆن پالّپشتی لە کوێخای بچووک دەکرد. لەوکاتەدا رۆبن هوود دەگەڕێتەوە ئینگلتەرا لەشەڕێکدا لەگەڵ گیسبۆن بریندار دەبێت. دواتر رۆبن، کوێخای بچووک دەشکێنێت و خەڵک لەچەوسانەوە رزگار دەکات. لەو درامایەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە رۆبن هوود، بەپالّپشتی ماریانا ئەو ژنەی کە هەمیشە لەنێو خەیالّیدابوو، توانی هیوای هەموو ئینگلتەرا بەدەست بهێنێت. ماریا، وەک ئافرەتێکی پاسەوانی شەو یارمەتیدەری چینی هەژاران بوو و ئەمەش نموونەی ژنێکە کە هەمیشە لە خزمەتی هەژاراندا ژیانی کردووەتە قوربانی. لەبەشێکیتری دراماکەدا ژن لەجەنگدا هێمای بلاّوبوونەوەی پەیامی ئاشتی ئینگلتەرایە، نموونەی ئەوەش لە کیتەوە دەستپێدەکات کە لەلای رۆبنەوە وەک ماریا سەیر دەکرێت. کیت، هاوسۆزی رۆبنەو بۆشایی ماریا لە نێو سۆزی رۆبندا پڕدەکاتەوە. ریچارد پاشا (ئەو پیاوەی کە دوای کوێخای نۆتینگهام قۆناغی ستەم لە ئینگلّتەرا لەپێناو بوونی بە پاشای ئەو ولاّتە دەستپێدەکات) تەواوی هاوڕێکانی رۆبن دەستگیر دەکات و لەمەڕاسیمێکدا دەیەوێت لە سێدارەیان بدات و بوونی بەپاشای ئینگلّتەرا رابگەیەنێت. بەلاّم رۆبن، لەوکاتەدا وەک هێمای خۆر بەدیاردەکەوێت و هەموو هاوڕێکانی رزگار دەکات. دواتریش رۆبن نایەلّێت ریچارد پاشا، تاجی پاشایەتی لەسەر بنێت. بەوهۆیەوە رۆبن دەبێتە ئەو تیرهاوێژەی کە ناهێلێت خۆر لە ئینگلتەرا ئاوابێت و بەرگری لە چینی هەژارارن دەکات. دواتر بەگەڕانەوەی پاشای گەورەی ئینگلتەرا، هوود لەلایەن پاشاو هەموو خەڵکەوە ستایش دەکرێت.

www.netewe.com

# ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی

لەژمارە ١٢٨ی گۆڤاری لڤین، لەبابەتێکدا بەناوی (ڕۆژنامەکانی سێبەری پارتی لەماوەی هەفتەیەکدا یەک جۆر زانیاری هەڵەیان لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بڵاوکردەوە) ئاماژە بەوەکراوە کە گۆڤاری وارڤین، میدیای سێبەری پارتییەو ئەو زانیارییەیانەش لەبارەی شەهید سەردەشت عوسمان بڵاویکردووەتەوە گوماندەکرێت بۆ بەربەست و بەلاڕێدابردنی دۆسیەکە بێت. لێرەوە بەپێویستی دەزانین ئەوەبخەینەڕوو کە گۆڤاری وارڤین، جیالەوەی وەک یەکەم گۆڤار لەدەستپێکی ئەو ڕووداوە بایەخی زۆری بەو کارەساتە دڵتەزێنە داو لەبەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانیدا بەبەڵگەو دۆکیۆمێنتەوە زانیاری دەستخست و وەک کەیسێک لەچوارچێوەی پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانیدا بەدواداچوونی بۆکرد، بەڵام ئەوەی ئێمە نەمانکرد بازرگانیکردن بەو کەیسەو دەرنەچوون لەبێلایەنی پیشەکەمان بوو. هەروەها ئێمەنازانین گۆڤاری لڤین، بەکام سەرچاوە پشتڕاستی دەکاتەوە کە زانیارییەکانی ئێمە هەڵەن؟ ئەی بۆ ناڵێن لەبەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی بۆ دۆسیەکەی سەردەست دا، ئەوان بەکام ڕاستی گەیشتوون؟ ئەگەر زانیارییەکانی ئێمە هەڵەن، با لڤین ڕاستییەکان ئاشکرا بکات؟ ئەو چەند پرسیارە بۆ گۆڤاری لڤین جێدەهێڵین. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە سەرچاوەی دارایی وارڤین ڕوونەو لڤین دەتوانێت بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی بۆ بکات.

لڤین، ئەوەی بیرچوو کە ستافی گۆڤاری وارڤین، لەبەردەم خۆپیشاندانە گەورەکەی هاووڵاتییان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، پەیامی ئەوەی بەکاربەدەستان گەیاند کە ئێمە لەو ڕووداوە بێدەنگ نابین و بەمافی سەرەکی خۆمانی دەزانین گوشار بخەینە سەر پەرلەمان، تا بەزووترین کات بکوژانی شەهید سەردەشت بە دادگا بگەیەنرێت. بەڵام جێگەی داخە گۆڤاری لڤین، لەجیاتی ئەوەی ڕاستی ڕووداوەکە لە گۆڤارەکەماندا ببینێت، تۆمەتی ئەوەی خستووەینەتە پاڵ کە ئەو گۆڤارە سێبەری میدیای پارتییە. ئێمە لێرەدا دووپاتیدەکەینەوە کە گۆڤاری وارڤین، سێبەری هیچ حزبێک نییەو لەچوارچێوەی ئیتیک و پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانیدا بێلایەنانە کاردەکات. پێموانوایە باشترین بەڵگەش بۆ ئەم پرسە ناوەرۆکی سایتی وارڤین و گۆڤارەکەمانە. ئێمە بەرلەوەی لڤین ئاگاداری ڕفاندن و کوژرانی سەردەشت بێت، هەواڵەکەمان بڵاو کردەوە. لەهەموو کەناڵێکی تر دەستپێشخەری دەربڕینی هاوخەمی سەردەشت عوسمان بووین و ئەوەش بە ئەرکی خۆمان دەزانین کە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی بەدۆکیۆمێنتەوە لەبارەی هەر ڕووداوێک بکەین و بەردەوامیش دەبین. لێرەدا بەمافی خۆمان دەزانین کە داوا لەگۆڤاری لڤین بکەین، پێداچوونەوە بەو بابەتە بکاتەوە، لەبارەی ئەو زانیاریانەی لەسەر ئێمەی بڵاوکردووەتەوە، بۆیە ئەگەر بەخۆیدانەچێتەوە، ئەوا هەڵوێستی یاساییمان دەبێت.

**ستافی گۆڤاری وارڤین**

www.netewe.com